
# ن

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

**٢٠١٧**






| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: (ن) _ نوون |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤٢١ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: – هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

## پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٦ |
| **بەشی یەکەم**<br>**تراژیدیاییەکان لە زاری خۆیانەوە** | ٨ |
| (١) مەسیحییەکانی موسڵ تەنها پیتی (ن)یان لێ جێما | ٩ |
| (٢) بیست و چوار کاتژمێر لە زیندانی داعشدا | ١٣ |
| (٣) چیرۆکی ئەو ژنە مەسیحییەی چەند مانگێك لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوو | ١٦ |
| (٤) دایکێکی مەسیحی: ئەمیرەکەی داعش هاتە لامان و گوتی ئەو کچە ٧ ساڵیەتانم بدەنێ حەڵاڵی منە | ٢٠ |
| (٥) مەسیحییەکانی موسڵ چارەیان تەنها لە بەغدایە | ٢٣ |
| (٦) ئاوارە مەسیحییەکانی کڵێساى (مار یوسف) | ٢٦ |
| (٧) پیاوێکی کریستیانی چیرۆکی رزگاربوونی خۆی لە دەستی چەکداری داعش دەگێڕێتەوە | ٢٩ |
| (٨) کریستیانەکانی عێراق لە نێوان دابەشبوون و نادیاریدا | ٣١ |
| (٩) نوون بڕۆن لێرە | ٣٦ |
| (١٠) هاوڵاتییە مەسیحیە ئاوارەکان باس لە هەڵاتنیان دەکەن | ٣٧ |
| (١١) ئەو ڕۆژەی موسڵ داگیرکرا | ٣٩ |
| (١٢) موسڵ پاش دە ڕۆژ لە داگیرکردنی | ٤٣ |
| (١٣) ساڵی داعش لەموسڵ، شارێك هیچی لەجاران ناچێت | ٤٨ |
| (١٤) مەسیحییەکان جەژنەکەیان دەبەنە ناو چادرێکەوە | ٥٢ |
| (١٥) بۆ یەکەمجار پاش دوو هەزار ساڵ، موسڵ شارێك خاڵی لەمەسیحییەکان | ٥٥ |
| (١٦) هەڵهاتن لەدەست داعش | ٦٠ |
| (١٧)لەبەردەم بڕیارە قورسەکەدا، مەرجی مەسیحییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ موسڵ | ٦٣ |
| (١٨) ئاوارە مەسیحییەکان لە ئوردن | ٦٧ |
| (١٩) سێ کەسمان لێ کوژرا | ٦٩ |
| (٢٠) دیاری ژنەکەی ناپلیۆن بۆ مەسیحییەکانی موسڵ چی لێهات؟ | ٧٠ |
| (٢١) مەسیحییەکانی عێراق بەرێگەی جولەکەکاندا دەڕۆن | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| (٢٢) چیرۆکی کچێکی ڕفێندراوی دەستی داعش | ٧٦ |
| (٢٣) چیرۆکەکانی پێکەوە ژیان لە موسڵ، پەیوەندی نائاسایی دوو ژنی مسوڵمانو مەسیحی بەبەرچاوی داعشەوە | ٧٨ |
| (٢٤) چارەنووسی ئێزیدی و مەسیحەکان لە دەستی داعشدا | ٨٤ |
| (٢٥) پیاوێکی بەتەمەنی کریستیان لە موسڵ ڕزگارکرا | ٨٧ |
| (٢٦) شوێنە وێرانبووەکانی حەمدانییە | ٨٩ |
| (٢٧) زۆرینەی مەسیحییەکانی موسڵ ناگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان | ٩١ |
| (٢٨) ئاوارە کریستیانەکان بۆ گەڕانەوەیان داوای پاراستنی نێودەوڵەتیی دەکەن | ٩٥ |
| (٢٩) بەرتەلە داعش خاچەکانی شکاند و کڵێسایەکانی وێرانکرد | ٩٧ |
| (٣٠) بۆ یەکەمجار زەنگی کڵێسا لەباشیك لێدەدرێت | ١٠١ |
| (٣١) پێشمەرگە خاچی سەر کڵێساکانی باشیك دادەنێنەوە | ١٠٢ |
| (٣٢) لە بەحزانی خاچ خرایەوە سەر کڵێسا و زەنگ و سرووتیش گوترانەوە | ١٠٦ |
| (٣٣) دوای نەمانی داعش خاچی سەر کڵێساکان سەر پێ دەکەنەوە | ١٠٨ |
| (٣٤) خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرمان هاوکاری داعش بوون | ١١٢ |
| (٣٥) سێ دوایین ئادگاری داعشە لەسەر دیواریماڵی دانیشتوانی مووسڵ | ١١٤ |
| (٣٦) حەوت جار لەلایەن داعشەوە فرۆشرا | ١١٦ |
| سەرچاوەکانی بەشی یەکەم | ١١٧ |
| **بەشی دووەم**<br>**چەند تاوانێکی تری دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە کریستیانەکان** | ١١٩ |
| (١) مەرجەکانی داعش بۆ مەسیحیەکان | ١٢٠ |
| (٢) مەسیحییەکانی موسڵ دەستیان بە کۆچ کرد | ١٢١ |
| (٣)، (١١٠٩) هاوڵاتی مەسیحی کوژراون | ١٢٣ |
| (٤) داعش یەکێك لە کۆنترین دێری مەسیحییەکانی خاپوور کرد | ١٢٤ |
| (٥)١٦٠ هەزار مەسیحی موسڵ ئاوارەبوون | ١٢٥ |
| (٦) داعش ناو ماڵی مەسیحیەکان دەفرۆشێت | ١٢٦ |
| (٧) منداڵانی مەسیحی سەردەبڕدرێن | ١٢٧ |
| (٨) داعش بە سێ پلە جزیە لە کریستیانەکان وەردەگرێت | ١٢٨ |
| (٩) داعش کڵێسای مەریەمی عەزرایان تەقاندەوە | ١٢٩ |
| (١٠) ئاماری قوربانییەکانی پێکهاتە ئاینیەکانی عیراق | ١٣١ |

| | |
|---|---|
| (١١) داعش لە كڵێساكانی موسڵ بانگ دەدات | ١٣٢ |
| (١٢) لابردنی خاچ | ١٣٣ |
| (١٣) داعش كۆنترین كڵێسای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەقاندەوە | ١٣٤ |
| (١٤) داعش ١٢ خانوو و كەنیسەیەكیان تەقاندەوە | ١٣٥ |
| (١٥) داعش ١٥٠هاووڵاتی مەسیحی دەرفێنێت | ١٣٦ |
| (١٦) نامەیەكی بە خوێن واژۆكراو بۆ نەتەوەی خاچ پەرستان | ١٣٧ |
| (١٧) داعش ٢٩ ئەسیوپی مەسیحی سەردەبڕێت | ١٣٨ |
| (١٨) ئاشورییەكان قڕدەكرێن | ١٣٩ |
| (١٩) داعش لەناو كڵێساكان تۆبە بە مەسیحییەكان دەكات | ١٤١ |
| (٢٠) داعش ژنێكی ٨٠ ساڵانی مەسیحی دەسوتێنێت | ١٤٢ |
| (٢١) داعش كڵێسایەكی مێژوویی تەقاندەوە | ١٤٣ |
| (٢٢) ملیۆنێك مەسیحی عێراق بەجێ دێڵن | ١٤٤ |
| (٢٣) داعش خانوی مەسیحیەكان دەتەقێننەوە | ١٤٥ |
| (٢٤) داعش ئەو تاوانەشی دژی مەسیحیەكانی موسڵ ئەنجامدا | ١٤٦ |
| (٢٥) داعش ٢٥٠ منداڵی مەسیحی كوشتووە | ١٤٨ |
| (٢٦) چوار منداڵی مەسیحی سەربڕدران | ١٤٩ |
| (٢٧) داعش كڵێسایان كردووتە سەربازگە | ١٥٠ |
| (٢٨) داعش كڵێسایەكی حەمدانییەی كردووەتە كارگەی دروستكردنی بۆمب | ١٥١ |
| سەرچاوەكانی بەشی دووەم | ١٥٢ |
| زمانی وێنەكان | ١٥٣ |
| نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیكۆمێنتكردنی جینۆسایدی كورد و كوردستان | ١٧٠ |

## پێشەکی:

لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو سیناریۆیەکی مەترسیداردا دەگوزەرێ. بەهۆی شەڕی نەگریسی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە، ئەم جوگرافیە خوێناویە وەك جەنگەڵێکی لێهاتووە. ئەو گەلانەی کە نە عەرب و نە موسوڵمانن، بە ڕشتنی خوێن و کوشتن لە بندەبرێن. لەم جوگرافیەیە برینددار و دەوڵەمەند و سەرچاوەی نەوتەدا، گەلانی ڕەسەن و مێژوویی و خاوەن باوەڕی جیا جیا هەموویان لە لێواری لەناوبردندان.

لەو ماوەیەی دوایەدا، لەو دیکۆمێنتە وێنەیی و ڤیدیۆییانەی کە لە میدیاکانەوە دەبینرێ و بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبنەوە، ئەو زەمینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە جوگرافیایەك لە گۆمی خوێن و مردن. نەینەوا " موسڵ " ئەم شارە مێژووییە، وا ئەسووتێ، تەخت ئەبێ و لە جیهان دا دەنگێك دەرناکەوێ. ئەم خاکە کە سەدان ساڵ تەمەنیەتی بەرەو مەرگی ئەبەن، ئاسوری، ئەرمەنی، ئێزیدیە کوردەکان، شەبەکە کوردەکان و هەروەها بە گشتی کورد لەبەر مەترسی بنبڕکردندان. ئەیانەوێ ئەم گەلانە لە مێژوو دا دەربکرێن. دیمۆگرافیای نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاریدایە. گەلانی هەرە کۆن، لەسەر خاك و وڵاتەکەیان دەسڕڕێنەوە. لە هیچ کەسێکەوە دەنگ دەرناکەوێ. کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تالاندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.

لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلــدانیە ئاســوری و ئەرمەنیەکــان دەســووتێنرێن. ئەو مرۆڤــانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤــانە، لە مێــژەوە وەکــو قوربــانی هەڵبژێــردراون. لە ســاڵی ١٩١٥، ئەمەریکــا و ئەوروپــا، ئەمــرۆیش لە بەرامــبەر ئەم کۆکــوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکــانی داعش، ئێستاش بەڕێگــای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بــۆ ئەو کەســانەی کە تەرکــی موســڵ نــاکەن فەتــوای ســەربڕینیان بــۆ دەرکــراوە. دوای ئەو فەتــواو فەرمــانە قێــزەوەنە، ئاســووری- ســریانی- کلــدانیەکان خــاك و جێگــای خۆیــان بەجێهێشــت. لە دوا خــاڵی کــۆنترۆڵ پێشــیان لێگیــرا و هەمــوو پێداویســتی ژیــان و زێــڕ و دراو "پــارە" و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیــان غەنیمەکران و ئینجــا ئازادیــان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریــان دەکرێ. باوەڕیەکــان هێزیــان لەبەر نەمــاوە، نــرخ و بەهــا پیرۆزیەکــانی مرۆڤــایەتی لە نزمتــرین ئاســتدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێــی. لە کاتێکــدا لە جیهــان ئەگەر دەنگهەڵبــڕین و هــاوارکردن بــۆ فریادرەسی نرخ و بەها و پیرۆزیەکان کپ بکرێ، ئەو کاتە مرۆڤایەتیش تیــرۆر دەکــرێ. ئەو مرۆڤــانەی کە ترســی دڕنــدەیی و وەحشــیەت و بەربەرگەری تیرۆرســـتانی داعـــش ڕائەکەن، ئێســـتا وا لە نـــاوچە ئازادکراوەکــانی باشــووری کوردســتانن، لە شــار و دێیەکــانی ئەوێ بڵاوبوونەتەوە.
لەم پەرتوکەدا بەشێکی کەم لەو تاوان و تراژیدیانە خراونەتە روو، کە بەسەر هاوڵاتیە مەسیحیەکاندا هاتووە لە دوای هێرشەکانی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر موسڵ و دوروبەری.

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

# بەشی یەکەم
# تراژیدیاییەکان لە زاری خۆیانەوە

## (١)
## مەسیحییەکانی موسڵ تەنها پیتی (ن)یان لێ جێما

ڕەنگە مێژوو ئەوە تۆمار بکات کە دایکی نائیل دواهەمین مەسیحی بووە کە بەر لە کۆتایی هاتنی وادەکەی "خەلیفە" بەغدادی موسڵی چۆڵکردبێت، ئەو ژنە بەساڵاچووە هەرچەندە هەوڵیدا نەچێتە ژێر باری بڕیارەکەوە، بەڵام دواجار ناچارکرا ئەویش بکەوێتە شوێن ئاوارە مەسیحییەکانی تر.
زۆری نەخایەند کە مانگی هەنگوینی نێوان داعش‌و موسڵ کۆتایی هات، ئەو ڕێکخراوە هەر زوو کەوتە دەرخستنی نیازە راستەقینەکانی خۆی‌و هەڵوێستی لە بارەی ئاین‌و مەزهەبەکانی تری بەیانکرد، لەم چوارچێوەیەشدا سێ بژاردەی خستە بەردەمی مەسیحییەکانی ئەو شارە: یان دەبێت جزیە بدەن (بڕێك پارە کەسانی نا موسوڵمان دەیدەن)، یان ببنە موسوڵمان یاخود دەکوژرێن.
سەرکردەکانی داعش داوایان لە مەسیحییەکان کرد بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان لە بارەی "دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی" بخەنە روو، بۆیە فەرمانیاندا پیاوانی ئاینی مەسیحی ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی تەمموزی (٢٠١٤) لە یانەی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری موسڵ ئامادەبن.
لەم ڕووەوە دورێد توابیا راوێژکاری پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری مەسیحییەکان وتی: "پیاوانی ئاینی لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتن کە نەچنە کۆبوونەکەوە، چونکە لە نیازی داعش دەترسان‌و دەیانزانی دەخرێنە بەردەم سێ بژاردە کە هەریەکەیان لەوەی تریان تاڵترە".
کاردانەوەی داعش زۆری نەخایاندو شەوی پێنجشەممە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتبوو "خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی مەسیحییەکانی منەتبارکردووە بەوەی ڕێی پێداون گیانی خۆیان دەرباز بکەن‌و هەتا ڕۆژی شەممە ١٩ی تەمموزی ٢٠١٤ بچنە دەرەوەی سنوری دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، ئەگەرنا دوای ئەو ڕێکەوتە تەنها شمشێر لە نێوانماندایە".
کاتێك بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی بەیاننامەکە بڵاوکرایەوە خەڵکێکی زۆر گومانیان لێکرد، بەڵام هەر زوو هەموو پەیجەکانی فەیسبووکی گرتەوەو

کاتێکیش خەڵکی لە رێی وتاری هەینییەوە گوێیان لە دەقی بەیاننامەکە بوو، ئیتر دڵنیابوون کە راستەو پاش ٢٤ کاتژمێر هیچ مەسیحییەك لەو شارەدا نەما.
کاتێك نائیل گوێی لە بەیاننامەکە بوو بە پەلە چووەماڵەوەو داوای لە خێزانەکەی‌و دایك‌و خوشك‌و براکانی کرد زوو ئامادەبن بۆ ئەوەی شارەکە جێبهێڵن، کە بینی هەموویان لەو بڕیارە پەشۆکاون، پێی راگەیاندن کات نەماوەو دەبێت گیانی خۆیان دەرباز بکەن، چونکە خۆی لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەقی بەیاننامەکەی بیستووە.
لەو کاتەی ئەندامانی خێزانەکە خەریکی پێچانەوەی جل‌و بەرگەکانیان بوون بۆ ئەوەی ڕابکەن، زوو زوو لە لایەن ناسیاوە مەسیحی‌و موسوڵمانەکانەوە پەیوەندییان پێوە دەکراو داوایان لێدەکرا شارەکە چۆڵ بکەن، چونکە کات زۆر نەماوە.
دوای یەك کاتژمێر هەموو ئەندامانی خێزانەکە ئامادەبوون، تەنها دایکی نائیل (تەمەن ٦٢ ساڵ) نەبێت، ئەو رازی نەبوو خانوویەك چۆڵ بکات کە نیوەی تەمەنی تیا بەسەربردووە، هەرچەندە ئەندامانی خێزانەکەی‌و دراوسێ‌و ناسیاوەکان لێی دەپاڕانەوە، بەڵام بە قسەی نەکردن‌و مایەوە.
ئەمە یەکەمین پەلاماری داعش نەبوو بۆ سەر مەسیحییەکان، پێشتریش کە چووە ناو موسڵ، دەستیگرت بەسەر خانووی چۆڵی مەسیحییەکاندا، بەر لە هەفتەیەکیش موسڵییەکان لەوەیان دەپرسی ئەو پیتی "ن"ە چییە کە دراوە لە دیواری هەندێ لە ماڵەکان، دوایی روون بووەوە ئەمە مانای ئەوەیە خاوەنی خانووەکە "نەسرانی"ییە بە قەولی داعش.
بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو چەند ڕۆژێ دواتر ئەو ماڵانەی پیتی "ن"یان پێوە بوو لەسەریان دەنوسرا "خانووبەرەی دەوڵەتی ئیسلامی" ئەو خانووانەشی بە کرێدرابوون داوایان لێکردن لەمەودوا کرێنشینەکە کرێکە بداتە دەوڵەتی ئیسلامی نەك خاوەن ماڵە مەسیحییەکە.
ڕۆژی شەممە (١٩ ی تەمموزی ٢٠١٤) یەکێك بوو لە ڕۆژە شوومەکان بۆ مەسیحییەکانی موسڵ، چونکە سەرەڕای ئەوەی یانزە ساڵ بوو رووبەرووی کوشتن‌و فڕاندن‌و دەرکردن دەبوونەوە، بەڵام ستەمو پێشێلکارییەکەی ئەمجارە گەورەترین بوو.

بەیاننامەکەی داعش وەك خۆی بەبێ کەمو زیاد لە خاڵەکانی چوونە دەرەوە جێبەجێ دەکرا، بەو پێیەی هەر خێزانێکی مەسیحی موسڵی جێبهێشتایە دەبوو هەموو کەلوپەلەکانی لێبسەنرێت، ماڵی نائیلیش لەمە دەرباز نەبوون کاتێك ئۆتۆمبێلو پارەو ئاڵتونو تەنانەت مۆبایلەکانیشیان لێسەندرا.
هەرچەندە ژنەکەی نائیل زۆر پاڕایەوە کە ئاڵتونەکانی لێنەسەنن، بەڵام تەنانەت ملوانکەو بازنەکانی دەستو ملیشیان پێ لێکردەوەو لێیان سەند.
نائیل منداڵە بچووکەکەی خۆی گرتە باوەشو بەپێ بەرەو دەرەوەی سنووری "دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی- داعش" ڕێیان کرد، ئەوەی پێیان مابوو تەنها بڕی دە هەزار دینار بوو کە ئەویشیاندا بە تاکسییەك بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە شارۆچکەی ئەلقۆش لەسەهلی نەینەوا.
چل ڕۆژ بەر لە ڕێکەوتی ١٩ی تەمووز زیاتر لە ١٠ هەزار مەسیحی لە موسڵدا هەبوون، ئەمەش بە قسەی دورێد تۆبیا، بەڵام سەرجەمیان ناچارکران ماڵو حاڵو پارەی ناو بانكو دراوسێ موسوڵمانەکانیان بەرەو هەرێمی کوردستان سەهلی نەینەوا جێبهێڵن کە ئێستا ئەو ناوچەیەش بەدەست پێشمەرگەوەیە.
تا ئێستا ئەم هەنگاوانەی داعش لەناو موسڵدا نارەزایی بەرامبەریان دەرنەبڕاوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی خەڵکەکە ڕازین، بەڵکو دەزانن داعش دەست لە کوشتنی هیچ کەسێك ناپارێزێت ئەگەر دژی پرۆژەکەی بوەستنەوە، ئەوەی ڕوویدا تەنها دەربڕینی نارەزایی بوو لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووكو بۆڵە بۆڵی ژێر لێوی کۆڕو کۆبوونەوەکان.
یەکێك لەو وێنانەی کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگدانەوەی زۆری هەبوو وێنەی دوو کوڕ بوو کە یەکێکیان موسوڵمانو ئەوەی تریان مەسیحی، ئەم دوو گەنجە دەمێ ساڵە هاوڕێی یەکترن، کاتێك مەسیحییەکە ویستوویەتی بڕوات موسوڵمانەکە ڕێی پێگرتووەو باوەشیان کردووە بەیەکداو گریاون، کێشەکە ئەوەیە هیچیان لەدەست نایەت.
پێناچێت داعش لەم پەلامارانەی ڕابوەستێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی چوونە سەر چەند کەنیسەیەكو پەیکەرو خاچەکانیان شکاندوو وێنەو کەلوپەلەکانیان سوتاند، دوایین ڕووداویش پەلاماردانی کەنیسەی مار

بهنام بوو لە ناحیەی نەمردو لەباشووری موسڵ کە قەشەکان دەرکرانو ئاڵای داعشی لەسەر بەرزکرایەوە.
هەتا کاتژمێر ١١:٠٥ خولەکی ڕۆژی شەممە (١٩ی تەمموز) دایکی نائیل لەماڵەکەی خۆی مایەوە، هەرچەندە کەسوکارەکەی داوایان لێکرد گوێی نەگرت، بەڵام دواجار دەسەڵاتی نەما کاتێك سێ چەکداری داعش هاتنە بەردەم ماڵەکەیو خستیانە ناو ئۆتۆمبێلێکەوەو بەپەلە بەرەو دەروازەی خۆرهەڵاتی شارەکە بردیانە دەرەوە.
ئەم ژنە بەتەمەنەش وەك ئەوانی تر نەیتوانی هیچ لەگەڵ خۆیدا بباتە دەرەوە تەنها عەباکەی سەری نەبێت کە بەر لەچوونە دەرەوە گرتی بەدەستەوە.

## (٢)
## ٢٤ کاتژمێر لە زیندانی داعشدا

یەکێك لەو ژنە مەسیحیانەی کەوتە داوی چەکدارانی داعشەوە، هیوا دەخوازێ ئەوەی ئەو بە چاوانی خۆی بینیویەتی هیچ کەسێکی دیکە نەیبینێ. هەرگیز لەو بڕوایەشدا نەبووە ئاوا بەو شێوەیە رزگاری ببێ. وەك بڵێی هێشتا چەکدارە دەموچاو هەڵپێچراوەکان دەیپشکنن و لێی تووڕە دەبن، هەناسەی سوار دەبوو، دەگریا.
ئەو کڵێسایەی ماوەی ٧ ساڵە کاری تێدا دەکرێت و هێشتا هەر هەیکەلێکی ڕەق و تەقە، ئێستا بووەتە پەناگەیەك بۆ چەندین ئاوارەی مەسیحی دەشتی نەینەوا کە لە ترسی هەڕەشەکانی چەکدارانی داعش هەڵاتوون و ڕوویان لە سلێمانی کردووە.
زۆربەی ئەو ئاوارانەی لەو کڵێسایەن بە تایبەتی ژن و منداڵان، هێشتا ترس لە سەر ڕوخساریان نەڕەویوەتەوە، هەرچەندە ئەوان لە شوێنێکی پارێزراون کە سەدان کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش دوورە، ئەوان زوو زوو دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و پەنجەکانی دەستی ڕاستیان گرمۆڵە دەکرد و لە سینگ و نێوچەوانیان دەکوتا، ئەمەش وەك سوپاسگوزارییەك بۆ خودا و عیسا و مریەم.
فلۆرە ئەنوەر، لە نێو ئەو ژن و کچە رزگاربووانەدا دانیشتووە کە واتێدەگەن خودا پاداشتێکی گەورەی کردوون بەوەی دوای دەستگیرکردنیان لە لایەن چەکدارەکان، کەچی رزگاریان بووە، چونکە پێشتر زۆریان لە بارەی ئەوانەوە بیستبوو کە وەك نێچیرێکی چەور سەیریان دەکەن.
فلۆرە ئەنوەر، ژنێکی مەسیحییە و لە قەرەقووش دەژیا کە یەکێکە لەو ناحیانەی دەکەوێتە دەشتی نەینەوا و هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووە بەو ڕۆژە بگەن، وەك هەزاران کەسی دیکە خێزانەکەی ئەوانیش بیر لە خۆقوتارکردن دەکەنەوە کاتێك شەڕ بە گەرمی دەستپێدەکات، بەڵام لە گەڵ مێردەکەی و دوو منداڵی کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش.

## بڕۆن ئێوە نەسرانین

فلۆره دەڵێ ئەو و منداڵەکەیان بردوونەته ژوورێك که دوو ئافرەتی تێدابووه "دوو ئافرەتی سەرتاپا داپۆشراو تەنانەت هەستم دەکرد یەکێکیان وەك سەرخۆش قسەی دەکرد، شێوەی زمانەکەی له عەرەب نەدەچوو، ئەوانیش وەك پیاوەکان جلوبەرگی ڕەشیان لەبەر بوو، دەستیانکرد به پشکنینمان و هەرچیمان پێبوو لێیان سەندین، تەنانەت له ناو دایبی کچه یەك ساڵەکەمدا ۱۰۰۰ دۆلارێکم شاردبووەوه دۆزیانەوه و ئەویشیان برد".

له نێو ئەو زیندانەدا ماوەی ۲٤ کاتژمێر ماوەتەوه "زیاتر له ٥٠ ئافرەتی تێدا بوو، هەموو سەره کاتژمێرێک یەکێکیان دەبرد و نازانم بۆ کوێیان دەبرد، ڕۆژی دواتر من و منداڵەکانیان بەردا و گوتیان ئێوه بڕۆن، چونکه نەسرانین".

ئەو ژنه مەسیحییه دەڵێ کاتێك ئازادیان کردووه، زۆر پاڕاوەتەوه و گریاوه تاوەکو شتێك لەو پارەیەی لێیان سەندووه بیدەنەوه بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێك شیر بکڕێ بۆ منداڵەکەی "بەڵام بێسوود بوو، چونکه ئەوانەی دەرەوه زنجیرێکی سێ سەرەیان پێبوو، هەر ئەوەنده لێیان بپاڕایتایەوه بەو زنجیره لێیان دەدای، تەنانەت ئەو ژنانەی له گەڵیان بوون، وەك پیاوەکانی ئەوێ توندڕەو و بێبەزەیی بوون و له پیاوەکان بێبەزەییانەتر مامەڵەیان له گەڵ دەکردین".

**رازی نەبوون و کوشتیانن**

زیکرا نیعمەت، ئەو دەمەی دەزانێت چەکدارانی داعش هێرشیان هێناوەته سەر ناوچەکەیان، ترس دایدەگرێت، ئەو چیرۆکی هەڵاتنی خۆی دەگێڕێتەوه و دەڵێ: "هەر ئەو شەوەی دایان به سەر شارەکەماندا، ۳ کچی هاوڕێم دیار نەمان، ئەوەندەمان بیست که ئەوانیشیان له گەڵ کچه ئێزیدییەکاندا بردووه بۆ سووریا، ئیدی من له ترساندا بوورامەوه، مێردەکەم خێرا فریامکەوت و بردینی بەرەو هەولێر".

هەروەها دەڵێ، ئەوەی زۆر خەمی پێخوارد ژنێکی پیری تەنیا بوو که هەر دەگریا "چونکه دوو کچەکەیان کوشتبوو، خۆی باسی کرد که پەلاماری دوو کچەکەیان داوه بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنه سەریان، ئەوانیش بەرپەرچیان داونەتەوه و چەکدارەکانیش لەبەر چاوی دایکیاندا

یەکــی فیشــەکێکیان بەســەریانەوە نــابوو". گوتیشــی "ژیــانی ئــێمە تــازە تەواوبوو چارەنووسمان دیار نییە".
گێڕانەوەی مەینەتـی ئاوارەکـان وا بە زوویـی کۆتـایی نـایەت، بەشێك لە رزگـاربووان هێشتا بۆ ئەوانە دەگرین کە لە دەستیانداون، ئێستا ئەم ژنە وەك ئەوەیە بەسەر پشکۆی ئاگرەوە راوەستابێ، لەم ناوچەیەدا زۆر کەس دەپرسن چارەنووس بۆ کوێیان دەبات، بەڵام کەس وەڵامی لا نییە.
کەمینە ئاینییەکان دەماودەم لە باوباپیرانیـانەوە ئەو چیرۆکانەیان بیستووە کە باسـی قڕکردنـی ئەوان دەکـات، چیرۆکـی سـەردەمی عوسـمانییەکان و بەعــس و زۆربەی دەســەڵاتدارەکانی دیــکەی نــاوچەکە کە داوایــان لێکردوون دەستبەرداری ئاینەکەیان بن، ئەوانەی لە باوباپیرانیانەوە بۆیان جێمـابوون تـاوەکو ٢ی ئـاب چیـرۆك بـوون، بەڵام ئێسـتا ئیدی بـۆ ئەوان بوونە یادەوەرییەکی تاڵ.

## (٣)
## چیرۆکی ئەو ژنە مەسیحییەی چەند مانگێك لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوو

کە سەرجەم دانیشتوانی گوندەکەی لە دەستی داعش هەڵهاتن، راحیل بڕیاریدا بەتەنها بمێنێتەوە، ئەو ژنە بەتەمەنە پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەلایەن داعشەوە دەستگیرکرا، پاشان خۆیو نۆ کەسی بەتەمەنی تر ئازادکران.
کاتێك کە بینی وێنەکەی بووەتە بەرگی زۆربەی ڕۆژنامەکان، یەکڕاست ئەو کاتەی بەبیرهاتەوە چۆن گەیشتە ناوچەیەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی داعش لە نزیك کەرکوكو تێگەیشت مۆتەکەی مەرگ لە کۆڵی بووەتەوە.
راحیل تاکە کەس بوو لەو پێنج هەزار هاوڵاتییە مەسیحییەی گوندی کرملیس (٣٠کم خۆرهەڵاتی موسڵ) کە بڕیاریدا ناوچەکە جێنەهێڵێتو بەتەنها رووبەرووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە لە ژێر فەرمانڕەوایی داعشدا کە لەسەرەتای مانگی ئابی رابردووەوە سەرجەم ناوچە مەسیحی نشینەکانی دۆڵی نەینەوای کەوتە دەست، ئەو لەوێ بەتەنها لەگەڵ ئەو چەکدارانە مایەوە کە ترسو دڵەراوکێیان گەیاندە هەموو شوێنێك.
دوای رێگایەکی دوو ڕۆژەی دوورو درێژ، ئەو ژنە بەتەمەنە گەیشتە هەولێرو بەکەسوکارەکەی شاد بووەوە لە چادرگەکانی شارۆچکەی عەینکاوەی هەولێر، ئێستاشی لەگەڵدابێت خەڵك بەتاسەوە گوێ بۆ چیرۆکەکانی پێنج مانگی رابردووی دەگرن کە لە نێوان کرملیسو موسڵدا بەسەری بردووە.
زۆرکەس ئەوەیان لێدەپرسی کە یەکەمجار چەکدارەکان بینیویانە چییان کردووەو ئەو ماوەیەش کە دەست بەسەر بووە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە؟
راحیل چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "کە هاتنە ناو گوندەکە لێیان پرسیم چۆنە ڕات نەکردووە، منیش وتم ٧١ ساڵە لەم گوندە دەژیمو هەرچییەکم لێبکەن چۆڵی ناکەم".
هەروەها دەڵێت "ئەو ماوەیەی کە لە گوندەکە مامەوە (٤ی ئاب تا ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤) بەتەنها بەشەقامەکاندا دەسوڕامەوەو گوێم

بە قسەکانی ئەوان نەدەدا، تەنانەت چەند جارێکیش بەئاسماندا تەقەیان دەکرد بۆ ئەوەی نەیەمە دەرەوە".
دەشڵێت "لەگەڵ ئەوەشدا خواردنو خواردنەوەیان بۆ دابین دەکردمو هەندێ جار نەرمو هەندێجاری تر توڕەو توند بوون، لەبەر ئەوەی چەکدارەکان بەردەوام دەگۆڕان".
ئەم ژنە بەتەمەنە تاکە شاهیدێکە بەسەر ئەو دزیو تاڵانییەی داعش لەناوچەکەدا کردوویانەو چۆن پەلاماریماڵو حاڵی خەڵکییان داوە، لەم رووەوە دەڵێت "ئەوانەی بۆیان نەدەبرا دەیانشکاند، تەنانەت تانکی سەربانیشیان کون دەکرد".
ئەو ماوەیە راحیل پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ داعش نەبووە، لە کاتی گێرانەوەی قسەکانیدا ئاوری لە کوڕە مامەکەی دایەوە کە لە کەنیسەی کرملیس کاری دەکردو پێی وت "تا لە گوندەکە مابوومەوە نەمهێشت ماڵەکەتان تالان بکەن، تەنانەت وێنەی دایكو باوکتم لە دیوارەکە کردەوەو لەشوێنێکی باش بۆم هەڵگرتی".
ئامۆزاکەی لێی پرسی "ئەی بوتڵە بیرەکەی کە هەڵواسرابوو شکاندیان"، ئەویش وەڵامی دایەوە "نا نەیان شکاند، بەڵکو لەگەڵ خۆیان بردیان" لەو کاتەدا هەموو دانیشتوانی ناو چادرەکە دەستیان کرد بە پێکەنین.
چەکدارانی داعش بێهیوا بوون لەوەی راحیل گوندەکە چۆڵ بکات، بۆیە خستوویانەتە ئۆتۆمبێلێکی خۆیانەوەو بردوویانەتە خانەی بەساڵاچوانی موسڵ، ئەم بەشەی چیرۆکەکەی بە دەنگێکی خەمهێنەوە دەگێڕایەوە.
کاتێك یەکێك لە منداڵەکان پرسیاری بارودۆخی (ئیستیقرارە)ی لێکرد، لە وەڵامدا وتی "ئاە ئەو داماوە تا ئێستاش دەنگی لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە، کە بەجێمهێشت خواردنێکی زۆرم بۆ جێهێشت".
(ئیستیقرارە) ناوی پشیلەکەی راحیلە، راحیلە شووی نەکردووەو هەردوو براکەشی لە دەرەوەی وڵات دەژین، وەك کچی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەو پشیلەیەدا دەکرد.
کاتێك کەچووەتە خانەی بەساڵاچووان بارودۆخی باشتر بووە، چونکە لە ژوورێکدا داندراوە کە دوو ژنی تری مەسیحی تیا بووەو لەگەڵ ئەوانو کارمەندەکانیش کەوتووەتە قسەو ئیتر کەسێك هەبووە دەردەدڵی خۆی بۆ بکات، بەڵام لەوێش چەکدارانی داعش لە کۆڵی نەبوونەتەوەو ناوە ناوە

سەردانی خانەکەیان کردووە بۆ ئەوەی بڕوا بەکەسە بەتەمەنەکان بهێنن ببنە موسوڵمان.
لەو کاتەوە کە کەسوکارەکەی زانیویانە چووەتە موسڵ هەوڵیانداوە پەیوەندی پێوە بکەن، کوڕە مامەکەی دەڵێت "لە رێی کەسێکی ترەوە توانیم بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەمو زانیم لە ژیاندا ماوە".
لەو ماوەیەشدا ئەم ژنە بەتەمەنە بەختی نەبووە، چونکە ئامۆزاکەی هەوڵیداوە لەرێی ئەو کەسەی پەیوەندییەکەی رێکخستووە بیگەیەنێتە هەولێر، بەڵام کەسەکە دوای ئەوەی پارەی خۆی وەرگرتووە، دیار نەماوە.
یەکێك لەو چیرۆکانەی کە راحیل لەبیری ناچێتەو دادگاکەی داعشە، لەو ماوەیەی کە لە خانەی بەساڵاچووان بووە تاکە جارێك کە براوەتە دەرەوە بۆ دادگای شەرعی داعش بووە، ئەو کاتە زانیوێتی کە حەوت پیاوی تری مەسیحی لەو خانەیەدا بوونو هەموویان پێکەوە بە پاسێك براون.
راحیل باسی ئەو ڕۆژە دەکاتو دەڵێت "لە بەردەم گەنجێکی ریش درێژدا وەستاینو داوای لێکردین ببین بەموسوڵمانو بۆ ماوەی نیو کاتژمێر باسی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەری کرد، پاش ئەوە فەرمانیدا ببرێینەوە بۆ خانەکەو یەکی قورئانێکیشیان داینێ، بەڵام وەك خۆتان دەزانن من خوێندەواریم نییە".
پاش چەند ڕۆژێك لەچوونە بەردەم دادگا، بەڕێوەبەرایەتی خانەی بەساڵاچووان پێی راگەیاندوون کە ئەو دە مەسیحییە ئازاد دەکرێن، راحیل دەڵێت "بڕوامان نەکرد ئەم مۆتەکەیە کۆتایی بێتو جارێکی تر کەسوکارەکەمان ببینینەوە".
ڕۆژی دواتر براونەتە ناو هەمان پاسی پێشوو بەرەو رێی کەرکوك رۆیشتووە، پێیان وابووە ئیتر بەرەو ئەوە دەبرێن کە بکوژرێن، بەڵام پاسەکە لەنزیك سەنگەرێکی خۆڵ وەستاوەو ئەوانی داگرتووەو گەڕاوەتەوە.
چیرۆکەکە لەمەدا کۆتایی نەهاتووە، چونکە راحیلو هاوەڵەکانی کەوتوونەتە نێوان سەنگەرەکانی داعشو پێشمەرگەوە، لەو بەریشەوە لەلای پێشمەرگە رێگە نادرێت لەموسڵەوە هیچ کەسێك بچێتە کەرکوك، ئیتر بارودۆخی هەر چۆنێك بێت.

هەرچەندە دووان لەبەتەمەنەکان خاوەن پێداویستی تایبەت بوون، بەڵام دوو ڕۆژ لە بازگەیەك هێڵدراونەتەوەو رێی تێپەڕبوونیان پێ نەدراوە، تا ئەو کاتەی کەنیسەی کەرکوك بڕوایان بەپارێزگار هێناوە رێی چوونە ژوورەوەیان پێبدات، ئەم مانەوەیەش کاری لە تەندروستی بەساڵاچووەکان کردووە.

راحیل لە هەولێر وەك پاڵەوان پێشوازی لێکرا، کاتێك لەرێی بڵندگۆیەکەوە بەخەڵکە ئاوارەکەی کرملیس راگەیەندرا کە گەیشتووەتەوە، هەموویان دەستیان کرد بەهەلهەلە لێدانو دابەشکردنی شیرینیو پێشبڕکێیان بوو بۆ ئەوەی وێنەی لەگەڵدا بگرن.

ئێستا راحیل بووەتە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنووسو ئەو کەسانەش کە حەزیان بە پرسیارکردنو بیستنی چیرۆکەکانی سەرکێشییە، ئەمە سەرەڕای ئەو مەسیحیانەی دەیانەوێت چارەنووسی کەسوکارەکانیان بزانن کە لە مانگی حوزەیرانی رابردووەوە دیار نەماون. دواجار چیرۆکی راحیل هەتا هەتایە لەیادەوەری کرملیسو دۆڵی نەینەوادا دەمێنێتەوە.

## (٤)
## دایکێکی مەسیحی: ئەمیرەکەی داعش هاتە لامان و گوتی ئەو کچە ٧ساڵیەتانم بدەنێ حەڵاڵی منە

تا دێت تاوانەکانی دەستی داعش زیاتر دەردەکەون و چیرۆکی پڕ تراژیدیای خێزانێکی مەسیحی، ویژدانی هەر مرۆڤێك دەهەژێنێ کاتێك دایکی کچێکی تەمەن ٧ ساڵ بە گریانەوە دەڵێ: بە بەرچاومەوە ئەمیرێکی داعش دەیویست کچە ٧ ساڵیەکەم بۆ خۆی ببات، باوکی کچە حەوت ساڵیەکەش کە کوڕێکی تەمەن ١٠ ساڵانیشیان هەیە و ئێستا لە خوێندن و یاری و هاوڕێکانی دابڕاوە، دەیگوت، بە دەیان کەسمان بە جلوبەرگەوە خستە ژێر گڵ کاتێك لە ترسی دڕندەیی داعش گیانیان لەدەست دا.
ئەوەی لەو چیرۆکە تراژیدیانەدا دەردەکەوێ، دوو جۆر لە ویژدانە، یەکیان خەریکی بارزگانیکردنە بەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانیی ئەو تاوانە گەورانەی کە چەکدارەکانی داعش بەناوی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام دەیبینن، ئەوەی دیکەش ئەو کەسانەن کە بە سامانەکانیان ئەو مرۆڤانە رزگار دەکەن.
ئێستا لە موسڵ چەکدارەکانی داعش هەر بازرگانی بە نەوت و زێڕ و پارە و ماڵی دزراوی خەڵکەوە ناکەن، بەڵکوو دوای رووتاندنەوەی خەڵکەکەی بە تایبەتیش مەسیحییەکان و شەبەك و کاکەیی و کورد و ئێزیدیەکان، دەستیان کردووە بە فرۆشتنەوەی ئەو کەسانەش و لەوەشدا فەتوایەکی حەڵاڵیان داوە، کە یان دەبێت ببن بە موسڵمان یان دەبێت لە بەرانبەر بە پارەیەکی زۆر رێگەیان پێ دەدەن بگەنە هەرێمی کوردستان.
لەم بەدواداچوونەدا لەناو ئاوارە مەسیحییەکانی عەینکاوەی هەولێر، ئەوە ئاشکرا بوو کە ژمارەیەکیان بە پارە لە داعش کڕدراون و ژمارەیەکی دیکەشیان بە موعجیزە رزگاریان بووە، هەندێکیشیان بۆ رزگاربوونیان لە بەردەم چەکدارەکانی داعش شایەدمانیان هێناوە و بوون بە موسڵمان، تاوەکو لە دەستی چەکدارەکانی داعش رزگاریان بێت.
رائید مونیر کەریم خەڵکی قەرەقوشە و بە ئایین مەسیحییە، دەڵێت: کاتێك چەکدارەکانی داعش هاتووەتە شارۆچکەکەیان ئەوان کەوتوونەتە دەستیان

و لەگەڵ ٥٠ خێزانی دیکە بۆ نەخۆشخانەی شارەکەیان بردوون، دواتریش ژن و منداڵ لەلایەك و پیاوە گەنجەکانیشیان لە یەکتری جیا کردووەتەوە، گوتی:"بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ نە منداڵ و نە خێزانەکەم نەبینی، لەو ماوەیەدا تەنیا ئاو و جار جارێك شۆربای نەخۆشخانەکەیان پێدەداین، هەموو ڕۆژێکیش دەکەوتنە گیانمان و چەکیان دەردەهێنا و چەقۆیان نیشان دەداین کە سەرمان دەبڕن ئەگەر نەبین بە موسڵمان".
گوتیشی:"لە ماوەی ئەو ١٢ ڕۆژە نزیکەی ٢٥ کەس شەهادەی موسڵمانبوونیان هێنا، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش ئامادە نەبوون، لەو ماوەیەشدا بە پیاو و ژن و منداڵ ٧٥ کەس لەو ترس و تۆقاندن و لێدانە بە بەرچاومانەوە گیانیان لەدەست دا و بە جلوبەرگەکانیانەوە خستماننە ژێر خاك".
رائید ئاماژەی بەوەش دا، چەکدارەکانی داعش زۆربەیان تەمەنیان بچوك و هەر ١٦ ساڵێك دەبوون، ژمارەیان ١٥٠ چەکدارێك دەبوو کە دابەش کرابوون بەسەر نەخۆشخانە و دەرەوەی نەخۆشخانەکە، گوتیشی:"بە ماڵەکانیشماندا گەڕان و تەواوی پارە و مۆبایل و ئەو کەلوپەلانەی لە ماڵەکانمان پارەیان دەکرد، لێیان سەندین و بردیان".
هاوکات هاوسەری رائید، کە تەمەنی ٤٠ ساڵ دەبێت، بەناوی نیران، ئەوەی گێڕایەوە کە لەو ماوەیەدا چەکدارەکانی داعش بەناویاندا گەڕاون و لێیان پرسیون کێ کچە و کێ ژنە؟ گوتیشی:"چوار کچی جوانی گەنجیان لەگەڵ خۆیان برد و ئێستاش نازانرێ چیان بەسەر هاتووە، ئەمیرەکە دەستی بۆ کچە حەوت ساڵیەکەم برد و گوتی تۆ لە من حەڵاڵی دەتبەم، دواتر هێندە پاڕامەوە لە خودا کچەکەمی نەبرد".
لە کاتی ئەو گێڕانەوەیەشدا، مەریانەی تەمەن حەوت ساڵ کە یاریی بە چەند پارچە کاغەزێك دەکرد، سەیری ئێمەی کرد و پێدەکەنی، بەڵام پێکەنینێك هەموو ویژدانمانی دەهەژاند، دایکی مەریانە گوتیشی:"هەموو ڕۆژ چەکدارەکانی داعش دەهاتنە قاوشەکانی ژنان و منداڵان و چەقۆ و چەکیان رادەکێشا و دەردەهێنا"، دەیانگوت ئەگەر نەبن بە موسڵمان هەمووتان سەردەبڕین، گوتی:"ئێمە لەو ماوەیە هیچمان لە هەواڵی پیاوەکانمان نەدەزانی، ڕۆژانێك بوون شەو و ڕۆژمان لا یەك بوو، ئەو ١٢ ڕۆژە لای ئێمە ١٢ ساڵە".

لە بارەی ڕزگاربوونیشیان لە دەستی داعش، ڕائید گوتی:"چەکدارەکانی داعش بە ئێمەیان گوت بڕۆنە ماڵەوە دواتر بۆ شاری موسڵتان دەبەین و لەوێ دەتانکەینە موسڵمان، ئەوانەشی بووبوونە ئیسلام لێیان نزیک دەبوونەوە".

گوتیشی:"هەر ئەو ڕۆژەی ناردیانینەوە، ژمارەیەکمان بڕیارمان دا بێینە هەرێمی کوردستان و لە شەودا لە ڕێگەی کەسانێکی شارەزاوە کە چاوساخییان کردین، گەیشتینە خاکی هەرێمی کوردستان، کاتێک پێشمەرگەمان بینی لە خۆشیدا بڕوامان نەدەکرد، ڕۆژێکی هێندە خۆش بوو لە بیرەوەرییەکانمان دەرناچێت".

هەر لەو بەدواداچوونەدا چەند خێزانێك ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە لە ڕێگەی پارەوە هاتوونەتە کوردستان و بازرگانێکی کوردی مەسیحی، لە بەرانبەر ڕزگارکردنیان پارەی بۆ چەکدارەکانی داعش ناردووە.

## (٥)
## مەسیحییەکانی موسڵ چارەیان تەنها لە بەغدایە

داعش پاش ئەوەی موسڵی گرتە دەست تەنها توانی ٣٧ ڕۆژ خۆی بگرێت بۆ ئەوەی نیازی راستەقینەی خۆی بخاتەروو لەو پارێزگا فرە نەتەوەو ئاینو پێکهاتەیە، ئێستا مەسیحییەکانی ئەو شارە جگە لە ئاوارەبوونیان تووشی دەردەسەری ونبوونی بەڵگەنامە فەرمییەکانیان بوون.

لەو کاتەوەی داعش لەسەر خانووی مەسیحییەکانی نوسی موڵکو ماڵی دەوڵەتی ئیسلامیو پیتی (ن)ی خستە سەر دیوارەکانیان، ئیتر مەسیحییەکان زیاتر بڕوایان بە بڕیارەکانی داعش لەق بوو، خۆشیان بۆ سیناریۆی چاوەڕواننەکراو ئامادەکرد، زۆری نەخایەند بڕیاری دەرکردنی هەموویان دراو ئۆتۆمبێلو موڵکو ماڵەکەیان بە زۆر لێسەندرا.

سەمیر عەبدولسەمەد کە یەکێکە لەو ئاوارانە رایگەیاند سەرەڕای ئەوەی لە دووەم شەوی مۆڵەتەکەدا موسڵیان جێهێشتووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی پەلە پەلیان بووە بۆ دەربازکردنی ژیانیان نەیانتوانیوە ناسنامەو بەڵگەنامە حکومییە پێویستەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرنو بەبێ ئەوانە گەیشتوونەتە هەولێر.

پاش ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی لە کامپێکی ئاوارەکان ماونەتەوە، عەبدولسەمەد ناچار بووە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بچنە بەغدا بۆ ئەوەی شوناسو پێداویستییە فەرمییەکان دەربکەنەوە، هەرچەندە وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات کارئاسانی دەکرێت بۆ ئاوارەکان کە پاسپۆرتو رەگەزنامە دەردەهێنن، بەڵام زۆر بەزەحمەت توانیوێتی پێناس بۆ کچە حەوت ساڵەکەی دەربکاتەوە.

هەیسەم مەتی کە لە قەزای حەمدانییە هەڵهاتووە کاتی چوونە دەرەوەی لە ماڵەوە ئەوەی لەبیربووە سەرجەم بەڵگەنامە پێویستەکان لەگەڵ خۆیدا ببات، هەیسەم وتی:"ئەو مەسیحییانەی دوو شەوی یەکەمی مۆڵەتەکە هەڵهاتن توانییان بەڵگەنامە پێویستەکانو بەشێک لە پارەو پولەکەیان

لەگەڵ خۆیاندا ببەن، بەڵام ئەوانەی دواهەمین شەو شارەکەیان جێهێشت هەرچی پارەیان هەیە، تەنانەت مۆبایلەکانیشیان لێسەندرا".
مەتی کە دواجار لە ژێرزەمینی یەکێک لە کەنیسەکانی سلێمانی نیشتەجێبووە، ئاماژە بەوە دەکات هەندێ لە مەسیحییەکانی موسڵو حەمدانییە دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەش ئامادەنەبوون ماڵو حاڵیان جێبهێڵن، بۆیە داعش سەرجەمیانی دەستگیرکردووەو پاش چەند ڕۆژێک ئازادی کردوون، ئاماژە بەوەش دەکات هیچ لایەنێکی حکومی یان ئەهلی ئەو موڵکو ماڵەی نەژماردووە کە مەسیحییەکان لەدوای خۆیان جێیان هێشتووە.
هەیسەم مەتی باس لەوە دەکات کە لە خەڵکەوە بیستوویەتی ئێستا کەسانێکی تر لە ماڵەکانی ئەواندا نیشتەجێکراونو هەندێ ماڵی تریش یان روخێنراون یان بەتەواوی تاڵان کراون.
لەلای خۆیەوە ئەیمەن عەزیز هورمز قەشەی کەنیسەی ماریوسف لەسلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە دەردەسەی مەسیحییەکانیش بەشێکە لەو نارەحەتییەی هەموو عێراقییەکانی گرتووەتەوە بە تایبەتی کە ناوچەیەکی زۆر کەوتووەتە دەست رێکخراوێک هیچ لە مانای مرۆڤایەتی نازانێت. لەمەدا مەبەستی لەداعشە.
قەشە ئەیمەن رایگەیاند ئاوارە مەسیحییەکان تەنها دەتوانن لەبەغدا پێناسی باری شارستانیو رەگەزنامەو کارتی نیشتەجێبوونو فۆرمی خۆراک دەربکەن، بەڵام پاسپۆرت لەهەولێرو سلێمانیش بۆیان دەردەهێنرێت، ئەمە لە کاتێکدایە زۆرێک لە ئاوارەکان توانای داراییان نییە کە سەفەر بکەن بۆ بەغدا تا بەڵگەنامەکان دەربهێننەوە.
ئەو قەشەیە باس لەوە دەکات هەرچەندە لە بەغدا کارئاسانی بۆ ئاوارەکان دەکرێت، بەڵام کێشە بەرۆکی ئەو ئاوارانە دەگرێتەوە کە هیچ بەڵگەنامەیەکی رەسمییان هەڵنەگرتووە، یان منداڵی تازە لەدایکبوویان هەیە، هەروەها وتی "ئاوارەکان لە بارێکی دژواردا دەژین، چل خێزان لە کەنیسەیەکدا نیشتەجێبوون کە تەنها پەردەیەک لەیەکتریان جیا دەکاتەوە".
بە پێی دواهەمین ئاماری رێکخراوی نێودەوڵەتی پەنابەران ژمارەی ئاوارەکان لە ناوخۆی عێراقدا گەیشتووەتە یەک ملیۆنو ٧٥٠ هەزار

کەس لەو ژمارەیەش زیاتر لە٤٥%یان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئەمە جگە لە ئاوارەکانی سوریاو تورکیاو ئێران کە بە هەمان شێوە لە هەرێمدان.
شروق عەبایچی پەرلەمانتارو ئەندامی لیژنەی کاتی بەدواداچوونی کاروباری پەنابەران ئاماژە بەوە دەکات کە دەرهێنانی بەڵگەنامە تەنها بەس نییە بۆ ئاوارەکان.
عەبایچی وتی "ئاوارەکان بە هۆی هەڵهاتنیان بەڵگەنامە فەرمییەکانیان لە کیس چووە، بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە زوو قەرەبوویان بکاتەوەو ئەو بەڵگەنامانەیان بۆ دەربکاتەوە".
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ئەوەندەی پەیوەندی بە فەوتانی موڵکو ماڵی ئاوارەکانەوە هەیە کەمتەرخەمییەکی زۆر بەدی دەکرێتو حکومەت وەک پێویست ناچێت بەدەمیانەوە.
لە هەمان رووەوە یونادم کەننا پەرلەمانتاری مەسیحی لە پەرلەمانی عێراق وتی:"پێشنیارم کردووە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کە فەرمانگەیەکی نوێ دروست بکرێت بەناوی دەستەی نیشتیمانی بۆ کارەساتو ئاوارەیی زۆرەملێ، کاری بریتی دەبێت لە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئەوناوچانەی خەڵکەکەی ئاوارە بوون".
کەننا وتیشی:"ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە دەست داعش دوو بۆ سێ ساڵیان دەوێت تا بگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان، بۆیە مەسەلەکە تەنها ئازادکردنی ئەو ناوچانە نییە، بەڵکو دەبێت ئەو خانووانە نۆژەن بکرێنەوە کە تێکدراون، هەروەها پێویستمان بە پرۆژەی کۆمەڵایەتی ئاشتەوایيو چارەسەری کێشە یاساییەکانە".

## (٦)
## ئاوارە مەسیحییەکانی کڵێسای (مار یوسف)

دەیان هەزار ئاوارەی مەسیحیی دەشتی نەینەوا پەنایان بردووەتە بەر شارۆچکەی عەنکاوە و زۆربەیان لە لایەن کڵێسای (مار یوسف)ەوە سەرپەرشتی دەکرێن. بەرپرسێکی فاتیکان مەترسی خۆی دەردەبڕێ لەوە تاوانێکی گەورە چاوەڕێی ئاوارەکان دەکات.
لە سەردانێکی مەیدانییدا بۆ بنکەکانی لە خۆگرتنی ئاوارە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا لە عەنکاوە، ئەوە دەرکەوت کە کڵێساکانی عەنکاوە ئاوارە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا لە خۆ دەگرن و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین دەکەن.
عەبدولکەریم بەهنام پیاوێکی تازە سەر و ریش سپی هەڵگەڕاوی سریانییە و ١٢ ڕۆژبوو لەگەڵ ئەندامانیماڵباتەکەی لە ترسی هاتنی هێزە توندڕەوەکانی داعشەوە لە قەرەقۆش هەڵاتوون، بەهنام ئەوها دەردی دڵی دەخاتەڕوو ’ئەو کاتەی زانیمان لە ناکاو داعش نزیک دەبنەوە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم دەستمان کرد بە ڕاکردن بە پێ و هیچ پێویستییەکمان لەگەڵ خۆمان نەهێنا. ماڵباتی بەهنام دوای ٤ سەعات بە پێ رۆیشتن گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بتوانن بە سواری ئۆتۆمبێلێکی دووتەنییەوە رێگای دووری عەنکاوە نزیک بکەنەوە و دوای چەند سەعاتێك بگەنە کەناری ئارامی و لە دەست تۆقینی داعش رزگاریان بێت.
بەهنام ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەوان لە دوای نزیکەی دوو هەفتە ئاوارەیی، هێشتا بە پارەی خۆیان خواردن و پێداویستییەکانیان دەکڕن و یارمەتی رێکخراوە خێرخوازییەکانیان پێنەگەیشتووە.
مۆرین شابا خانمێکی تەمەن ٧١ ساڵە و خەڵکی گوندی کرملسە، ئەو کە قاچەکانی بە هۆی نەخۆشی پەستانی خوێنەوە ئاوسان و هێشتا دەرمانی پێویستی نەگەیشتووەتێ، پەسنی قەشەی گوندەکەیان دەدات کە ماڵباتەکانی گوندەکەی بەیەکەوە لە تاوەرێکی کەلاوەی عەنکاوەدا کۆ کردووەتەوە و وەکو باوکێك سەرپەرشتیان دەکات.

خاتوو شابا دەڵێ:"لە خواردن و پێداویستی فێنککەرەوەدا لە هیچمان کەم نییە، بەڵام من دەرمانم دەست ناکەوێ و ئازاری قاچەکانم شەو و ڕۆژی تاڵ کردووم".

بە گوێرەی بەدواداچوونەکە، زۆرینەی مەسیحیە ئاوارەکانی دەشتی نەینەوا هەریەك لەگەڵ خەڵکی گوند و گەڕەکی خۆیان ماونەتەوە و لەیەکتری دانەبڕاون، جۆن وائیل ئاوارەیەکی هەرزەکاری ڕێکپۆش و رووخسار گەشە، کە لێی دەپرسی چۆنە لە ئاوارەکانی تر ناچی؟ بە کەیفەوە وەڵام دەداتەوە "خۆ ئەو جلانەم لەگەڵ خۆم نەهێناوە. لێرە کڕیومن، لە سەرەوە ئاومان هەیە، لێرەش هەموو بەیانیان خۆم دەشۆرم و دایکیشم جلەکانم بۆ دەشوا و نایەڵێ پیس بن. ئێمە لێرە دڵمان تەنگ نابێ، عەنکاوە خۆشە و خەڵکەکەی زۆر باشن لەگەڵمان، هاوکاریمان دەکەن و پێداویستییەکانمان بۆ دێنن، ئەوە یەکەم جارمە بێمە ئێرە، دوو هەفتەیە لێرەم هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە و زوو زوو سەردانی شەقامە قەرەباڵخەکانی عەنکاوە دەکەم".

یوسف وەسیم پیاوێکی نزیك ٤٠ ساڵی قەڵەوە، نەخۆشی بە رووخسار و جەستەیەوە دیارە، لە ژووره نیمچە تاریکەکەی چادرەکەوە لەسەر لا پاڵ کەوتووە، یەکسەر بە گلەیی نەبوونی ساردکەرەوە و ئاوی پێویست دەستی بە قسان کرد، ئەوان لە قوتابخانەیەکی قۆناخی بنەڕەتیدا گیرساونەتەوە، کە جگە لە پڕبوونی پۆلەکان بە خێزانی ئاوارە، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەشدا چادر هەڵدراوە. یوسف کە لە بنکەی ژمارە ٢٤ی عەنکاوە دەژی، دەیگوت "٣٠ خێزان لە نێو ئەو قوتابخانەیە کۆبووینەوە و ئاوی تانکیەکان بەشمان ناکات، جگە لەوەش دەرمانی پێویستمان بەدەست ناگات".

لە بارەی دۆخی ژیانی ئەو ئاوارانەوە، لە نێو گۆڕەپانی کڵێسای مار یوسف لە عەنکاوە مۆنسنیۆر جۆرجیۆ لینگا باڵوێزی فاتیکان لە عێراقمان بینی، ئەویش بەم شێوەیە قسەی کرد "زۆر خەمبارین بەو کارەساتەی بەسەر کەسوکارمان لە عێراقدا هاتووە، بەداخەوە کە ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ هاوکاریی کڵێسای مار یوسف لە عەنکاوە بکەین بۆ گرتنە خۆی سەرجەمی ئاوارە مەسیحییەکان و دابینکردنی نان و شوێنی حەوانەوە بۆیان".

لینگا دەڵێ 'پێویستە ناوچەی مەسیحییەکان ئارام بکرێتەوە، تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە نێو ماڵەکانیان. ئێستە زیاتر لە ٢٠ هەزار ئاوارەی مەسیحی هاتوونەتە عەنکاوە، ئەو ژمارەیەش ئەرکێکی گەورەیان خستووەتە ئەستۆی کڵیسای مار یوسف بۆ ڕێکخستنی کارەکانیان'.

لە بارەی ئەوەی فاتیکان چۆن هاوکاری بە پەلە دەگەیەنێتە ئاوارە مەسیحییەکان گوتی 'پێویستە ئەندامانی کڵێساکانی ئێرە پرۆژە ئامادە بکەن و بیدەنە دەست فاتیکان، تا ئەوانیش پارە و خەرجییەکانی جێبەجێکردنیان بۆ دابین بکەن'.

ئەو بەرپرسە ئاینیەی مەسیحییەکان لە عێراق ئەوەشی نەشاردەوە کە کڵێساکانی جیهان لە لایەن خۆیانەوە بە گوێرەی توانا هاوکارییان بۆ ئاوارە مەسیحییەکانی عەنکاوە دابین کردووە.

جێی باسە تەنها لە نێو کڵێسای (مار یوسف)دا ٧٠٠ خێزانی ئاوارەی دەشتی نەینەوا نیشتەجێ بوونە، ئەوەش رێژەیەکی بەرزە لە چاو کڵێسایەکی قەبارە مام ناوەندی، بەم هۆیەوە لە هەردوو باخی لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کڵێساکەوە دەیان چادر هەڵدراون و بەشێکی دیکەی خێزانەکانیش لە هۆڵی بۆنەکانی نێو کڵێساکەدا بڵاوبوونەتەوە.

## (٧)
## پیاوێکی کریستیانی چیرۆکی رزگاربوونی خۆی لە دەستی چەکداری داعش دەگێڕێتەوە

پیاوێکی کریستیان کە دانیشتووی شارۆچکەی بەرتلەیە باسی چیرۆکی رزگاربوونی لە دەستی چەکدارانی داعش دەکات، دەڵێت: هەرچی پارەبوو لێیان سەندین، ئۆتۆمبێلەکەشم لەبەر کۆنی نەیان برد، وتیشی: هەڕەشەی گرتنی ڤاتیکان و سەربڕینی پاپایان کرد.
کماڵ شمعونی رزگار بوو، وتی: دوو ڕۆژ پیش لە گەرەکی موسڵی نوێ دایکم پەیوەندی پێکردم کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ئاگادارکراوینەوەتەوە ماڵەکەمان جێبێڵین، پێیان ڕاگەیاندبوو دەبێت برۆنە خانەی بە ساڵاچووان، لە خانووەکەم دایکم و خێزانم و خوشکم تێدا نیشتەجێ بوون، دایکیشم ڕەتیکردبۆوە و وتبووی چۆن بچینە خانەی بە ساڵاچوان من کوڕ و کچم هەیە پەیوەندیان پێوە دەکەم بۆ ئەوەی بێن بە شوێنمدا، دواتر دایکم پەیوەندی پێوە کردم چەکدارایکی داعش قسەی لەگەڵ کردم، وتی ئەگەر هەر ئێستا نەیەیت بە دوایاندا، فرێی دەدەمە سەر شەقام، منیش وتم کاکە گیان من ناتوانم ئێستا بێم، کات ئێوارەیە با ئەمشەو لە ماڵی دراوسێییەکانم بخەون بۆ بەیانی من دێم بە شوێنیان، چەکدارەکە، وتی، ئەگەر بەیانی نەیەیت ئەوا لە شەقامدا دەبێت ژیان بە سەر بەرن، بۆیە منیش بڕیامدا لە ڕۆژی پاشتر زوو برۆمە شاری موسڵ بە دوای دایکم و خێزان و خوشکەکەم کە دووانیان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، بۆیە ناتوانن هاتوچۆ بکەن، ئەوانم هێنا بۆ شارۆچکەی بەرتلە لە ڕێگادا بازگەیەکی ئەو چەکدارانە کەوتە بەرۆکم وتی بۆ کوێ دەچن، وتم ماڵمان لە قەزای بەرتلەیە دەچینەوە ماڵی خۆمان، وتی چیتان پێیە چەک و پارە وتمان هیچمان لا نییە، وتی بڕۆن، ئێمەش رۆیشتین تا گەیشتینە گوندی خەزنە لە نزیک مزارگەی ئیمام رەزا کە پێش چەند ڕۆژێک لە لایەن چەکدارانی داعشەوە تەقێنرابووەوە، بازگەیەک دانرابوو زیاتر لە ٢٠ چەکدار و ئۆتۆمبێلی چەکداری تێدابوو، وتیان ناسنامەکانتان ئێمەش ناسنامەکانمان پێدان، وتی تۆ مەسیحی، وتم بەڵی، وتی دەبێت هەر ئێستا موسڵمانبوونی خۆت

رابگەیەنی و ئافرەت و پەکەوتووەکان با بڕۆن منیش وتم باشە ئایینی ئیسلام بە زۆر خەڵکی غەیرە موسڵمان دەکات بە موسڵمان، وتم من باج دەدەم لە قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بەوە کراو کە هەر کەسێک نەبێتە موسڵمان دەبێت باج و خەراج بدات من رازیم بە باجدان، ئێمە لەم قسەیەدا بووین کەسێکی گەورە لە چەکدارانی داعش هات، وتی ئێمە لە سەر رێبازیکی رەوا ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی بڵاو دەکەینەوە و کەمینە ئاینەکانیش لە ناو دەبەین و بەرگیری لە قورئانی پیرۆزیش دەکەین، لە ئاییندەیەکی نزیکدا یەهودیەکان لە ناو دەبەین، بەرەو ڤاتیکان دەڕۆین و پاپای ڤاتیکانیش دەگرین سەری لە لاشەی جیا دەکەینەوە، بەڵام بە هەڵوێستێکی نەرم سەردەریان لەگەڵ ئێمە کرد لە ژمارەیەک چەکداری دەمامکدار و هەندێکیشیان تەنیا تۆزێک ریشیان هەبوو بە عێراقیش قسەیان دەکرد تەنیا ئەو سەرکردەیە نەبێت کە هەرەشەی لە ڤاتیکان و پاپا دەکرد زمانەکەی سعودی بوو، بە هەر حاڵ رزگارمان بوو لە دەستیان و دواتر ئۆتۆمبێلەکەم لێخوری رۆیشتین بە رێگا گەیشتینە چواریانی عەزاوی لە نزیک شارەدێی باشیک کە بە گەورەترین بازگە لە رووی چەک و تەقەمەنی و ژمارەیەکی زۆری چەکداری لێبوون، لە بازگەی ئەو چەکدارانەی داعش پێداگیریان کرد کە دەبێت هەر ببیتە موسڵمان و ئوتومبێلەکەش دەستی بەسەردا دەگرین کە سەیریان کرد ئۆتۆمبێلەکەم خراپەو بە کەڵکی ئەوان نایەت، وتی واز لە ئۆتۆمبێلەکەی بێنن، وتیان پارەتان لایە منیش وتم بەڵی من ٤٠٠ هەزارم لایە و دایکیشم ٨٠٠ هەزاری لایە، بڕێک پارەشمان لە ناو دەرگای ئۆتۆمبێل شاردبووەوە، دوای پشکنینی ئۆتۆمبێلەکەم ئەو پارەیان بینی، وتیان ئەوە چییە منیش وتم ئاگاداری ئەو پارەیە نیم، وتیان ئەو کەسە درۆی لەگەڵمان کرد بە تەواوی ئۆتۆمبێلەکەی بپشکنن، دوای پشکنینێکی زۆر هیچ شتێکی تریان نەدۆزیەوە نە پارە و زێر هەر پێداگیرییان کرد، دەبێت ببیتە موسڵمان لە کۆتاییدا وتم من باج و خەراج دەدەم رازی بوون وازیان لێهانم وتیان دەبێت لە ماڵەوە نەیەیتە دەرەوە بە هیچ شێوەیەک ئەگینا دەتکوژین ئێمەش پەلەمان کرد تا خۆمان گەیاندە بازگەکانی هێزەکانی پێشمەرگە کە زانیان ئێمە کرستیانین زۆر رێزیان لێگرتین و رێگەیان بە ئێمە دا بێینە ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەیە ئێمەش راستەوخۆ چووین بۆ دێری مارمەتی لە بناری چیای مقلوبە کە ئێستا لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە پاسەوانی دەکرێت.

## (٨)
## کریستیانەکانی عێراق لە نێوان دابەشبوون و نادیاریدا

هەژاریی و کەمیی خزمەتگوزاریی و خراپیی باروگوزەران وەك پێویستییەکانی خواردن و دەرمان لە دیارترین بارگرانییەکانی کریستیانە عێراقییەکانی نیشتەجێی بەیروتن، لە کاتێکدا چاوەڕوانی کاتژمێری سفرن بۆ جێهێشتنی وڵات لە پێناو هاتنەدی خەونی کۆچی ئاڵتوونی بۆ وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو وڵاتانی تر کە ناوبەناو دەرگا بۆ پەنابەران دەکەنەوە.
«نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم... سەرەڕای هەژاریم مردنم لێرە پێ باشترە»، ئەو وشە پڕ لە ئازارانە دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولمەسیح فەرید (تەمەن ٤٠ ساڵ)، کە پەنابەرێکی کریستیانی عێراقییە لە بەیروت، فەرید وردەکاریی هاتنە تراژیدییەکەی بۆ لوبنان دەگێڕێتەوەو دەڵێت «پاش ئەوەی کوڕە ١٤ ساڵانەکەم لەگەڵ خوشکە بچووکەکەم لە ڕووداوی کڵێسای نەجات لەدەستدا، خۆشم لە هەوڵێکی کوشتن ڕزگارم بوو، ئا لەو کاتەدا بڕیارمدا لەبەغداوە بۆ سوریا هەڵبێم».
ژمارەیەك چەکداری سەر بە «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق»، ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ هێرشیان کردە سەر کڵێسای سەیدە نەجاتی سریانە کاسۆلیکەکان کە دەکەوێتە ناوچەی کەڕادەی ناوەڕاستی بەغداو ٤٤ کەسیان لە نوێژکاران کوشت جگە لە قەسیس و شەش کارمەندی ئاسایش.
فەرید، کە لەگەڵ خێزانە چوار کەسیەکەیدا لە ناوچەی زەعیترییەی باکووری بەیروت نیشتەجێبوون کە یەکێکە لە ناوچە میللییە هەژارنشینەکان و بەدەست هەژاریی و کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێت، وتی »ماوەی ساڵێك لە ئیدلبی سوریا ماینەوە تا ئەوکاتەی ڕووداوەکانی ئەوێ دەستیپێکرد، پاشان لەگەڵ خێزانەکەمدا بڕیارماندا بەرەو لوبنان هەڵبێین» ناوچەکەی فەرید تێکەڵەیەکی پەنابەرانی عێراقیی و سوریی لەخۆی کۆکردووەتەوە.
فەرید دەڵێت «هەلی کارکردنم نییەو سەرچاوەیەکی ئابووری واشم نییە لەو ژیانە بارگرانەی بەیروت بمپارێزێت کە تیایدا نرخی نیشتەجێبوون و

خۆراك چەندان هێندەی توانای ئابووری منن»، پێویستە مانگانە فەرید ٢٥٠ دۆلار وەك كرێی خانوو بدات، لەمەدا پشت بە رەسیدی حیسابە بانكییەكەی دەبەستێت جگە لەوەی سەرچاوەیە بۆ فەراهەمكردنی توانای ڕۆژانەی خۆیو خێزانەكەی.
شوێنی نیشتەجێبوونی فەرید كە ناگاتە ٥٠ مەتر كەمترین هۆكارەكانی پشووی تیا نییە، لەسەر ئەو بەڵایانەشەوە كارەبا بڕانی بەردەوامو ئاوبڕانی دێتەسەر. لە سایەی فەرامۆشكردنی پەنابەرانی عێراقی دەرەوەی وڵات لەلایەن حكومەتی بەغداوە، كە بەردەوامبوونی توندوتیژی خوێناوی ناچار بەهەڵهاتن لە وڵاتەكەیانی كردون، گرفتەكانی خێزانی فەرید زیاتر دەبێت، واش دەردەكەوێت تا ئێستا جیاكاری بەشوێنیەوەیەتی.
لەو بارەیەوە فەرید دەڵێت «حكومەتی عێراقی لەبیری كردووینو كۆمەڵە خێرخوازییە مەسیحییەكانی ئێرەش لایەنگری لایەكە لەسەر حیسابی لاكەی تر».
فەرید كە وەك پاسەوان لە كۆگایەكی چاككردنەوەی ئۆتۆمبێل لە بەیروت كار دەكات بە مووچەی مانگانەی دوو سەد دۆلار، ئاماژە بەوە دەكات كە «ماوەی ساڵو نیوێكە بە ئارامگریی چاوەڕوانی قبوڵكردنی پەنابەریمان بووم لەئەوروپا پاش ئەوەی دۆسیەی خێزانەكەم رادەستی كۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەنابەران كرد».
ئامارەكان ئاشكرای دەكەن كە نزیكەی شەست كڵێسا لە نێوان دەیان كڵێساو شوێنی پەرستن لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە عێراق كراونەتە ئامانج، ئەم هێرشانە بووەتە هۆی كوژرانی زیاتر لە نۆ سەد هاوڵاتی كریستیانو برینداربوونی نزیكەی شەش هەزاریان.
ئەم هێرشانەو بە تایبەتیش هێرشەكەی سەیدە نەجات هانی كریستیانەكانیدا، كە رێژەی لەسەدا دووی دانیشتوانی عێراق پێكدەهێنن، بەرەو دەرەوە دوور لە وڵاتەكەیان كۆچ بكەن بە هۆی ئەوەی ماوەی نزیكەی دە ساڵە لە شەقامەكانیدا توندوتیژی بێسەروبەری ڕۆژانە حوكمڕانی دەكات.

## حەوت ساڵ لە چاوەڕوانی

گرفتەکانی دورس ئەلبێرت میخائیل (تەمەن ٤٨ ساڵ) پێنووسی قەدەر هەمان چارەنووسی بۆ کێشاوە، کە پاشهاتی کارەساتەکانی فەریدی کێشاوە، ئەلبێرت ساڵی ٢٠٠٦ هاتووە بۆ لوبنان بە هیوای بەیەك گەیشتنی لەگەڵ دایکی کە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی. میخائیل دەڵێت «بەر لە نزیکەی حەوت ساڵ رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن بوومەوە. ئەوکات تەنها ماوەی ٢٤ کاتژمێریان بۆ دانام بۆ هەڵهاتنو بەجێهێشتنی ئەو ناوچەیەی توندڕەوە ئاینییەکانی لە بەغدا تیا نیشتەجێببوون، ئەوکات بڕیارمدا بێم بۆ بەیروتو لەوێوە دۆسیەی پەنابەری بۆ ئەوروپا پێشکەش بکەم».
ئەلبێرت ژمارەیەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا ئەنجامدا، بەڵام هەموو پەیمانەکان بۆ بەدەستهێنانی هەلی پەنابەری لە ئەوروپا «تەنها مرەکەبی سەر کاغەز بوون... زیاتر لە داواکارییەکم پێشکەشکرد بۆ گەیشتن بە دایکم، بەڵام بەو ویستە نەگەیشتم» میخائیل دەیڵێتو هەموو گیانی ئەو هیوایەیە کە ڕۆژێك بەدایکی بگات.
میخائیل کە لەو کاتەوەی هاتووەتە لوبنان جانتاکەی ئاخنیوەو ئامادەیکردووە بۆ رۆیشتن لەهەر کاتێکدا رەزامەندی لەسەر دۆسیەی پەنابەرییەکەی نیشان بدرێت، روونیدەکاتەوە «رەوشی کریستیانەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا بەرەو نادیار دەڕوات».
کریستیانەکانی عێراق کە لەگەڵ ئەوەی وەك پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگا پەیوەندییەکی باشیان هەیە کە درێژ دەبێتەوە بۆ سەدان ساڵ، لەلایەن تەنها وەزیرێك لە حکومەتی عێراقو پێنج پەرلەمانتار لە کۆی ٣٢٥ پەرلەمانتار نوێنەرایەتی دەکرێن.

### ئەنجامەکان پێچەوانەی ویستەکانمان بوون

«ئێمە (کریستیانەکان) هەمووومان وەك پێکهاتەکانی تری گەلی عێراق دڵخۆشبووین بەو چاکسازییو ئازادییەی وڵات لە پاش ٢٠٠٣ بەخۆیەوە دەبینی، بە هۆی ناڵاندنمان بەفشاری سەربازییو دەروونیی لە سەردەمی رژێمی پێشوو، هەروەها دژواری گەشتو گواستنەوە بە ئازادانە بەرەو دەرەوەی عێراق» ئەمە وتەی بەتریکی کلدانی، لویس ساکۆیە لە بەغدا.

ژمارەی کریستیانەکانی عێراق لە هەشتاکاندا لە نێوان ملیۆنێك بۆ دوو ملیۆن کەس بوو، ئەم ڕێژەیە بە هۆی جەنگە یەك لە دوای یەکەکانو خراپبوونی ڕەوشی ئابووری لە نەوەدەکاندا کەمیکرد، بەشی زۆرینەشیان پاش ساڵی ٢٠٠٣ کۆچیان کرد لەپای توندوتیژییەکان کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق بەرۆکیانی دەگرت.
ساکۆ دەڵێت «بێ هیوا بووین، ئەنجامەکان پێچەوانەی پێشبینیەکانمان بوون. هۆکارگەلێکی زۆر هەبوون، لەوانە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە پاش ساڵی ٢٠٠٣و ململانێ لەسەر دەسەڵات، کە هەموویان بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر شەقام دەکرد».

لە درێژەی قسەکانیدا وتی »بە هۆی نەگەیشتنە تەوافوقی سیاسی لە نێوان سیاسییەکانی عێراق پێکهاتەی کریستیان نزیکەی هەزار کەسی بووە قوربانی لەپای ئەو ماوەیەی بەدوای هاتنە ناوەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق دێت، سەرەڕای وێرانکردنی زیاتر لە ٦٠ کڵێسا. لەگەڵیشیدا ژمارەیەکیان بەرەو دەرەوە کۆچیان کرد».

**کێشەی سوریا کاریگەری لەسەر هاوکاریکردنی عێراقییەکان هەبوو**
کۆمەڵەی »کاریتاس لوبنان» کە بە کوردی مانای (خۆشویستن) دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٧٢ لە لوبنان دامەزرا، یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی گرنگی بە کاروباری کریستیانەکان دەدات، ڕەنگە ئەوان باشترین کەس بن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستە بە ژیانی مەسیحییەکانەوە.
سەحەر عیسا، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەکە دەڵێت «ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی کاسۆلیکی بۆ بەهاناوەچوون لە ڤاتیکان کار دەکات لەسەر پێشکەشکردنی پاراستنی یاسایی‌و پێدانی پارەو هاوکاریی خێرخوازی‌و تەندروستی بۆ پەنابەرە کریستیانە عێراقییەکان لە بەیروت».
لە کاتێکدا سەرقاڵە بە بەدواداچوونی دۆسیەی تایبەت بە پەنابەرانی عێراق، سەحەر عیسا دەڵێت «هاوکاری پەنابەرە کریستیانە سورییەکانو پێدانی خۆراكو دەرمان پێیان کاریگەری گەورەی دروستکردووە لەسەر هاوکارییەکانمان بۆ هاوتا عێراقییەکانیان».

سەحەر عیسا کە سەرپەرشتی ڕێکخراوەکەی دەکات لە بارەی بەدواداچوونی کاروباری پەنابەران لە نۆ ناوچەی بەیروت ئاشکرای دەکات «زۆرینەی کریستیانە عێراقییەکان حەز بە کۆچکردن بۆ ئەمریکاو کەنەداو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو فەڕەنساو سویدو وڵاتانی تری ئەوروپی دەکەن».
سەحەر عیسا دەڵێت «ئامارەکانمان ئاماژە دەدەن بەوەی لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ەوە زیاتر لە ٩٠٠ خێزانی کریستیان بە ناچاری لە عێراقەوە بەرەو بەیروت کۆچیان کردووە، بەڵام لە ماوەی ئەمساڵدا ژمارەی خێزانەکان کە بۆ ئێرە هاتوون گەیشتوونەتە نزیکەی ١٠٠ خێزان کە لە رەوشێکی گوزەرانی ناوەندیدا دەژینو زۆرینەیان چاوەڕوانی ناردنیانن بۆ دەوڵەتی پەنابەرخوازان».
بە پێی چاودێران نیگەرانی کریستیانەکان لە عێراق تەنها پەیوەندی بە رووداوەکانی وڵاتەوە نییە، مەترسی ئەوان لە هاتنە سەرەوەی ئیسلامییەکان لە تابلۆی سیاسی لە ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی، هەروەها دەرکەوتنی ئاماژەکانی ململانێی گەورەی نێوان سوونەو شیعە لە ناوچەکەدا.

## (٩)
## نوون بڕۆن لێرە

ئاوارەیەکی مەسیحی لە نێو کەمپی ئاوارەکاندا گلەیی و ئێش و ئازارەکانی دەردەبری و داوای لە پاپا دەکرد و دەیگوت:" باشە ئەوان چین و کێن بە ئێمە دەڵێن بڕۆن لێرە و دەیان وت (نوون) بڕۆن لێرە ئێوە کافرن.
نەمدەویست بچم بۆ هەندەران دەمویست لە نیشتمانەکەی خۆمدا بمێنمەوە لە وڵاتەکەم، هەر چۆنێك بێت ئەمە نیشتمان و وڵاتمە، کەسوکارم زۆرن لە دەرەوەی وڵات هەرکاتێك ویستبام ئەمتوانی بڕۆم بۆ هەندەران، بەڵام دوای ئەوەی داعش هات و منیان ڕەتکردەوە و ئەو نیشتمانەی من ڕەد دەکاتەوە منیش ڕەتی دەکەمەوە. ئێمەی عێراقی گەیشتینە ئەو رادەیەی کە منداڵەکانمان بەیانیان بە دەنگی تۆپ و تەیارە و بۆمب بەخەبەر بێنەوە. بۆچی؟؟! هۆکاری ئەمانە کێیە؟ خوا ئەمەیان لێ قبوڵ نەکات، ئەوانە نەوەیەك وێران دەکەن، سەیری مناڵەکان بکەن لە خێوەتگای کەمپەکان زۆربەیان نەخۆش کەوتوون، ژنی دووگیان و پیر و منداڵی ساوا هەر هەموویان.
بەسە سوکایەتیکردن و تاوانبار کردن و بیانوگرتن، ئێمە دەمانەوێت بحەسێینەوە.
رزگارمان کە لەم وڵاتە بەرێز پاپا، پێغەمبەرمان عیسی فەرموویەتی بە هۆشمەندی بژین و لە گورگیش سڵ مەکەنەوە، ئێستا ئێمە لە نێو گەلە گورگین دەیانەوێت هەڵماندرن، دەیانەوێت بمان کوژن، ئەگەر ئێمە کوردستانی خۆشەویستمان نەبوایە بۆ کوێ دەرۆیشتین بەرێز پاپا؟!.
ئێمەی مەسیحی کەسانێکی ئاشتی خوازین و ئێمە هەموو کەسێکمان خۆش دەوێت، ئێمە لە هیچ میللەت و لە هیچ مرۆڤێك قبوڵ ناکەین لێپێچینەوەمان لە گەڵ بکات، چونکە ئێمەش مرۆڤین و خوا ئێمەی دروست کردووە.
(نوون)، (نەسار) واتە سەرکەوتن، داعش پێیان وایە خۆیان سەرکەوتوون، پێیان وایە ئێمە کەسانێکین کافر و گومراین و پێیان وایە خوا ناناسین، گوایە ئێمە خەڵکانێکین بۆمان نیە لەم نیشتیمانەدا بژین".

## (١٠)
## هاوڵاتییە مەسیحیە ئاوارەکان باس لە هەڵاتنیان دەکەن

پیتی (نوون) ئەوەی بووە هۆی هەڵاتنی مەسیحیەکان، چەکدارانی داعش ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و پیتی (ن)یان لە سەر دیوار و دەرگای مەسیحیەکان دەنووسی.

کۆچبەرێکی مەسیحی دەڵێت:"مەبەستیان ئەوەبوو ئەوە ماڵی نەسارەیە و داگیرکراوە، هەواڵمان پیگەیشت کە داعش دەڵێت یان موسڵمان ببن یان دەتانکوژین و یان دەبێت ناوچەکە جێبێڵن، لە شوێنی خۆمان ڕۆژانی یەکشەممە دەچووینە کلیسا و ڕۆژانی جەژن ئاهەنگمان دەگێڕا کە ئاوارە بووین ئەو نەریتە نەما و لێرە رۆڵی کلیسا دیار نیە و پەرت و بڵاو بووین".

ژمارەیەکی زۆر مەسیحیەکانی عێراق لە موسڵ دەژیان بە تایبەتی لە دەشتی نەینەوا ئەوان هەزاران ساڵ بوو لەوێ بوون، بەڵام هەموویان ئاوارەبیان هەڵبژارد نەك ژیان لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا.

کۆچبەرێکی ئافرەتی مەسیحی دەڵێت:"بۆردوومانێکی چڕی قەرەقوشیان کرد ئێمە زۆر ترساین و بە شەو هەڵاتین، لە سەر شەقامەکان ماینەوە دواتر هاتینە کوردستان و لە قوتابخانە و کلێساکان ماینەو ە و دواتر کەمپمان بۆ درووستکرا".

سەمیر یعقوب دارتاشێکی بەناوبانگی ناوچەکەی بوو، لە گەڵ چاککردنەوەی دەرگایەکی شکاوی کەرەڤانەکەی بە سەر هاتی ڕۆژانی هەڵاتن دەگێرێتەوە.

سەمیر یعقوب دەڵێت:"بە هاوەن لێیان داین و بۆردوومان کراین سێ کەسمان لێ کوژرا یەکێکیان کچێك بوو تازە مارە کرابوو دوو منداڵی تریش لاشەکانیان پارچە پارچە بوون.

هەموو خەڵکی قەرەقوش هەڵاتن هەرکەسە و بۆ خۆی هەڵدەهات، هەندێکیان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هەڵدەهاتن و هەندێکیان بە پێ و هەندێکیشیان چاوەڕێی ئۆتۆمبێلی خزم و ناسیاوەکانیان دەکرد، هەڵدەهاتین و نەماندەزانی چارەنووسمان چی بە سەر دێت".

هەر یەك لەو ئاوارانە چیرۆكی ئەو ڕۆژانەیان لە بیرە كە چۆن لە دەستی داعش هەڵاتن، بیرەوەرییەك كە لە گەڵ هەر گێڕانەوەیەكدا برینێك ئەكولێنێتەوە.
مەرۆشە پۆلس ئافرەتێكی بەتەمەنی ئاوارەی مەسیحییە و دەڵێت:" بە حەزی خۆمان نەبوو بە ناچاری لە بەر داعش ڕامان كرد، گوێم لە دەنگی تەقە و گوللەكانیان بوو، بە شەو بە پێ هەڵهاتین لە ڕێگا لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلێك سواربووین... لەوێ ماڵ و زەویمان هەبوو، دەمانەوێت بگەڕێینەوە".
هاوڵاتیەكی تری مەسیحی وتی:"كاتژمێر دەی شەو بوو خەڵك هەندێكیان جەنتایان هەڵگرتبوو بە شەقامەكاندا دەرۆیشتن منداڵەكانیش ڕایان دەكرد و دەگریان، منیش تەنیا تەماشایانم دەكردن.
ئەگەر بشگەڕێمەوە چی بكەم ئێستا دزی و تاڵانكردن لە سەدا دووسەدە لەوێ، واتە كە گەڕایتەوە ئەبینی كە ماڵەكەت بەتاڵ و چۆڵە و لەوانەیە خواردنیشمان دەست نەكەوێت و لەوانەشە گەرەكەكەشمان بۆمبڕێژ كرابێت".

## (١١)
## ئەو ڕۆژەی موسڵ داگیرکرا

کات شەشی سەرلەبەیانی ٢٠١٤/٦/٩ بوو، خۆر تازە هەڵهاتبوو، شاری موسڵ کشومات بەپێچەوانەی رۆژانی ترە، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بێت روبدات.
لەبەشی ڕۆژئاوای شارەکەوە، کاروانی ئۆتۆمبێلی چەکدارە دەموچاو پێچراوەکان لەسنوری سوریاوە بەخێرایی چونە ناو سنوری عێراقەوە، لەدورەوە ئاڵا ڕەشەکانیان دەشەکایەوە، سەرەڕای ئەو تەپوتۆزەی خێرایی رێکردنی ئۆتۆمبێلەکان دروستیانکردبوو، دواتر زانرا ئەوان چەکدارانی داعش بون.
ئەحمەد حوسام (٣٧ ساڵ) هەرگیز دیمەنە ترسناکو خێراکانی ئەو ڕۆژەی بیرناچێتەوە، کاتێک چەکدارانی داعش لەناوچەی رەفاعی ڕۆژئاوای موسڵەوە چونەتە ناو شارەکەی، ئەو وتی:"ئەو بەیانیە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە چەکدارانی داعش دێنە شارەکەوە".
ترسی چەکدارانی داعش کارێکی وایکرد، ئەحمەد حوسامو خێزانەکەی ٥٠ کیلۆمەتر بەپێ ببڕنو بەرەو شاری دهۆک هەڵبێنن تاوەکو بەردەستی داعش نەکەون، دواجار درەنگانێکی شەوی هەمان ڕۆژ پێیان نایە ناوچە ئارامەکە بۆ ئەوان، کە هەرێمی کوردستانە.
ئەحمەد حوسام چاوە شینەکانی پڕ ببون لەفرمێسکو سورببونەوە، کاتێک دیمەکانی ساتی کەوتنی موسڵ دەگێڕایەوە کە بەچاوی خۆی بینیبوی، وتی «گوێمان لەدەنگی یەک فیشەکی بەرگری هێزە ئەمنیەکان نەبوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە تەنیا گوێمان لەتەقەی کوشتنی ١٠ سەربازی عێراقی بوو لەناوچەی رەفاعی کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەدیلگیرابون».
زۆربەی یەکە سەربازیەکانی سوپای عێراقو پۆلیسی فیدراڵی پاشەکشێیان کردو بەرانبەر چەکدارای داعش شەڕیان نەکرد، بەشێک لەیەکە سەربازیەکانیش فریای بردنی چەکە قورسو سوکەکانیان نەکەوتن، ئەو تەلیسمە هێشتا لەلایەن بەرپرسە عێراقیەکانەوە

نەکراوەتەوە کە ئایا لەترسا هەڵهاتن یان فەرمانی سەروی خۆیان هەبوە بۆ کشانەوە یان پیلانگێڕیەک هەبوە بۆ هاوکاریکردنی داعش.
دوای ساڵێک لەروداوەکە، گرێکوێرەی چیرۆکی کەوتنی موسڵ تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، هەرلایەک لەئیدارەی موسڵو حکومەتی ناوەندی دەیەوێت ئۆباڵی کەوتنی شارەکە بخاتە ئەستۆی ئەویتر، ئەوەش بەپێی گێڕانەوە جیاوازەکانیان بۆ ئەو روداوە.
سوپا بەر لەخەڵکەکەی شاری موسڵی چۆڵکردو جلوبەرگە سەربازیەکان لەسەر رێگا گشتیەکان فڕێدرابون، بەشێک لەسەبازەکانیش جلی مەدەنیان بەسەر جلە سەربازیەکانیاندا لەبەرکردبوو تا نەناسرێنەوە، ئەوەش بەپێی گێڕانەوەی ژمارەیەک شایەتحاڵی ڕۆژی کەوتنی موسڵ کە بۆ هاوڵاتی دواون.
شاری موسڵ کە بەگەورەترین شاری عێراق دادەنرێت لەدوای بەغدا، لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا بەتەواوی کەوتە دەست داعش، ١٠ی مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٤ بەتەواوی ئەو گروپە هەژمونی بەسەر شارەکەدا کرد، ئەویش پاش ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی هەڵهاتن.
ئەحمەد حوسام هەڵسوکەوتی پێشوی داعشی لەسوریا بیستبوو، نەیدەویست بەچاوی خۆی ئەو هەڵسوکەوتانە ببینێت، ئەو کە ئێستا لەگەڵ ژنو چوار منداڵەکەیدا لەبەغدا نیشتەجێیە، دەڵێت لەگەڵ هەڵهاتنی هاوڵاتیاندا لەپاشنیوەڕۆی ٩ی مانگ، دزینی ماڵانو راووڕوتی فەرمانگە حکومیەکان دەستیپێکرد.
سەرەتا چەکدارە عەشایەرە سوننەکان هاوکاری داعش بون لەکۆنترۆڵکردنی شارەکەو راوەدونانی سوپا، هەر ئەو چەکدارانەش خاڵی پشکنینی گەڕۆکیان لەسەر رێگای هەڵهاتنی دانیشتوانی موسڵ دانابوو.
محەمەد عادل (٤٠ ساڵ)، دانیشتوی ناوچەی تەنکی ڕۆژئاوای موسڵ، گرتنی شارەکەی بەلاوە کتوپڕ نەبوو لەلایەن داعشەوە، ئەو ئاماژە بەوەدەدات کە چەندین ناوچەی سەرسنور هەبوە ماوەیەکی زۆر بوە لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکراوە، بەتایبەت ناوچەی تەلباج.

محەمەد عادل وتی:"شانەی نوستوی داعش رۆڵی هەبوو لەڕوخاندنی ورەی سوپا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەوە، کە چوار رۆژ پێش کەوتنی موسڵ کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی دەکرد لەنێو خەڵکدا".
ئەو هاوڵاتیە، هەمان ڕۆژی کەوتنی موسڵ هەڵهاتوەو ئێستا لەشاری ناسریەی زۆرینە شیعەی ناوەڕاستی عێراق نیشتەجێیە، دەڵێت هیچ بەرگریەکی بەرانبەر بەپێشڕەوی چەکدارانی داعش لەموسڵ بەدینەکرد، ئاماژەی بەوەدا "چەکدارانی داعش کە هاتنە موسڵەوە، چەکی سەیرو سەمەرەیان پێبوو کە پێشتر نەمان بینیبون، ئەوان بەخێرایی جوڵەیان دەکرد وەک ئەوەی مەشقپێکراوبن".
هەروەها وتیشی:"بەرلەوەی ئەوان بگەنە ئەو شوێنانەی مۆڵگەی سوپا بوو، سەربازەکان هەڵهاتبون، تەنیا چەکو جلە سەربازیە جێماوەکانیان مابون کە جێیانهێشتبوو".
بەشێک لەبەرپرسەکانی موسڵ، پێش ٩ی مانگی ٢٠١٤/٦ شارەکەیان جێهێشتو بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵهاتن، وەک ئەوەی زانیاریان هەبێت لەسەر رودانی ئەو تاوانەکە، بەشێکیشیان بەناچاری مابونەوە تا ئەوکاتەی داعش هێرشیکرد.
جومیلە عوبێدی (٥٢ ساڵ)، پەرلەمانتاری سوننەی عێراق لەپشکی نەینەوا، لەگەڵ بیستنی هاتنە ناوەوەی داعش لەگەڵ خێزانەکەیدا هەڵهاتوە، کە لەناوچەی تیرەی ناوەڕاستی ئەو شارە دەژیا.
جومەیلی عوبێدی وتی:"بەر لەو وادەیە بەدوو ساڵ، گروپە چەکدارە توندڕەوەکان موسڵیان کۆنترۆڵ کردبوو، شانە نوستوەکانی پێشوی رێکخراوی قاعیدە لەموسڵ هاوکاری داعش بون لەزوو کۆنترۆڵکردنی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترسەوە لەنێو خەڵکدا".
ئەو وتیشی:"لەحەوتی مانگەوە سوپا بەشی ڕۆژئاوای موسڵی چۆڵکردبوو، کاتێک بیستویەتی داعش هێرش دەکات، ئەوەش ورەی خەڵکی بەتەواوی تیکشکاند، ئێمە بەپەلە هەڵهاتینو تەنیا توانیم بتڵێک ئاوو کیسەیەک دەستەسڕ لەگەڵ خۆمدا بەرم، تا ئەوکاتەی خۆم گەیاندە شاری دهۆک".
بەهۆی کەوتنی موسڵەوە، ئەسیل نوجێفی پارێزگاری نەینەوا لەلایەن زۆرینەی شیعەکانی پەرلەمانەوە لەکارەکەی لادرا، ئەوەش بۆ جارێکی

تر ململانێی سیاسی خستەوە نێو کەیسی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن داعشەوە، لەکاتێکدا تائێستا ئاسۆی ئازادکردنەوەی ئەو شارە دیارنیە دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر کۆنترۆڵکردنیدا.
عوبێدی دەڵێت:"موسڵ سیاسیانە رادەستی داعش کراو دەشبێت سیاسیانە بگێڕنێتەوە نەک بەتەنیا لەڕوی سەربازیەوە".

## (١٢)
## موسڵ پاش دە ڕۆژ لە داگیرکردنی

دووسەد مەترمان مابوو بگەینە دەروازەی خۆرهەڵاتی شارەکە، شۆفێرە کوردەکە کە لە هەولێرەوە ئێمەی هەڵگرتبوو، ئۆتۆمبێلەکەی راگرتو پێی وتین "ئیتر لێرە ئیشی من تەواو بوو، یەك مەتری تر ناچمە پێشەوە".
لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دوو کەسی ترم لەگەڵدا بوو، یەکێکیان پزیشكو ئەوی تریان خوێندکاربوو، ئەوان بۆ ئەوە گەڕابوونەوە کە سۆراغی کەسوکارەکەیان بکەنو منیش دەمویست راستییەکان بە چاوی خۆم ببینم.
پاش وەستانی شۆفێرەکە لە ئۆتۆمبێلەکە هاتینە خوارەوەو سواری تاکسییەکی تر بووین، بە رێگایەکی چۆڵدا بە خێرایی بەرەو ناوشار کەوتە ڕێ، تووشی سەرسوڕمان بووین کە بینیمان ئەو هەموو گۆڕانکارییە روویداوە، لە یەکەم خاڵی پشکنینی چەکدارە دەمامکدارەکاندا لافیتەیەکی گەورە هەڵواسرابوو کە لێی نوسرابوو "ویلایەتی نەینەوا بەخێرهاتنتان دەکات".
کاتێك کە شۆفێرەکە بینی ئێمە پەشۆکاوین، هەوڵیدا هێورمان بکاتەوەو وتی "مەترسن، رێ لەکەس ناگرن".
کە بە بێ هیچ کێشەیەك لەو خاڵی پشکنینە تێپەڕبووین بینیمان هەموو بارەگاو بورجەکانی هێزە ئەمنییەکان تەختی زەوی کراوەو لەسەر رێگاکەش چەندین زرێپۆشو ئۆتۆمبێلی شکاو کەوتوون لەگەڵ پارچەی جلو بەرگی ئەو سەربازانەی لە ترسی گیانی خۆیان هەڵهاتبوون.
شۆفێرەکە بە گرنگییەوە باسی ئەم بارودۆخە نوێیەی دەکرد کە خەڵك هەست بە دڵنیایی دەکاتو ژیان لە موسڵ وەك پێش ساڵی ٢٠٠٣ی لێهاتووەتەوەو هەموو رێگاوبانەکان کراونەتەوە، کاتێکیش هاوڕێ پزیشکەکەمان پرسیاری خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك سوتەمەنیو ئاوو کارەبای لێکرد، شۆفێرەکە وتی "خوا دەبری دەکات".
کە گەیشتینە ناو شارەکە بینیمان چەکدارەکان بە شێوەیەکی رێکخراو بە چەند ئۆتۆمبێلێك دەرۆیشتن کە ئاڵای ڕەش لەسەریان دەشەکایەوە، بە پێی قسەی ئەبو ئەحمەد کە شۆفێری تایبەتی یەکێك لە ئەمیرەکانە، ئێستا پارێزگاکە کراوە بە چوار کەرتەوەو هەر یەکێکیان لە لایەن ئەمیرێکەوە

بـەڕێـوە دەبرێـتو ڕاسـتەوخۆ لـە یاریـدەدەرەکانی والییـەوە ڕێنمـایی وەردەگرن.
ئەبو ئەحمەد (٢٨) ساڵ لە یەکێك لە گرتوخانەکان ئەو ئـەمیرەی ناسیوەو پاش هاتنە دەرەوەی بە ساڵێك، پەیوەندی کردووە بـە داعشـەوەو ڕاهێنـانی چڕوپڕی لە بیابانی جەزیرە وەرگرتووە.
ئـەو بـە جۆشو خرۆشـەوە قسـەی بـۆ کۆمـەڵێـك گـەنج دەکـرد کـە تـازە پەیوەندییان کردبوو بە داعشەوە و دەیوت:"برا موجاهیدەکانتان ئێستا لـە لێواری بەغدا شەڕ دەکەن، بە ناوی خوا ئەبێت هەموو شـارەکانی عێراق ئازاد بکەینو دەوڵەتێکی ئیسلامی دادپەروەر بنیاد بنێین" لـە دوای ئـەوەوە گەنجەکان بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد "دەوڵەتی ئیسلامی دەمێنێ".
بە تەنها ڕۆژێك بەس نییە بۆ ئـەوەی لـە بـارودۆخی شـارێك تێبگـەیت کـە یەك ملیۆنو ٧٠٠ هـەزار کەسـی تێدا دەژی، من زیـاتر مامـەوەو سوودم لەو ئارامییە ڕێژەییە وەرگرت کە لـە شـارەکەدا هـەیـە، بـە تایبـەتی کـە بـە باشی گەڕەكو کۆڵانەکانی شارەزامو خەڵکەکەی دەناسم.
هێشتا خـەڵك دوودڵن لـەوەی دەسـت بکەنـەوە بـە ژیـانی ئاسـایی خۆیـان، کۆمـەڵێك هـاوڕێ بۆ یەکـەمجار بـوو لـە پاش کۆنترۆڵکردنی شـارەکە لـە لایەن داعشەوە لـە چایخانـەیـەکی نـاو شـاردا کۆبوبوونـەوە، ئـەو ڕۆژە لـە بـاس خواسـەکانیاندا دەردەکـەوت کـە هـیچ گرنگـی بـە جـامی جیهـانی بـەرازیل نـادەن، بـەڵکـو هـەموو خـەیاڵیـان لـەلای بـارودۆخی شـارەکەو ئایندەی بوو، لـە خـەمی ئـەوەدابوون شـوێنێکی بـاش بۆ کەسوکارەکەیـان دابین بکەن، چونکە لەوە ناچێت بەخێر بشکێتەوە.
ئەوانـەی دانیشـتبوون بـە گاڵتـەیەکـەوە کـە زیـاتر لـە ڕاسـتی دەچـوو بـە یـەکتریان دەوت "ڕەنگـە ئەمـە دواجـار بێـت بتـوانین نێرگەلـە بکێشـین، چونکە دەنگوباسی ئەوە هەیە قەدەغەی دەکەن".
زۆر هەوڵمدا چاوم بـە چەکدارە عـەرەبـو بیانییـەکان بکـەوێت کـە لەگـەڵ داعشدا بوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، چونکە هەموویان بـە ئاراستەی سەلاحەدینو دیالەو بەغدا ڕۆیشتبوونو نـەینـەوایان بۆ چەکدارەکانی نـاو شارەکە جێهێشتبوو.

بە قسەی یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی بەعس، داعش باڵادەستی یەکەمە لە ناو پارێزگاکەداو گروپە چەکدارەکانی تر بە شێوەیەکی شەرمنانە ئامادەییان هەیە.
ئەو کەسە وتی "داعش ڕێنادات هیچ چالاکییەك لە دەرەوەی ئاڵای دەوڵەتی ئیسلامی هەبێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پێداگریان لەسەر ئەوە کردووە هاوڵاتیانی مەدەنی نەبنە خاوەنی چەك، نەوەك لە دژیان رابپەڕن".
بە قسەی ئەو ئەندامەی حیزبی بەعس سەرکردە توندڕەوەکانی داعش فێڵیان لە حیزبەکەی ئەو کردووە، چونکە هەرچەندە پێشتر ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی ئەفسەرێکی پلەباڵای پێشووی سوپا شارەکە بەڕێوە ببات، بەڵام دواتر پاشگەزبوونەتەوە، لەمڕووەوە وتی "چاوەڕێ دەکەین هەتا مەسەلەی بەغدا یەکلایی دەبێتەوە".
یەکێك لە هەوڵەکانم بۆ ئەوە بوو کە لە بارودۆخی مەسیحییەکان تێبگەم، چونکە پێشتر لە هەولێر هەندێ قسەم لە پیاوێکی مەسیحی بیستبوو کە خۆیو خێزانەکەی بۆ سەهلی نەینەوا هەڵهاتبوون، ئەو جێگەیەی چەقی کۆبوونەوەی مەسیحییەکانە.
بەلای کەنیسەی ئابا دومنیکان تێپەڕیم کە بە"کەنیسەی ساعە" ناوی دەرکردووە، بینیم چەند چەکدارێك لە بەردەم کەنیسەکەدا وەستاون پاش ئەوەی سوتاندویانە، بەڵام سەیرەکە ئەوە بوو سێ راهیبەم بینی بە جلە تایبەتەکەی خۆیانەوە لە بازاڕ دەسوڕانەوە.
خەڵکی ناوچەی ساعە لە ناوەندی شار کە زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحین ئاماژەیان بەوە کرد بەشی هەرە زۆری خێزانە مەسیحییەکان هەڵهاتوونو تەنها چەند کەسێکی کەم ماونەتەوە.
هەر لە نزیك ئەوێو لە بەردەم مزگەوتی عومەر ئەسوەد لە ناوچەی فاروق پاسێکی بچکۆلە وەستاو چەند کەسێك لێی دابەزینو چوونە ژوورەوە، دەرکەوت ئەوانە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بوون ئێستا بۆ تۆبەکردن هاتوون پاش ئەوەی لێبوردنی گشتییان بۆ دەرچووە.
واسق خەلەف کە پۆلیسێکی تەمەن چل ساڵ بوو لە ناو مزگەوتەکە چەکەکەی رادەست کردوو شایەتمانی هێناو تۆبەی کرد، بەو پێیەش

هەڕەشەی لەسەر نەما، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە چەندین پۆلیسو سەربازو ئەفسەری پلەدار دووبارەیان کردووەتەوە.
کاتێك پرسیارم لێکرد پاش وازهێنان لە هێزە ئەمنییەکانو نەمانی موچەکەی چۆن خێزانە پێنج کەسییەکەی بەڕێوە دەبات، وتی "بە تەنها نیم، بە سەدانی تر موچەیان نەماوەو هیچ سەرچاوەیەکی تری داراییان نییە".
سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدرێت دامو دەزگاکانی بخرێنەوە کار، بەڵام هەموو شتێك پەکی کەوتووە، تەنانەت فەرمانبەرانی دامەزراوە تەندروستیو خزمەتگوزارییەکان کە بەردەوامن لە دەوامکردن دڵنیانین لەوەی موچەکانیان وەردەگرن یان نا، مەگەر لە حاڵەتێکدا داعش ئەو پارەیە خەرج بکات کە لە بانکەکاندا دەستی بەسەردا گرتوونو مەزەندە دەکرێت بە یەك ملیارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار.
هەندێ لەو هاوڵاتیانەی سەرەتا خۆشحاڵ بوون بەم بارودۆخە نوێیە، دواتر تێگەیشتوون کە گوزەرانیان چەندە شێواوە، ئەمەش پاش ئەوەی قەیرانی خزمەتگوزاری دروست بووە بۆ دەستکەوتنی ٢٠ لیتر بەنزین دەبێت چەند کاتژمێرێك لە ریزدا بووەستنو نرخی یەك لیتر بەنزینیش بووەتە سێ ئەوەندەی جاران.
هەرچی کارەبای نیشتیمانییە تەنها دوو کاتژمێر هەیە لە رۆژێکداو خاوەنی مۆلیدە ئەهلییەکانیش هاواریان لێهەستاوە کە سوتەمەنیان نامێنێت، ئینتەرنێتیش بە تەواوی بچڕاوە.
لە کاتی سوڕانەوەم لە شارەکە ئۆتۆمبێلێکی گۆڵلە نەبڕم بینی کە شوێنی چەند فیشەکێکی پێوە بوو، رێبوارانی ئەو دەوروبەرە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەوە ئۆتۆمبێلی کۆنسوڵی تورکیایە، چونکە باش دەیناسن.
دواهەمین جار کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی کۆنسوڵ لەلای خۆرئاوای شارەکە بینراوە پاش رفاندنی، دوای ئەوە ئیتر دیار نەماوە، چونکە زوو زوو شوێنی کەسە رفێندراوەکان دەگۆڕن.
خەڵکی زۆر لەوە دەترسن کە چەکدارە توندڕەوەکان شوێنە ئاینیو پیرۆزەکان خاپور بکەن، چونکە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر مەزارێکیان رووخاندووە کە بە"قبر البنت" ناسراوە بەو بیانووەی لەگەڵ ئاینی

ئیسلامدا نایەتەوە، ئێستا ترس لەوەیە ئەم حاڵەتە بپەڕێتەوە بۆ جێگە ئاینییەکانی تریش، هاوشێوەی مەزاری نەبی یونس.
هەندێکی تر لە رۆشنبیرانی شارەکە لەوە دەترسن گورزی گەورە لە کەلتوری‌و شارستانی موسڵ بکەوێت، چونکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە چەند دەستنوسێکی دەگمەن دزەیان پێکراوە بۆ تورکیا...

## (١٣)
## ساڵی داعش لەموسڵ، شارێك هیچی لەجاران ناچێت

یەك ساڵی ڕەبەقە (٢٠١٥) موسڵ بەدەست داعشەوەیەو لەم ماوەیەدا گۆڕانكاری گەورە لەهەموو بوارە جۆربەجۆرەكانی ئەو شارەدا ڕوویداوەو هیچی لەموسڵی جاران ناچێت.
لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٥)، موسڵییەكان لەناو خۆیاندا مقۆمقۆیان بوو لەسەر یادی ساڵانەی داگیركردنی شارەكە، هەریەك لەوانە خاوەنی چیرۆكێكی تایبەتی خۆیانن، بەڵام چیرۆكی سەرەكی موسڵییەكانی هەمووی وەك یەكە، لەرێی تەلەفۆنەوە لەگەڵ ژمارەیەك لەخەڵكی ئەو شارە دواین، كە ماوەی ساڵێكە لەژێر دەسەڵاتی داعشدانو لێرەدا چیرۆكەكان وەك خۆی دەگێڕینەوە.

### شارێكی یەك ڕەنگە
یاسا توندەكانی داعش زۆرێك لەسیماكانی ئەو شارەیان گۆڕیوە، بەجۆرێك شێوەی بەدەگمەن دەچێتەوە سەر وێنەكەی جارانی.
سەعید موحسین توێژەرێكی كۆمەڵایەتییە وتی "یەكەمجارە لەمێژوودا ئەم شارە مەسیحیو شەبەكو توركمانە شیعەكانی تیا نەبێت، داعش هەر بەوەوە نەوەستا دەریانبپەڕێنێ، بەڵكو موڵكو ماڵەكەشی داگیركردن".
سەعید دەشڵێ "ئەو كەرتبوونەی كەوتە نێوان پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانەوە، بەزەحمەت چاك دەبێتەوە، زەحمەتە جارێكی تر كەمایەتییەكان بگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان".
ئێستا ئەوانەی لەو شارەدا دەژین ڕاستە لەرووی پێكهاتەی نەتەوەییەوە جیاوازنو عەرەبو كوردو توركمانیان تێدایە، بەڵام لەرووی پێكهاتەی مەزهەبییەوە یەك ڕەنگنو هەموویان سوننەن.
موحسین ئاماژە بەوەش دەكات كە داعش ململانێی نێوان شارنشینو گوندنشینەكانی تۆخ كردووەتەوەو ئێستا گوندنشینەكان لەهەموو شتێكدا باڵادەستن. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی كە ئاخۆ داعش چی لەشارەكە گۆڕیوە؟ ئەحمەد معازیدی كە دانیشتوویەكی موسڵە وتی"گوندنشینەكان

سوودیان لەبوونی داعش بینیوە بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆیان، ئێستا موسڵ بووەتە گوندێکی گەورە".

**تارمایی داعش بەسەر موسڵەوە**

داعش تەنها دە رۆژی بەس بوو بۆ ئەوەی دەست بکات بەگۆڕینی روخساری ئایینیو شارستانی شارەکە، یەکڕاست کەوتە ڕۆخاندنو تەقاندنەوەی مزگەوتو کەنیسە دێرینەکانو هەموو ناوچە شوێنەوارییەکان.

بەساڵێك موسڵ بووە شارێکی بەنیقاب داپۆشراوی ریش درێژ، لەو شارە کەس بۆی نییە خواردنەوەی کهولی بخواتەوەو جگەرە بکێشێت، بەڵکو دەبێت هەمووان روو لەمزگەوت بکەن.

سوعاد یاسر کە ژنە فەرمانبەرێکی زانکۆی موسڵە دەڵێت "هەموو شتێك لەژیانمدا گۆڕدرا، مێردەکەم ریشی درێژ کردەوەو خۆمو کچە یانزە ساڵەکەم نیقابمان پۆشیوەو بۆمان نییە بەتەنها بێینە دەرەوە".

سەعید موحسنی توێژەی کۆمەڵایەتی بۆچوونی خۆی لەمبارەیەشەوە هەیەو دەڵێت "سەپاندنی ئەو بڕیارانە بەسەر موسڵدا پلانێکی پێشوەختەی ئامادەکراوە، خەڵکی بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یەکپارچە ڕەنگی ئەو گروپە توندڕەوەیان گرتووە".

دەشڵێت "منداڵو هەرزەکارەکان لەهەموو ئەوانی تر زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە، خۆشییان بەتاوانو توندوتیژییەکان دێتو بەدیار پەڕاندنی سەرو بڕینەوەی دەستو رەجمکردنو فڕێدانە خوارەوە دەوەستن".

**شارێکی پڕ لەهەژار**

لەرووی ئابورییەوە هەموو کەرتەکان ئیفلیج بوونو یەك سوپا بێکار ماونەتەوە، بەڵام دیاردەی هەرە باو ئەوەیە کە داعش هەوڵی هەژارکردنی خەڵکی شارەکە دەدات.

سەید لەتیف کە بازرگانێکی جگەرە بوو وتی "شەڕی بژێویمان لەگەڵ دەکەن، هەر شتێك پارەی لێوە پەیدا بکرێت لەناوی دەبەن، دەوڵەمەند لەشارەکەدا نەماوەو هەموویان هەژار کردووە".

دە مانگە ئەو بازرگانە بەهۆی قەدەغەکردنی جگەرەوە بێکار بووە، هەموو ئەو سامانەشی کە هەیبووە پاش دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسی داعشەوە لەدەستی داوە.
لەتیف دەڵێت "بەتۆمەتی قاچاخچێتی بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ دەستگیرکرامو قازی شەرعی بڕیاریدا بەغەرامە کردنم بەبڕی ٣٠ ملیۆن دینارو هەرچی جگەرەش هەمبوو دەستیان بەسەردا گرت".
ئێستا داعش دەست وەردەداتە هەر شتێکەوە کە پارەی لێوە پەیدا بکرێتو ڕۆژ بەرۆژیش لیستی کەلوپەلە قەدەغەکراوەکان فراوانتر دەکات.
ئەو بازرگانەی پێی وایە پلانی هەژارکردنی خەڵکی شارەکە بۆ ئەوەیە بچنە پاڵ داعش، چونکە چەکدارانی ئەو گروپە موچەیەکی باش وەردەگرنو لەموڵکو ماڵی خەڵکە هەڵاتووەکە بەشیان دەدرێ.

**تۆقاندن سەرمایەی سەرەکییە**

ئەندازیار سەعد عەبدو کە فەرمانبەری پارێزگای نەینەوا بوو ئێستا لەپاڵ داعشدایە دەڵێت "شارەکە بەڕێژەی ٩٠% ئارامەو تەنها ترسمان لەبۆردومانی فڕۆکە هەیە".
ئەوەی نەیاری داعش بێت لەموسڵدا زوو لەناو دەچێت، بەسەدان تەرمی ئەندامانی هێزە ئەمنییەکانی جارانو پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانو ڕۆژنامەنووسان، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە لەوبارەیەوە.
بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەمنی موسڵ داعش پشت دەبەستێت بەدەزگای "پۆلیسی ئیسلامی"و ئاسایشو هەواڵگری، بەڵام سەرمایەی هەرە سەرەکیان ئەو ترسو تۆقاندنەیە کە لەناو دڵی خەڵکیدا بڵاویان کردووەتەوە، هەر کەسێك سەرپێچی بکات یان سەری دەپەڕێندرێت یاخود دەستی دەبڕێتەوەو فڕێ دەدرێتە خوارەوە یان ڕەجم دەکرێت، خەڵکەکەش ناچارن تەماشای بکەن.
عومەر خزیر (٣٥ ساڵ) بۆ ماوەی سێ هەفتە لەگرتوخانەیەکی داعشدا بووەو لەو ڕووەوە وتی "هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك دەدراین، زیاتر لەوەی ئەمەریکییەکانو هێزە ئەمنییە عێراقییەکان دەچوو کە بەرامبەر گیراوەکان دەیانکرد".

عومەر دەشڵێت "چەند جارێك گەیاندمیانە لێواری مەرگ تەنها لەبەر ئەوەی بەقاچاغ جگەرەم هێنابوو، ناخۆشترینیان ئەوە بوو جارێکیان بردمیانە لێواری چاڵی بەناوبانگی (خەسفە) بۆ ئەوەی بمکوژن، بەڵام دواتر گەڕاندمیانەوە بۆ زیندان".
وتیشی "قازی شەرعی بەدەستی خۆی بەپێلاو دەیکێشا بەسەرماندا، هەندێ لەبەتەمەنەکان دەبووڕانەوە".

## موسڵ پاكو خاوێنە، بەڵام شارێکی بێ پەیوەندی

داعش دەیەوێت وەها خۆی نمایش بکات کە دەوڵەتێکەو توانای بەڕێوەبردنی شاری هەیە، چەند مانگێکە دەستیکردووە بەهەڵمەتی پاککردنەوەی شارەکەو قیرتاوکردنی ڕێگاو بانو ڕووناککردنەوەیان، ئەمەش بەقسەی ئەندازیار سەعد عەبدو هاوشێوەکانی دەستکەوتێکە بۆ داعش کە حکومەت لەساڵی ٢٠٠٣وە بۆی نەکراوە. موسڵ ئێستاش شارێکی گەمارۆدراوەو بەزەحمەت کەسێك دەتوانێ لێی بێتە دەرەوە، سەمیرە حەسەن کە فەرمانبەرێکی خانەنشینە سێ ڕۆژی پێویست بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ دە کەسی تردا بگاتە بەغدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاری فەرمانگەیەك. سەمیرە وتی "ناچار بووم ماڵەکەم بخەمە ڕەهنەوە بۆ ئەوەی لەشارەکە بێمە دەرەوە، ئەگەر لەماوەی بیست ڕۆژدا نەگەڕێمەوە، ئەوا خانووەکەم دەبێتە موڵکی ئەوان. ڕێگایەك کە هێشتا بۆ هاتووچۆ مابێت چوونە لەموسڵە بۆ شاری ڕەققەی سوریاو لەوێوە بۆ تورکیا، بۆیە ئێستا موسڵییەکان زۆر ڕوویان لەوێ کردووەو پاشانیش بۆ ئەنکەرەو ئەستەنبوڵو غازی عەنتاب. بەبۆنەی تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر داگیرکردنی شارەکەدا، داعش کەوتە بڵاوکردنەوەی شیرینی بەسەر ڕێبوارانی شارەکەداو لێدانی سرودی تایبەت بەخۆیان، هەموو مزگەوتەکانیشی ناچارکردووە بۆ وتاری نوێژی هەینی باسی ئەو ڕووداوە بکەن لەژێر دروشمی "دەمێنێتەوەو گەشە دەکات". ئێستا پرسیاری هەیە سەرەکی لای زۆربەی موسڵییەکان ئەوەیە ئاخۆ تاکەی داعش دەست بەسەر ئەو شارەدا دەگرێت؟ چارەنووسی دانیشتوانەکەی چی دەبێت؟ هیچ ڕێگایەك هەیە بۆ دەربازبوون؟

## (١٤)
## مەسیحییەکان جەژنەکەیان دەبەنە ناو چادرێکەوە

بەدرێژایی مێژوو هیچ کاتێك وەکو ئێستا کەنیسەکانی نەینەوا خامۆش نەبوون، ئەمساڵ (٢٠١٥) مەسیحییەکان دوور لەماڵو حاڵی خۆیان...
جیاواز لەرابردوو، ئێستا بێدەنگی باڵی بەسەر ناوچەکەدا پۆشیوەو ئەوەی تۆزێك گەرموگوڕی هێناوەتە ئاراوە، ئەو چادرەیە کە بەناوی "چادری یەسوع" لەناو ئاوارە مەسیحییەکان لەهەولێر هەڵدراوەو هەر زوو لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك دەنگێکە زۆری دایەوە.
کەنیسەی (مارئیلیا) لەعەنکاوەی هەولێر بەهۆی ئەو چادرەوە کە لەنزیك چادرگەی ئاوارەکان هەڵدراوە ناووناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، ئەو کەنیسەیە لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ نزیکەی ٣٠٠ خێزانی ئاوارەی مەسیحی لەخۆگرتووە لەوانەی لەناوچەکانی دۆڵی نەینەوا هەڵهاتوون پاش ئەوەی ئەو ناوچانە کەوتە دەست داعش.
لەبەردەم دەرگای کەنیسەکە گەنجێکی تەمەن (٢٢ ساڵ) پێشوازی کردم کە بۆ پاسەوانی جێگەکە وەستابوو، لەوەڵامی ئەوەی ئەم ڕۆژانە هەست بەچی دەکات؟ وتی "هیچ دیمەنێکی ئاهەنگ لێرە نییە تەنها ئەوە نەبێت"، لەو کاتەدا دەستی ڕاکێشا بۆ چادرەکەو ئەو درەختەی لەتەنیشتی ڕازێندرابۆوە.
ئەو گەنجە کە ناوی داود بوو ئاماژەی بەوە کرد سەرەڕای بارودۆخەکە، بەڵام تەنها منداڵان دەستبەرداری ئاهەنگەکانی خۆیان نەبوون.
هەرکاتێك سەرنجی داود دەچووە دەرەوەی سیاجەکەو ئەو دارە ڕازێندراوەیەی دەبینی کە لەبەردەم بازاڕێکی بەرامبەری داندرابوو، یەکڕاست یادەوەرییەکانی دەگەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی قەرەقوش کە لەگەڵ خێزانەکەیدا چوار مانگە جێی هێشتووە.
ئەو کاتەی لەگەڵ یەکێك لەسەردانکەرەکان ڕۆیشت بۆ وێنەگرتنی چادرەکە، داود وتی:"ساڵی پار ئەم کاتانە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئاهەنگ گێڕان، بەڵام ئەمڕۆ باسی جەژن ناکەین بۆ ئەوەی یادەوەرییە تاڵەکانمان بیر نەکەوێتەوە".

لەتەنیشت چادرەکەوە ژوورێکی بچووك هەیە کە ئەب دۆگلاس بازی سەرپەرشتیاری کەنیسەی مارئیلیاو چادرگەی ئاوارەکانی لێیە.
ئەو پیاوە خۆی تەرخان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی چادرگاکەو خوێندنگاو پەیمانگای ئاوارەکان، لەماوەی ئەو نیو کاتژمێرەشدا کە قسەی بۆ "نیقاش" کرد باسی ئەو دەردەسەرییانەی کرد کە رووبەرووی ئاوارەکان دەبێتەوەو زۆر بەدەگمەن باسی خۆشی جەژنەکانی کرد، بەڵام هەر کە گەیشتە سەر "چادری مەسیح" کە خۆی بیرۆکەکەی داناوە بەپیرۆزییەکی زۆرەوە باسی لێوە دەکرد.
ئەببازی لەوبارەیەوە دەڵێت:"حەزرەتی مەسیح لەژیانی خۆیدا رووبەرووی کۆچ بووەتەوە، لەم بارەشدا کە سەدان هەزار ئاوارە تووشی نەهامەتی بوون، بڕیاماندا بەم چادرە بچووکە بۆنەکە بکەینەوە"، هەروەها دەڵێت "ئەوەی کردوومانە گوزارشتێکی روون رەوانە بۆ دەقەکەی ناو ئینجیل کە تیایدا هاتووە: خوداوەند چادرەکەی خۆی لەناو خەڵکدا داناوە".
بارودۆخی ئەو خێزانانەی لەناو ئەم چادرگەیەدا دەژین زۆر باشترە لەگوزەرانی ئەوانەی لەچادرگەکانی ترو باڵەخانە تەواو نەبووەکاندا نیشتەجێن، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ژمارەی ئاوارە مەسیحییەکان لەهەرێمی کوردستان گەیشتووەتە سەد هەزار کەس‌و پشکی شێریش وەك هەمیشە بەر هەولێر کەوتووەو بەتەنها لەشارۆچکەی عەینکاوە حەوت هەزار خێزان گیرساونەتەوە.
لەنزیك ئەو کەنیسەیە سەمیرە یەعقوب لەماڵێکدا نیشتەجێبووە کە هێشتا تەواو نەکراوە، دوو ڕۆژیشە خۆی‌و سێ کچەکەی سەرقاڵن بەدروستکردنی هەویرەمەنی‌و خەریکی رازاندنەوەی ئەو ماڵەن کە هیچی نییە تەنها دیوار نەبێت، هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ئەوەیە کەشێکی ئاهەنگ ئامێز دروست بکەن.
دایکە تەمەن شەست ساڵەکە ئومێدی وایە ئەمە دواهەمین جەژن بێت دوور لەماڵەکەی خۆیان کە هاوسێی کەنیسەی دۆمینیکان (کانیسەی ساعە) بوون لەناوەندی موسڵ، بەپێچەوانەی کچەکانیەوە کە وەك گەنجانی تر دەیانەوێت بچنە دەرەوەو لەوڵاتێکی بیانی نیشتەجێ ببن.

هەرچی دراوسێکانی "چادری مەسیح"ە، ئەوا بۆ چەند مانگێك دەچێت لەچادری بچووکدا دەژین، وەك خێزانەکەی مامۆستا جۆرج یەعقوب کە لەپێنج کەس پێکهاتوون‌و لەچادرێکی ٣٠ مەتریدان، ئەو مامۆستایە دەڵێت:"زۆر دڵمان بەو چادرە پیرۆزە خۆشەو پێمان وایە هاوبەشی خەممانە".

ئاوارەکانی ئێرە زۆر شتیان لەدەستداوە، بۆ نموونە یەعقوب نەیتوانیوە لەگەڵ خێزانە گەورەکەی کۆ ببێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموویان چوونەتە ئەردەن بەو هیوایەی لەوڵاتێك مافی پەنابەرێتی بەدەست بهێنن، دڵخۆشی خۆیشی بەوە دەداتەوە کە لەگەڵ هاوسێکانی خێزانێکی گەورەیان پێکهێناوەو پەیوەندی نێوانیان لەمنداڵانی قەیرانەکانەوە لەدایکبووە.

لەئاهەنگی ئەم سەری ساڵەدا(٢٠١٥) ئەوەی بەمەسیحییەکانەوە دیارە نەبوونی سەروپێیە، چونکە ئەوان بەیانیانی جەژن سەروپێ لێدەنێن، وەك یەعقوب دەڵێت: "جەژن بەبێ سەروپێ ناکرێت".

کاتێك لەئەب بازیمان پرسی ئومێدی چییە؟، تەماشای ئەو درەختەی کرد کە یەکێك لەخوێندکارەکان بەکاغەز بۆی دروستکردبوو، پاش کەمێك بەخەمبارییەوە وتی:"نوێژمان بۆ بکەن، یارمەتیمان بدەن، رزگارمان بکەن".

## (١٥)
## بۆ یەکەمجار پاش دوو هەزار ساڵ
## موسڵ شارێك خاڵی لەمەسیحییەکان

لەمێژووی دوو هەزار ساڵی رابردوودا رووی نەداوە پارێزگای موسڵ خاڵی بێت لەمەسیحی، بەڵام بەهۆی داعشەوە، ئەو پارێزگایە تاکە مەسیحییەکی تیا نەماوە.
سامر شێخ کە مامۆستایەکی زمانی سریانییە دوودڵە لەوەی چ بڕیارێك بدات، ئاخۆ هێشتا بەهیوا بێتو چاوەڕێی گەڕانەوە بکات بۆ سەر موڵكو ماڵەکەی خۆی کە داعش لێیان داگیرکردووە، یاخود بەژیانی ئاوارەیی رازی بێتو ئیتر بڕیارێك بدات لەسەر مانەوەی لەهەولێر.
سامر لەسەرەتاوە پێی وابوو ئەوەی روویداوە هاوشێوەی ساڵی ٢٠٠٣یە کاتی کەوتنی رژێمی بەعس، بۆیە ئەو شێوانە ئەمنییە زۆر ناخایەنێتو پاش ماوەیەك دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خوێندنگاکەی لەناوچەی دەواسەی ناوەندی موسڵ، بەڵام دواجار بۆی دەرکەوت ئەوەی روویداوە جیاوازە لەهەموو ئەوانەی رابردوو.
بەخەمو خەفەتێکی زۆرەوە چیرۆکی کەوتنی موسڵ دەگێڕێتەوە لەرۆژی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤و باش وردەکاری بڕیارەکەی داعشی لەبیر ماوە لەبارەی مەسیحییەکانەوە: "یان دەبن بەموسوڵمان یان جزیە دەدەن یاخود شارەکە جێدەهێڵن بەبێ ئەوەی هیچ ببەن".
لەمبارەیەوە دەڵێت:"سەرۆك هۆزەکان هەردوو بژاردەی یەکەمیان رەتکردەوەو هیچمان بۆ نەمایەوە تەنها چۆڵکردنی ماڵو حاڵ نەبێت بەجلەکانی خۆمانەوە، ئەوەی بردمان تەنها خەمو یادەوەری بوو".
درێژە بەگێڕانەوەکەی دەداتو دەڵێت:"تەنها یەك هەفتە پاش ئەوەی ماڵمان چۆڵکرد، چەکدارانی داعش چوون بەرەنگی سوور لەسەر دیواری ماڵەکەمان پیتی (ن)یان نووسیو هەموو کەلوپەلی ماڵەکەشیان لەبازاڕی کەلوپەلە دەست بەسەرداگیراوەکان فرۆشت".
ئەمەی بەسەر سامردا هاتووە لەگەڵ هەموو ماڵە مەسیحییەکانی تریشدا دووبارە بووەتەوە کە بڵاوبووبوونەوە بەگەڕەکەکانی عەرەبیو حەدباو سوکەرو موهەندیسینو زهورو مەجموعەو ساعەو دەواسەو مەیدانو

حوش بەیعە، هەر دوو مانگ دواترو بەدیاریکراوی لەڕۆژی شەشی ئاب هەمان شالاو ناوچەکانی قەرەقوشو بەرتەڵەو کرملیسو تەلکێفی گرتەوە لەباکورو خۆرهەڵاتی موسڵ.

دوای ئەو ڕووداوانە بۆ یەکەمجار لەمێژووی دوو هەزار ساڵەدا روویدا کە نەینەوا پارێزگایەکی خاڵی بێت لەمەسیحی، ئیتر لەو شارە زەنگی کەنیسەکانی کریسمسو سەری ساڵ نابیسترێتو بابە نوئێل بەتەواوی لەشەقامەکانی ونبوو.

لویس ساکۆ بەتریکی کلدان لەعێراقو جیهاندا بەڕوونی وتی "بۆ یەکەمجار لەمێژوودا موسڵ خاڵی بوو لەمەسیحییەکان".

سامر ئەوە باس دەکات کە پەلاماری گروپە توندڕەوەکان بۆ سەر موڵکو ماڵی مەسیحییەکان مێژووەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ساڵی رابردوو، بەڵکو کۆنترەو هەر لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ەوە ئەم شالاوە بەردەوام بووە، بەتایبەتی بۆ موڵکو ماڵی ئەو مەسیحیانەی عێراقیان جێهێشتووە.

لەمبارەیەوە ئەحمەد فەتحی پارێزەر لەبواری خاوەنداریتی خانوبەرە ئاماژە بەوە دەکات لەچەند ساڵی رابردوودا گوێزانەوەی خاوەنداریتی خانوبەرە تەنها لەرێی دادگای بەرایی موسڵەوە کراوە، پاش ئەوەی فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە لەموسڵ لەکارکەوت، ئەو فەرمانگەیە دەکەوتە بەشی چەپی شارەکەوە کە زۆربەی کەمایەتییەکان تیایدا نیشتەجێن، لەماوەیەکی کەمدا داعش دوو بەرێوەبەری یەك لەدوا یەكو سێ فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەی کوشتو قەدەغەی کرد موڵکو ماڵی مەسیحییەکان بگوازرێتەوە سەر کەسانی تر، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هێشتا لەشارەکەدا بالادەست نەبوو.

ئەو پارێزەرە باس لەوە دەکات کە داعش لەرێی دادگاوە دەستی بەسەر موڵکو ماڵی مەسیحییەکاندا گرتووە، چونکە ئەندامانی ئەو گروپە بەناوی کڕیارەوە چوون داوای یاساییان لەدادگا تۆمارکردووە، گوایە فرۆشیار دیار نییە، دواتر لەرێی رۆژنامەیەکی لۆکاڵەوە ئاگاداری بۆ فرۆشیار بڵاوکراوەتەوە تا لەرۆژی دادگایی ئامادەبێت، لەبەر ئەوەی فرۆشیارەکەش لەدەرەوەی وڵات بووەو ئاگاداری ئەم کەینو بەینە نەبووە، بۆیە دادگا خانووەکەی کردووە بەناوی کڕیارەوە.

پارێزەرەکە باس لەوەش دەکات پاش بردنەوەی داواکە، خانووەکە بەشێوەیەکی یاسایی فرۆشراوە بەکەسێکی ترو داهاتەکەشی چووە بۆ داعش.
کاتێك لەساڵی ٢٠١٠ داعش دەسەڵاتی بەهێز دەبێت، باج بەرێژەی ٢٥% دەسەپێنێت بەسەر هەر مەسیحییەکدا کە خانووەکەی بفرۆشێت، لەماوەیەکی کەمیشدا سێ خاوەن خانووی لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی موسڵ کوشتووە لەبەر ئەوەی پابەند نەبوون بەبڕیارەکەوە.
لەو ماوەیەدا زۆربەی مەسیحییەکان مامەڵەکانیان لەدەرەوەی موسڵ رادەپەڕاند، بەتایبەتی لەدادگاکانی تلکێفو قەرەقوش، پارەکەشیان بەشێوەیەکی نهێنی وەردەگرت، بۆ ئەوەی داعش پێی نەزانێتو بڕێکیان لێنەسەنێت.
ساڵی ٢٠١٣ داعش بەشێوەیەکی فەرمی رایگەیاند کە هەموو کڕینو فرۆشتنێك بەخانووی مەسیحییەکانەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی ئەوانە موڵكو ماڵی دەوڵەتی ئیسلامین، ئەوکاتە هێزە ئەمنییەکان لەکۆدەکەی داعش تێنەگەیشتن کە دەیەوێت دەست بەسەر موسڵو دەوروبەریدا بگرێت.
دوای ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کە موسڵ کەوتە دەست داعش، هەموو موڵكو ماڵی مەسیحییەکان بەناوی (بەیتولمال)ەوە دەستی بەسەرداگیراو لەسەر دیوارەکانی دەرەوەیان پیتی (ن) نوسرا، ئەمەش پیتی یەکەمی وشەی "نەسرانی"ە کە سەلەفییە توندڕەوەکان بۆ مەسیحییەکانی بەکاردەهێنن.
سەرجەم تۆمارەکانی خانووبەرە لەفەرمانگەی تۆماری خانوبەرەی قەزای حەمدانیە (قەرەقوش)و تلکێف لەباکوری موسڵ لەلایەن داعشەوە دەستیان بەسەردا گیراوەو ئەو خانووانە جیا کراونەتەوە کە خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحییەکانو دواتر بەناوی داعشەوە تۆمارکراون.
نەك هەر ئەوە بەڵکو لەتۆماری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی نەینەواو ژووری بازرگانیو پیشەسازی موسڵ سەرجەم موڵکی کشتوکاڵیو پرۆژەی پیشەسازیو بازرگانی مەسیحییەکان دۆزراونەتەوەو دەستیان بەسەردا گیراوە، هەروەها لەفەرمانگەی دادنوسیو بەڕێوەبەرایەتی

هاتوچۆش هەرچی ئۆتۆمبێلێك بەناوی مەسیحییەكانەوە بێت ئاشكرایان كردووەو دەستیان بەسەریدا گرتووە.
هەموو ئەو زەویانەی لەناوچەی خاوی كەنیسە لەكەناری لای راستی موسڵ هەر لەكۆنەوە موڵكی مەسیحییەكان بووە، ئێستا دەیان خانوویان بەشێوەیەكی زیادەڕەوی لەسەر دروستكراوە لەلایەن ئەو گوندنشینانەی لایەنگری داعش بوونو ئێستا هاتوونەتە ناو موسڵەوە.
سامر یەكێكە لەو كەسانەی بەئاسانی شوێنی گەورەبوونو نیشتەجێبوونی خۆی بیرناچێتەوەو ئێستا خۆیو ژنەكەیو دوو منداڵەكەی لەگەڕەكی عەینكاوەی هەولێر دەژین، بەردەوام بەسكایپو ڤایبەر لەرێی دراوسێكانەوە سۆراغی خانووەكەی كردووەو لەو كەسانەی پرسووە كە تیایدا نیشتەجێبوون، لەم ماوەیەشدا چەند خێزانێكی جیاوازی بۆ هاتوون، جارێك لەناحیەی قیارەی خوارووی موسڵو جارێكی تریش لەناوچەی شرگاتی پارێزگای سەلاحەدینەوە.
سامر كاتێك بیستی ژمارەیەك لەچەكدارانی داعش كوژراون لەوانەی لەناو خانووەكەی ئەودابوون، دەستی كرد بەئاهەنگ گێڕانو شیرینی بەخشییەوە، كاتێكش زانی بەشێك لەدیواری حەوشەكەی روخێنراوە تا باخچەكەی گەورە بكرێتو شوێنی ئۆتۆمبێلەكانی داعشی تیا ببێتەوە، وەك منداڵ دەگریا، چونكە ئێستاش گوڵ بەگوڵی ئەو باخچەیەی بیر ماوە، ماوەیەكی زۆریش تووشی شۆك بوو كاتێك زانی شوێنەوارەكانی شاری دێرینی نەمرودو مۆزەخانەی نەینەوا تێكشكێنراون.
سامر هاوشێوەی ئەو (١١٥٤) خێزانە مەسیحییەی كە لەحوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ موسڵیان جێهێشتووە، ناتوانن بڕوا بەوە بهێنن كە شارەكەیان لەدەست چووەو ناچارن بەدوای شوێنێكی تردا بگەڕێن، چونكە ئەم خێزانانە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە ئەمادەنەبوون شوێن كاروانی مەسیحییە كۆچكردووەكانی تر بكەونو پێداگرییان دەكرد لەسەر زێدی دوو هەزار ساڵەی باوو باپیریان بمێننەوە، تا دواجار بەزەبری شمشێر ناچار بەكۆچكردن كران.
لەپاڵ ئاوارە مەسیحییەكانی موسڵدا، بەپێی ئامارێك كە لەلایەن كەنیسەوە ئامادەكراوە (٦٣٧٧) خێزان لەشاری قەرەقوشیو (١٣٣٨) خێزان

لەبەرتەڵـــەی خۆرهـــەڵاتی موســـڵو (٧٤٢) خێـــزانیش لـــەکرملیش ئاوارەبوون.
بـەپێی ئامارە فەرمییـەکان پارێزگـای دهۆك دووهـەزار خێزانـی ئـاوارەو قـەزای زاخـۆ (٢٥٠) خێزانیـان لـەخۆگرتووەو (٣٥٠) خێزانـی تـریش بەسـەر قـەزاکانی شێخانو بـەردەڕەشو ئاکرێدا دابەشبوونو پارێزگـای سلێمانیش هەزار خێزانی لەخۆگرتووە.
سـامر بـاش دەزانـێ ڕێـی گەڕانـەوە بـۆ موسـڵ ئاسـان نییـەو خەریکـە بەتـەواوی بێهیـوا دەبـن، بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی حکومـەتی عێـراق ساردبووەتەوە لەکۆنترۆڵکردنـەوەی شـارەکەو ئـەوەی هەیـە تـەنها چەنـد هێرشـێکی کـەمی فرۆکـەکانی هاوپەیمانانـە، بۆیـە کـاروانی کـۆچی مەسیحییەکان بۆ ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوستورالیا ڕێچکەی گرتووە.
سـەرەڕای هـەموو ئـەو ڕێگریانـەش، هێشـتا هـەر بەشـوێن هەواڵـەکانی موسڵەوەیەو لەکەنیسـە مۆم دادەگیرسێنێتو لەدڵـەوە هیواخـوازە جـارێکی تـر گـوێی لـەزەنگی کەنیسـەکانی موسـڵ ببێتـەوەو سەربەسـتانە بەکوچـەو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا بسوڕێتەوە کە چلو چوار ساڵ تیای ژیاوە.

# (١٦)
# هەڵهاتن لەدەست داعش

زۆرکەس دەپرسن چۆن تائێستا دوو ملیۆن کەس لەموسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ماونەتەوە کە قێزەوەنترین تاوانیان بەرامبەر ئەنجام دەدات، بەشێك لەوەڵامەکە لەم چیرۆکەدایە.

لە بەهاری ٢٠١٥ حەسەن حفوزی (٤٠ ساڵ) بڕیاریدا لەگەڵ ژنو سێ منداڵەکەیدا موسڵ جێبهێڵێت، بەڵام ئەو مەرجە ئاستەمانەی لەسەریان داندراوە وایکرد بڕیارەکە دوابخات، لەبەر ئەوەی نەیویست سەرکێشی بەژیانی ماڵو منداڵەکەیەوە بکات.

مەرجەکانی داعش بۆ سەفەرکردن ڕێگای لەهەزاران موسڵی گرتووە، بەڵام هەوڵەکانی هەڵهاتن هەر بەردەوامە، مەترسیدارترینیشیان ڕێگای قاچاغە کە کەسەکە دەگەیەنێت بەمەرگ، دواجار حفوزی ئەم ڕێگایەی هەڵبژارد، یان ئەوەتا لەدۆزەخی داعش رزگاری دەبێت، یان سزا دەدرێت بەکوشتن وەك ئەوەی بەسەر دایکی ئەشرەفو کوڕەکەیدا هات.

حفوزی کە دوو رۆژە گەیشتووەتە شاری ئەستەنبوڵی تورکیا وتی "لەگەڵ شۆفێرێکدا ڕێککەوتم کە جێی متمانەیە، لەسەر داوای ئەو شوێنی دەرچوونمان قەزای حەزر بوو (٨٠کم باشووری موسڵ) لەگەڵ ماڵو منداڵەکەم بەئۆتۆمبێلی براکەم چوینە ئەوێو لەبازگەی (فەتحل موبین) ترسێکی زۆرمان لێ نیشتبوو، چونکە ناوبانگێکی باشی نییە".

دەشڵێت:"تەواو پەشۆکابووم، کە رایان گرتین دایکی ئەشرەفو کوڕەکەیم بیر کەوتەوە کە چۆن لەکاتی هەڵاتنیان داعش لەو بازگەیە گرتبوونیو دوای دوو رۆژ تەرمەکەیان لەپزیشکی دادوەری دۆزرایەوە". درێژە بەقسەکانی دەداتو دەڵێت:"کە لێیان پرسین بۆ کوێ دەچن، وتمان ئەچینە گوندەکەی خۆمان لەناوچەی حەزر".

مانگی ئازاری ٢٠١٥ داعش بڕیارێکی نوێی دەرکرد، کە بەپێی ئەو بڕیارە چوونە دەرەوە لەموسڵ بۆ چەند حاڵەتێکی دیاریکراو دەبێت، یان بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی کە ئەندامانی داعشی تێدایە، یان بۆ حەج کردن، یاخۆد بۆ راپەڕاندنی مامەڵەیەکی فەرمی لەیەکێك لەوەزارەتەکان

لەبەغدا، وەك موچەی خانەنشینی، یاخۆد بۆ بازرگانی لەچوارچێوەی "دەوڵەتی ئیسلامی".
مەرجی سەفەركردن لەسەر كەسەكە ئەوەیە خانوو یان سەیارەیەك بخاتە رەهنەوە لەلای بەرپرسێكی داعش كە نرخەكەی لەبیست هەزار دۆلار كەمتر نەبێت، هەروەها كەسێكی دانیشتووی موسڵ كەفالەتی بكات كە لەماوەی مانگێكدا دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە دەست بەسەر موڵكو ماڵەكەیدا دەگیرێتو كەفیلەكەشی دەخرێتە زیندانەوە.
فەرمانبەرەكە چیرۆكەكە تەواو دەكاتو دەڵێت:"پێنج بازگەمان ببینی تا گەیشتینە حەزر، لەوێ شۆفێرەكە لەشوێنی دیاریكراودا چاوەڕێی دەكردین، سواری ئۆتۆمبێلەكەی بووین كە لەجۆری پیكابەو جوتیارانی ناوچەكە زۆر بەكاری دەهێنن، شۆفێرەكە تەماشای كردین بزانێت پابەندبوون بەرێنماییەكانەوە، ئەویش هەڵنەگرتنی جانتای زۆرو نەپۆشینی جلێك كە دەریبخات سەفەر دەكەین، دوای ئەوە وتی: با بڕۆین". دەشڵێت "خۆشبەختانە شۆفێرەكەمان باش ڕێگاكە شارەزابوو خۆی پاراست لەو بازگەكان تا گەیشتینە قەزای بەعاج (١١٠كم خۆرئاوای موسڵ) كە یەكێكە لەپێگەكانی داعش، دە كاتژمێر بەرێگایەكی پێچاو پێچدا رۆیشتین كە بۆخۆی هەموو ڕێگاكە دوو كاتژمێرە".
حفوزی دەڵێت:"ئەوەی تووشی سەرسوڕمانی كردم شاری تەلەعفەر بوو (٦٥ كم خۆرئاوای موسڵ) لەوێ بینیم داعش لەوپەڕی بەهێزی خۆیداو زۆر لەوەی موسڵ زیاترە".
هۆكار زۆر هەیە كە وادەكات مانگانە خەڵكێكی زۆر ڕێگای قاچاغ بگرنە بەر بۆ دەرچوون لەموسڵو راكردن لەخراپی گوزەرانو ترس لەئایندەی نادیار، ئەفسەرو كارمەندانی پێشووی پۆلیسو سوپاو پالێوراوانی هەڵبژاردنەكانو راگەیاندنكارانو كارمەندانی پزیشكیو خەڵكێكی زۆری تر، لەدەست پیاوكوژەكانی داعش هەڵدێن، چونكە بەشوێنیاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی سەریان لەلاشەیان بكەنەوە، ئاسانترین كار كوشتنی ئەمانەیە ئەگەر بگیرێن وەك دایكی ئەشرەفو كوڕەكەی، چونكە دایكەكە كارمەندی كۆمسیۆنو كوڕەكەش پۆلیسی پێشوو بووە.
بەگەڕانەوە بۆ چیرۆكی حفوزیو خێزانەكەی، پاش ماوەیە شۆفێرەكە رادەستی هاوبەشە سورییەكەیان دەكاتو ئەویش دەیانگەێنێتە شاری

رەقە، کە گەیشتنە ئەو شارە تەواو ماندوو بوو بوون، هەم بەهۆی سەختی ڕێگاو هەم بەهۆی پرسیارە زۆرو زەوەندەکانی چەکدارانی داعش کە ناچاربوون لەهەموو بازگەیەك فرتو فێڵ بکەن.
قاچاخچییەکە ئەم خێزانەی بردووەتە خانوویەك کە سێ خێزانی تری هەڵهاتووی موسڵی تیا بووە، بۆ یەك شەویش حفوزی سەد دۆلاری داوە تا لەتاکە ژوورێکدا جێی ببێتەوە، پاش ئەوەش قاچاخچی سێهەم هاتووە.
حفوزی باس لەدواهەمین وێستگەی کۆچەکەی دەکاتو دەڵێت "شەو بەپاسێکی بچووك بەرەو سنوری تورکیا کەوتینە رێ، سەرنشینەکان ٢٥ کەسبووین، دەبوو ناوچەیەکی مەترسیداری نێوان چەکدارانی داعشو یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ببڕین".
درێژەی پێ دەداتو دەڵێت:"قاچاخچییەکە پێی وتین دەتوانێت بەسەلامەتی بمانپەڕێنێتەوە ئەگەر هەر خێزانێك لەسەروو ئەو پارەیەی داوێتی بڕی سەد دۆلاری تریش بدات، ئێمەش بەناچاری دامان، زۆر ترساین کە گەیشتینە ناوچەیەکی پڕ مەترسیو لەرێی رووناکی ئۆتۆمبێلەکەوە ماڵی رووخاوو سەیارەی سوتاومان بینی، لەنزیك خاڵی سنوری تورکیا دابەزینو خێرا بەپێ کەوتینە رێ، زیاتر لەسەعاتێك لەتاریكو نوتەکی شەودا بەردەوام بووینو منداڵەکانمان بەکۆڵەوە بوو، تا دواجار گەیشتینە خاکی تورکیا.
حفوزی بەختی هەیە کە توانیویەتی بەرێگای مەرگدا بپەڕێتەوەو خۆیو خێزانەکەی رزگاریان ببێت تا ئەو چیرۆکە بگێڕنەوە، لەکاتێکدا هاوڕێ پزیشکەکەی لەبازگەی "فەتحل موبین" لەلایەن داعشەوە گیراو بۆ ماوەی هەفتەیەك خۆیو ژنەکەی دەستبەسەر بوونو دوای ئەوەی سەرجەم سەروەتو سامانەکەیان لێسەند، ئینجا ئازادیان کردن.
هەرچەندە حفوزی لەتورکیا ماوەتەوەو چاوی لەسەر ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ موسڵ پاش ئازادکردنی، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەن کە زۆرینەیان گەنجن بەهیوای ئەوەن زوو دەربازیان ببێتو بگەنە ئەوروپا بەتایبەتی پاش ئەو ئاسانکاریانەی ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا پێشکەشی دەکەن بۆ پێدانی مافی پەنابەرێتی.

---

تێبینی: حفوزی ناوێکی خوازراوەو لەسەر داوای خاوەنەکەی بەو شێوەیە ناوی هێنرا.

## (١٧)
## لەبەردەم بڕیارە قورسەکەدا
## مەرجی مەسیحییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ موسڵ

لەهەر مەسیحییەکی ئاوارە بپرسیت پاش ئازادکردنی ناوچەکەت دەگەڕێیتەوە؟ ڕاستەوخۆ تێدەگەیت کە دوو مەرج زامنی گەڕانەوەیە، پارێزگاری نێودەوڵەتیو کیانێکی ئیداری تایبەت بەخۆیان.
پێدەچێت کۆدەنگییەکی مەسیحی هەبێت لسەر ئەم دوو مەرجەو تەنانەت لەبەرزترین ئاستی مەسیحییەکانیشەوە بەروونی داوا دەکرێت، لویس ساکۆ بەتریکی کلدانی عێراقو جیهان کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠١٥ لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا داوایکرد پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ مەسیحییەکانو کەمایەتییەکانی تری وەك ئێزدیو شەبەك لەنەینەوا دەستەبەر بکرێت.
هەروەها داوایکرد ناوچەیەکی ئارام لەدۆڵی نەینەوا دروستبکرێت، ئەو جێگەیەی لەوپەڕی خۆرئاوای نەینەواوە دەست پێدەکات لەسەر سنوری عێراقو سوریا تا دەگاتە قەرەقوش لەباکورو ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی نەینەوا، ئەمەش ناوچەی دێرینی کەمایەتییە مەسیحیو ئێزدیو شەبەکەکانە.
بەتریك ساکۆ داوای لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد یاسایەك بۆ مافی خاوەنداریتی مەسیحییەکان دەربکەن، تا بتوانن بچنەوە ناوچەکانی خۆیانو ژیانی ئاسایی خۆیان درێژە پێبدەن، هەروەها حکومەتی ناوەندیی عێراق قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە.
معن عەجاج ڕاوێژکاری پێشووی پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری کەمایەتییەکان ژمارەی مەسیحییەکانی نەینەوا هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بە (٥٢٥) هەزار کەس مەزەندە دەکات، لەوانە (١٢٥) هەزار کەسیان لەناو موسڵدا نیشتەجێبوونو ڕێژەی ٨%یان پێکهێناوە، هەروەها چوار سەد هەزارەکەی تر لەناوچەکانی دۆڵی نەینەوا نیشتەجێبوونو ڕێژەی ١٥%ی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە.
بەڵام پاش کەوتنی موسڵ لەنیسانی ٢٠٠٣و ئەو بۆشاییە ئەمنییەی دروستبوو، تەنها هەشت هەزار مەسیحی لەناو موسڵدا مانەوە بەڕێژەی

٠٠٥%و ئەوانـــەی دۆڵـــی نەینـــەواش (١٢٥) هـــەزار کەســـیان مایـــەوە بەرێژەی ٣%.
عـەجاج وتـی "مانـەوەی مەسیحییەکان لەسـەر مەحەکـە"، ئـەو پێـی وایـە بەشـی هـەرە زۆری مەسـیحییەکان جـارێکی تـر ناگەڕێنـەوە بـۆ موسـڵ، چونکە تـازە لـەوڵاتانی خۆرئـاوا یـان هـەرێمی کوردسـتان نیشتەجێبوونو رێژێکی زۆریان لێدەگیرێت، بەپێچەوانەی نەینەواوە.
ئاماژەی بەوەشکرد بەشێك لەمەسیحییەکان ئامادەی گەڕانەوەن بەمـەرجی پارێزگـاری نێودەوڵـەتیو قەرەبووکردنـەوەیان، بـەڵام هێشـتا برینێـك لەدڵیاندا مـاوە بەرامبـەر دانیشتوانی عـەرەبی موسڵ "لەبەرئـەوەی ماڵو حاڵی تاڵانکراو لەزێدی خۆیان دەرکرانو کەس نەچوو بەهانایانەوە".
لـەلای خۆیـەوە وەعـدەڵا ئیلیـا نوسـەرو شـاعیر مەسـەلەی گەڕانـەوە گرێدەداتـەوە بەمتمانـەوەو پێـی وایـە ئێسـتا ئـەوەش بـوونی نییـەو وتـی "مەسیحییەکان لـەوە تێگەیشتن کە چەند لایـەنێك هەیـە لـەناوەو دەرەوەی عێـراق دەیانـەوێت ئـەم وڵاتـە خـاڵی بکـەن لەمەسیحی، پێدەچێت لـەوەدا سەرکەوتوو بووبن".
هـەروەها ئـەمیرە بـت شـموئێل چـالاکوانی مـەدەنی پێـی وایـە لەگـەڵ باشـبوونی بارودۆخەکـە بڕێکـی زۆر کـەمی مەسـیحییەکان دەگەڕێنـەوە، لەبەر ئەوەی مەترسییەکان بوونیان هەر دەمێنێ.
ئـەمیرە بەبێهیواییـەوە دەڵێـت "ناکرێـت ناوچەکـە بەتـەواوی لـەداعش پاکبکرێتـەوە لەبـەر ئـەوەی سـێ لەسـەر چـواری داعـش لەعێراقییـەکان پێکهاتووەو هیچ کەس ناتوانێت عێراقیان لێ پاك بکاتەوە، ئەوانە هەڵگری ئەجێندایەکی ئیسلامی توندڕەوونو پەلاماری هەر کەسێك دەدەن کە وەك ئەوان نەبێت، بەتایبەتی مەسیحیو ئێزدییەکان، ئەمەش چەند جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە".
بەپێچەوانـەی تێڕوانینـی بـاوی مەسـیحییەکان بـۆ گەڕانـەوە بـۆ نەینـەوا، ئەنوەر هیدایە سەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری بزوتنـەوەی گردبوونـەوەی سۆیانو ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پێی وایە بڕیاری نەگەڕانـەوە کاردانەوەیـەکی ئاسـاییە لەبەرامبـەر ئـەوەی روویـداوەو لەئایندەدا بیرکردنەوەی مەسیحییەکان بەو شێوەیە نامێنێت.

ئەنوەر هیدایە وتی "دوای ئابی ساڵی ٢٠١٥ مەسیحییەکان داوای کۆچی بەکۆمەڵیان کرد بۆ دەرەوەی عێراق، بەڵام ئێستا باسی گەڕانەوەی مەرجدار دەکەن".

هیدایە پێی وایە هەڵە لێکدانەوە هەیە بۆ بابەتی گەرەنتی نێودەوڵەتی، چونکە قسەکە لەسەر ئەوە نییە هێزی بیانی ببرێتە دۆڵی نەینەواو نزیك کەنیسەکان، بەڵکو داوای بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت کە حکومەتی ناوەندی عێراقو خۆجێیەتی نەینەواو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بکرێن بەپاراستنی ناوچەکەو دورخستنەوەی لەململانێی سیاسی.

جاران مەسیحییەکان دژی ئەوە بوون هیچ کیانێکی ئیداری وەك هەرێم یان پارێزگا بۆ ئەوان جیا بکرێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی بەسەریان هات، ئێستا ئەم خواستە یەکێکە لەمەرجەکانی گەڕانەوە.

شەمعون سامی نوسەرو توێژەر وتی "رازیبوونی مەسیحییەکان بەگەڕانەوەو پێکهێنانی پارێزگایەك بۆیان، نایانگەیەنێت بەوەی لەخەیاڵیاندایە، چونکە تەنانەت پێش حوزەیرانی ساڵی رابردووش رێژەیان کەمتربووەتەوە لەئێزدیو شەبەك، هەر هەڵبژاردنێکی ناوخۆییش بکرێت بایی ئەوە دەنگ ناهێنن کە پۆستە گرنگەکان وەربگرن، بۆیە هەر لەبەردەم هەڕەشەدا دەبن".

ناسر بەتریس کە بازرگانێکی مەسیحییەو خاوەنی کوشتارگەی پەلەوەرو کارگەی کۆنکرێتو دوو وەرشە بووە لەناوچەی پیشەسازی خۆرهەڵاتی موسڵ دەڵێت "چیمان ماوە تا بۆی بگەڕێینەوە"، ئاماژە بەوە دەکات کە داعش هەموو کەلوپەلی مەسیحییەکان تاڵانکردووەو "تەنانەت کەلوپەلی ناوماڵو جلو بەرگی مەسیحییەکانیش لەبازاڕی دەستبەسەرداگیراوەکاندا فرۆشراوە".

بڕیاری گەڕانەوەی مەسیحییەکان کە ئێستا لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانن (هەولێرو سلێمانیو دهۆك) گرێدراوە بەدەرکردنی داعشو ئەو گەرەنتیانەی وەریدەگرن، تەنانەت پاش ئەوەش بیرکردنەوەی مەسیحییەکان لەسەر گەڕانەوە بووە بەدوو ئاراستەوە.

بەشێکیان لایەنی سۆزداری زاڵە بەسەریانداو دەیانەوێت بگەڕێننەوە بۆ زێدی باوو باپیرانو خاکی راستەقینەی خۆیان، بەشێکی تریان عەقڵ

دەکەنــە پێـوەرو پێیـان وایــە بەرژەوەنـدی خۆیـانو نــەوەکانیان لەوەدایــە جـارێکی تـر خۆیـان نەخەنـەوە بـەردەم بومەلەرزەیـەکی تـرو باشـتر وایـە لەئێستاوە شوێنێکی ئارام دەستەبەر بکەن لـەدەرەوەی ئـەو ناوچانـەی تیـای ژیاون.

## (١٨)
## ئاوارە مەسیحییەکان لە ئوردن

ساڵێک بەسەر ئاوارە بوونی خەڵکی موسڵ تێپەڕی و بەشێک لەو خەڵکانەی ناچاربوون وڵاتی خۆیان جێبهێڵن و ئاوارە ببن ئێستا (ساڵی ٢٠١٥) لە ئوردنن و لەو ڕۆژەدا یادی ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر ئاوارەییدا دەکەنەوە، هەندێک لەوانە بەو شێوەیە بیردەکەنەوە هەرچەندە ژیانی ئاوارەیی ناخۆش بێت بەڵام ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ عێراق لەبەر ئەوەی بەهۆی بوونی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعشەوە وەک کریستیانەکان ژیانیان مەترسی زۆریان لەسەرە.
کریستیانە عیراقییەکان لە دەرەوەی کڵێسایەک لە شاری فولحیس لە ئوردن کۆبوونەتەوە، بەڵام ئەوان مەراسیمێکی خۆشی ناگێڕن ئەوان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی دوای ساڵێک ئاوارەبوون لە وڵاتی خۆیان نزا بکەن داوا لە خودا بکەن لە ئاوارەیی رزگاریان بکات. ئەوان دەیانەوێت دەرباز ببن و بچنە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام ئەگەر نەشچوون ئەوە هەر لە ئوردن بمێننەوە ئەوان بە هیچ شێوەیەک بیر لە گەڕانەوە بۆ عێراق ناکەنەوە.
زیاتر لە ٢ هەزار ئاوارە لەم وڵاتە لە چەندین کەمپ و شەڵتەردا دەژین، کە گرووپی مەسیحیەکانی ئەو وڵاتە بۆیان دابین کردووین ئەوان هیوایان هەیە بەوەی لەم وڵاتە بمێننەوە و هەر لە ئوردون منداڵەکانیان بچنەوە بەر خوێندن و وەک هاووڵاتیەکی ئوردونی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و کاریان پێبدرێت.
بەهنام عەتا، ئاوارەیەکی موسڵەو دەڵێت" هیچ داهاتوویەک لە عێراق بوونی نیە، بەتایبەت بۆ کریستیانەکان. ئەوان هیچ داهاتوویەکیان نیە لە عێراقدا، داهاتوو لە وڵاتانی ئەوروپادا یاخود نیشتەجێبوون لێرە و ژیانێکی ئاساییان هەبێت لێرە و منداڵەکانیان بچنە بەر خوێندن و هەندێک کار لێرە بدۆزنەوە، ئەوان بگەنە ئەم شوێنەو منداڵەکانیان لێرە گەورە بکەن ئەمە هەموویەتی".
بەهۆی هاتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بۆ عێراق ژمارەیەکی زۆر لە کریستیانەکان ئاوارەی وڵاتانی دەورووبەری عێراق بوون و

بەشێکی زۆریشیان چوونە ئەوروپا بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بپارێزن، ئێستا زیاتر لە ٧ هەزار ئاوارەی کریستیانەکان لەم وڵاتەدا دەژین و تا کۆتایی ئەمساڵدا پاڵپشتی دەکرێن لەبەر ئەوەی شتومەک و کەلوپەل لەم وڵاتە زۆر گرانە پاڵپشتی دارایی ئاوارەکان کارێکی ئاسان نیە.

# (١٩)
# سێ کەسمان لێ کوژرا

لە مووسڵ داعش ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، ئەو ماڵەی مەسیحی بوایە، پیتی "ن"یان لەسەر دیوارەکەی دەنووسی، بە واتەی ئەوەی کە ئەوانە مەسیحین، وە پێویستە لێرە بڕۆن.
دوای ئەو ڕووداوە، زۆربەی مەسیحییەکان لە دەستی داعش هەڵاتن، ئێستا لە نێو کەمپەکانی هەولێر دەژین.
ئەوان لەبەر ئاینەکەیان هەڵاتوون، بۆیە زیاتر لە جاران خەریکی خوێندنی نوێژەکانیانن، لە نێو کلێسە بە خێمە دروستکراوەکەیان دوعای ڕزگاربوون و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵی خۆیان دەکرد.
ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکانی عێراق لە مووسڵ دەژیان، بەڵام ئاوارەییان هەڵبژارد، نەک ژیان لەژێر دەستی داعش.
سەمیر یەعقوب، دارتاشێکی بەناوبانگی ناوچەکەی بوو، ئەو بەسەرهاتی ڕۆژانی هەڵاتن دەگێڕێتەوە و دەڵێت "بە هاوەن لێیان دەداین، سێ کەسمان لێ کوژرا، یەکێکیان کچێك بوو تازە مارە کرابوو، دوو منداڵیش پارچە پارچە ببوون، هەموو خەڵکی قەرەقووش هەڵاتن، هەر کەسە و بۆ خۆی هەڵدەهات، هەندێك بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هەڵدەهاتن، هەندێکیش بە پێ، نەماندەزانی چارەنووسمان چی بەسەردێت".

## (٢٠)
## دیاری ژنەکەی ناپلیۆن بۆ مەسیحییەکانی موسڵ چی لێهات؟

لەدوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە کەنیسەکانی موسڵ بێدەنگ بوونو زەنگەکانیان خامۆش بووە، ئەمەش لەترسی هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان کە هەمیشە ویستویانە شارەکە خاڵی بکەن لەمەسیحی.
بیستو نۆ کەنیسەی موسڵ توانیان بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ بنو قەیرانەکان تێبپەڕێنن، ئەو کەنیسانە هێمایەك بوون بۆ مێژووی ١٧٧٠ ساڵەی مەسیحییەکان لەموسڵ کە دواجار لەحوزەیرانی ٢٠١٤ کەوتە دەست داعشو گەورەترین تاوانی بەرامبەر خولقاندن.
بەشێك لەکەنیسەکان تەقێنرانەوەو تەختی زەوی کران، بەشێکی تریان کرانە دادگای "شەرعی"و چەند دانەیەکیش بوونە گرتوخانە، ئەمەش پاش ئەوەی خاچو وێنەو هەر پارچەیەکی تریان لێ کرایەوە کە هێما بێت بۆ ئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان کەنیسە بوون.
کەنیسەکان بەسەرانسەری موسڵدا بڵاوبووبوونەوە، بەتایبەتی لەناوچەکانی عەرەبیو نورو فەیسەڵیەو شەعارینو ساعەو دەواسەو مەجموعە، مەسیحییەکانی ئەو شارە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا دەژیان.
مەتی بەهنامی توێژەری مەسیحی دەڵێت: ناوی کۆنترین کەنیسەکانی موسڵ بریتین لەشەمعون سەفاو تاهرو مەسکنتەو مارتوماو مار گورگیس، بەڵام لەهەموویان بەناوبانگتر کەنیسەی ساعەیە لەلای راستی شاری موسڵ.
کەنیسەی ساعە ئەو ناوە باوەیە کە لەناو خاڵکدا بۆ کەنیسەی (ئوم ئیعجوبە)، یان بەیعە (باتری) بەکاردێت کە لەزمانی ئیتاڵیدا بەمانای ماڵی باوکان دێت.
لەچواری ئابی ساڵ ١٨٧٣ ئەم کەنیسەیە کراوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی پاپاکانی دۆمینیکان، لەساڵی ١٨٨٢ بورجی کاتژمێرە بەناوبانگەکەی بۆ دروستکراوە، ئەوەش دیارییەك بووە لەلایەن شاژنی ئۆجینە ژنی ناپلیۆنی ئیمپراتۆرییەتی فەرەنسا بۆ پاپاکانی دۆمینیکان لەبری ئەو هەوڵانەی داویانە بۆ پێشکەشکردنی داوو دەرمانو

خۆراك بۆ خەڵكی موسڵ، پاش ئەوەی لەساڵانی ١٨٧٩و ١٨٨٠ كاتێك نەخۆشی تیفۆئید خەڵكێكی زۆری لەناوبرد.
لەماوەی ١٣٣ ساڵدا ئەم كاتژمێرە ناوو ناوبانگێكی زۆری بەخشی بەكەنیسەكەو تەنانەت بەهەموو ئەو ناوچەیەش، تائێستاش ئەو گەڕەكە بەگەڕەكی "ساعە" ناسراوە.
بەهنام باس لەوە دەكات كە كاتژمێرەكە چوار رووی هەبووەو هەتا سەدەیەك بەر لەئێستا بەدەست جوڵێنراوە تا ئەو كاتەی لەدەیەی هەشتەمی سەدەی رابردوو كراوە بەسیستەمێكی ئەلكترۆنی، چركەی كاتژمێرەكەش لەدووی ١٥ كیلۆمەترەوە دەبیستراو زۆربەی خەڵكی موسڵ كاتەكانی خۆیان لەسەر ئەو كاتژمێرە رێكدەخست.
ئاماژە بەوەش دەكات كە كەنیسەكە دوو گومەزی بەقەد یەكی هەبووەو لەناوەش شوێنی سەد نوێژكەر بووەتەوە، لەماوەی دە ساڵی رابردوودا نوێژخوێنەكان بەبێدەنگیو بەنهێنی نوێژی خۆیان كردووە تا داعش بەتەواوی ئەو دەنگەی خامۆش كرد.
زنون تائی بەرێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی موسڵ دەیگەڕێنێتەوە بۆ سیانزە دەیە لەمەوبەرو بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ١٨٧٩و ١٨٨٠ كاتێك برسێتییەكی زۆر و نەخۆشی بڵاوبووەتەوەو بەدەیان كەسی لەموسڵ كوشتووە.
ئەوكاتە پاپاكانی دۆمنیكان كە لەساڵی ١٦٣٦ەوە لەموسڵ بوون، داوو دەرمانو خۆراكیان بەسەر توشبووانو خەڵكی شارەكەدا دابەشكردووەو لەبەر ئەوەش شاژنی فەرەنسا ئەو كاتژمێرەی بەدیاری بۆ ناردوون.
تائی ئاماژە بەوەش دەكات كە ئەو دەمە خەڵكی ناوچەكە ناڕازی بوون بەدانانی كاتژمێرەكە بەو بەرزییە زۆرەوە لەبەر ئەوەی زاڵبووە بەسەر ئەو سەربانانەی ئەوان لەسەری خەوتوون، بەڵام پاپاكانی دۆمنیكان دڵنیایان كردوونەتەوە كە كاتژمێرەكە بۆ ئەوەیە كاتی نوێژ بیری خەڵك بخاتەوەو هیچ كەسێك لەكەنیسە ناچێتە سەرەوە بۆ لای كاتژمێرەكە.
بوونی كەنیسەكە لەناوەندی موسڵو لەمیللیترین گەڕەكەكانی شارەكە دووری نەخستووەتەوە لەمەترسی، ئاوی ژێر زەوی درزی بەدیوارەكانی بردووە، لەدوای كۆتایی هاتنی شەڕی ئێران عێراق لەساڵی ١٩٨٨ حكومەتی عێراقی لەرێی كۆمپانیایەكی ئیتاڵییەوە دەستی كردووە

بەنۆژەنکردنـەوەی، بـەڵام سـاڵی ١٩٩٠ بـەهۆی شـەڕی کوەیتـەوە کـاری نۆژەنکردنەوەی راگیراوە.
پـاش کـەوتنی رژێمـی بـەعس لەسـاڵی ٢٠٠٣و دوای ئـەو هێرشـانەی لەلایەن گروپە توندڕەوەکانی وەك قاعیدەو ئەنسار ئیسلامەوە کرانـە سـەر مەسـیحییەکان، کەنیسـەکە بەنزیکـەیی دەرگاکـانی داخـران، بەتایبـەتی کـە سـاڵی ٢٠٠٨ بـەهۆی تەقینەوەیەکـەوە بەشـێك لەبورجەکـەو کاتژمێرەکـە تێکشکان.
هەشت مانـگ دوای ئـەوەی موسڵ کەوتـە دەست داعش‌و بـەدیاریکراوی لــەمانگی شــوباتی ٢٠١٥ بەتــەواوی کاتژمێرەکــە خرایــە خــوارەوەو بورجەکـەی رووخێنـرا لەگـەڵ دەیـان شـوێنەواری تـری مێـژووی وەك شاری حەزرو نەمرودو قەبر بنت‌و چەندین مزگەوتی دێرینـی وەك نـەبی یونس‌و نەبی شیت‌و شێخ فەتحی.
مەسـیحییەکانی موسـڵ بەخـەم‌و خەفـەتێکی زۆرەوە بیـری کەنیسـەی بەناوبانگی سـاعەیان دەکەوێتـەوەو لۆمـەی خەڵکە موسوڵمانەکەی موسڵ دەکەن کە بۆچی سـاڵانێکی زۆر کاتژمێرەکـانی خۆیـان لەسـەر کەنیسـەکە رێکدەخست، بـەڵام نـەیانتوانی بـەر بـەداعش بگـرن نـەیڕوخێنێت، لەگـەڵ ئەوەشدا دەزانن ئەو لۆمەیە هیچ ناگێڕێتەوە لەوەی رۆیشتووە.



کەنیسەی ساعە لە موسڵ

## (٢١)
## مەسیحییەکانی عێراق بەرێگەی جولەکەکاندا دەڕۆن

تا ساڵانی چلەکانیش جوولەکە عێراقیو کوردستانییەکان دەوروبەری (٢,٥%) دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا، بەڵام ئێستا ژمارەیان لەسەرانسەری ئەم وڵاتەدا لەپەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕ ناکات، ئەگەر کۆچی مەسیحییەکانی عێراقیش بەشێوەی ئێستا بەردەوام بێت هیچ دوور نییە ئەوانیش وەکو جولەکەکانی پێشینەیان ببنە بەشێك لەمێژوو رابردووی عێراق.

بەپێی گێرانەوە مەسیحییەکان، وڵاتی عێراقو ناوچەی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو روبار) هەر لەچاخی یەکەمی زاینیو لەسەردەمی نێردراوەکانی خودی پێغەمبەر مەسیحدا بەئاینی مەسیحی ئاشنابوون. بەشی زۆری ئەوانەشی ئەم ئاینەیان بێ چەندوچۆن وەرگرتووە ئەو جوولەکانە بوون کە لەمیانەی هێرشی ئاشوریدا بۆ سەر شانشینەکانی جوولەکە لەفەلەستین راپێچی عێراقو کوردستان کرابوون.

لەپاش لەشکرکێشیی عەرەبە موسوڵمانەکانیش بۆ عێراقو ناوچە کوردنشینەکانو بەدرێژایی چاخە ئیسلامییەکانیش، مەسیحییەکان پارێزگارییان لەبوونو کلتورو تەنانەت سروتە ئاینییەکانیشیان کردوەو هیچ کات لەمێژوودا تووشی کۆچکردنی بەکۆمەڵ نەبوون، بەڵام بەتەنها لەماوەی دە ساڵی رابردوودا زیاتر لە یەك ملیۆن کەسیان ناچاربوون هەڵبێن لەعێراقو رووبکەنە وڵاتانی دەوروبەرو ئەوروپا.

بەپێی دوا ئاماری کۆمەڵەیەکی مافپەروەری عێراقی کە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە بەوردی چاودێری دۆخی عێراق دەکات، ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق لە یەك ملیۆنو (٦٠٠) هەزار کەسەوە دابەزیوە بۆ (٦٠٠ ـ ٧٠٠) هەزار کەسو ئەوانەشیان کە کۆچیان نەکردوە "لەبارودۆخێکی ناهەمواری ئابوریو کۆمەڵایەتیدا دەژین کە هانی مانەوەیان نادات لەوڵات".

هەمووکات عێراق بەوە ناسراو بووە کە مۆزەخانەی کلتورو ئاینو نەتەوە جیاجیاکانە: (موسوڵمان، جوولەکە، سریان، کلدان، ئاسوری، ئەرمەن، ئێزدی، سابیئەی مەندایی، شەبەك، تورکمان، کوردی فەیلی،

کاکەیی، بەهاییو زەردەشتی)، بەڵام لەسایەی ئەو توندوتیژییە خوێناوییەی ئەم وڵاتەی گرتوەتەوە بۆتە دۆزەخێك بۆ کەمینە ئاینیەکان، توشی تەنگەتاوکردنو بێزارکردنو سەرەنجام ناچارکردنیان بەجێهێشتنی وڵات بونەتەوەو بەمەش خەریکە وڵات یەکلادەبێتەوە بۆ پێکهاتە گەورەو سەرەکییەکانو تایبەتمەندیی فرەیی لەدەستدەداتو بەڕای هەندێ لەچالاکوانەکانیش "ئەمە زیانە بۆ زۆرینە، بەر لەوەی مەترسیو هەڕەشە بێت بۆ سەر کەمینەکان".

وەنەبێ ئەم بەئامانجکردنە تەنها تایبەت بێت بەمەسیحییەکان، بەڵکە لەمیانەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی کە زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرتوەتەوە، سابیئە مەندایيەکان کە ماوەی دوو هەزار ساڵە لەرۆخی روبارەکانی دیجلەو فورات پارێزگارییان لەئاینو کلتوری خۆیان کردوە ئێستا لەبەردەم مەترسی "پاکتاوی رۆشنبیریو رەگەزیدان".

بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەو سابیئە مەندایيانەی کە لەکوشتنو کۆچکردن بەجێماون، ژمارەیان لە سێ هەزار کەس تێپەڕ ناکات. لەکاتێکدا ئەم تایفەیە توێژێکی دەستڕەنگینو بەرهەمهێنی عێراق بوون. ساڵانێکی زۆر بازرگانیو پیشەسازیی زیڕیان لەدەستدا بووە، بەتایبەت لە باشوری عێراقو شاری بەغدا.

راپۆرتی رێکخراوە مافپەروەرە عێراقییەکە ئەوەش روندەکاتەوە "کەمینەکان لەدۆخێکی شڵۆقو پڕ لەترسدا دەژین"، ئەوانەشیان لەعێراقدا ماون بەدەست کەمدەرامەتییو بێکاریو جیاکارییو فەرامۆشکردنی حکومییەوە گیرۆدەنو هیچ لەو مافانەیان پێ رەوا نابینرێت کە دەستور بۆی مسۆگەر کردوون.

جگە لەوانەش رێکخراوەکە باس لەوە دەکات لەماوەی رابردوودا بانگهێشتی زۆر بڵاوکراوەتەوە بۆ بایکۆتکردنی هەمەلایەنەی مەسیحییەکانو زۆرجاریش تانەو تەشەری زۆریان لێدراوە، بەدەست جیاکاریی رەگەزییەوە گیرۆدەنو ئەمەش وایکردوە هەست بەغوربەتو ترس بکەن لەوڵاتی خۆیان و لەشارێکی وەکو موسڵدا گروپە چەکدارە توندڕەوەکان داوای پشکێك دەکەن لەبەهای فرۆشتنی خانووەکانیاندا.

سەرچاوە ئەمنییەکانی عێراق ئاشکرایانکردوە لەساڵی (٢٠١٣)دا چواردە هاوڵاتی مەسیحی کوژراونو بەمەش ژمارەی قوربانییەکانی ئەم

پێکهاتەیە کە گەورەترین کەمایەتی ئاینی عێراق بووە لەپاش (٢٠٠٣) هەڵکشا بۆ هەزارو (١٠٣) کەس، ئەمەش ئەو بارودۆخە بەبیر دەهێنێتەوە کە لەهەڵمەتەکانی فەرهودو لەسێدارەدانی بەکۆمەڵدا بەسەر پێکهاتەی جوولەکەدا هات. سەرەنجام هەمویان کە دەوروبەری (١٤٠) هەزار کەس بوونو (٢٥) هەزاریان لەکوردستان بوونو بڕیاری کۆچو بەجێهێشتنی یەکجاریی وڵاتیانداو بەمەش وڵات تووێژێکی ئیشکەرو بەرهەمهێنی لەدەستدا، کە کرۆکی چینی بۆرجوازی ناوەندی عێراقیان پێکدەهێنا.
پێکهاتەی مەسیحی لەدانیشتوانە ڕەسەنەکانی عێراقنو لە چواردە تایفەی جیاجیا پێکدێن، بەردەوام بانگەشەی ئاشتیو ئاشتەوایی دەکەنو لەنەتەوەکانی کلدانی سریانی ئاشوریو ئەرمەنی پێکدێنو بەسەر ئاینزا جیاجیاکانی کریستیانیدا دابەش بوون، لەدوای (٢٠٠٣) تووشی چەندین پێشێلکاریی هاتوون لەوانەش ڕفاندنی دە پیاوی ئاینی، کوشتنی مەترانێكو (١٢) کاهینو هەڵکوتانە سەر کڵێسەی نەجات لەبەغدا لە ساڵی (٢٠١٠).



نزا

# (٢٢)
# چیرۆکی کچێکی ڕفێندراوی دەستی داعش



کرستینا لە باوەشی دایکی

کچێکی تەمەن شەش ساڵان دوای ڕفاندنی لەلایەن داعش، بە کەسوکاری شادبوویەوە، بەڵام دایک و باوکی ناناسێتەوە.
کەسوکاری منداڵێکی کریستیان نزیکەی سێ ساڵ چاوەڕێی کچەکەیان بوون، کە داعش لە باوەشی دایکی ڕفاندوویەتی.
بە ئۆتۆمبێلێک کرستینا هێنرایەوە لای کەسوکاری، ئەو لە نەخۆشخانە بووە و چارەسەری پزیشکی وەرگرتووە، خزم و ناسیاو و دۆستانی کرستینا خۆشی دەردەبڕن، بەڵام کرستینا ئەوەندە شۆک بووە، توانای گوتنی هیچ قسەیەکی نییە.
کرستینا سەرەتا دایکی و باوکی نەناسیووەتەوە، بەڵام ئێستا دایکی دڵخۆشە و باوەڕ بە چاوەکانی ناکات.
ئایدا نوح ، دایکی کرستینا دەڵێت: "هەستی ئێمە زۆر خۆشە و ئەمە هەمووی بەهۆی نزاکانی خەڵک و کلێسا بوو، تەنانەت کاتێک ڕێکخراوەکان دەهاتن من پێمدەگوتن هیچ شتێکم ناوێت لیتان، تەنها نزام بۆ بکەن کچەکەم بگەڕێتەوە".

ئایدا نوح، دایکی کرستینا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"باشترین ڕۆژی ژیانی من ئەو ڕۆژەیە کە کرستینا گەڕایەوە."
وتیشی " ئەو سێ ساڵ لەگەڵ تیرۆریستاندا ماوەتەوە، بەدڵنیاییەوە لەبیری چووەتەوە دایك و باوکی کێن و بەوەی کە ئێمە خێزانی ئەوین، بەڵام جارێکی تر فێردەکرێتەوە."
باوکی کرستینا هەرگیز ناتوانێ بە چاوەکانی کچەکەی ببینێت،چونکە نابینایە، بەڵام شادوومان و دڵخۆشە.
خدر عەبادایە، باوکی کرستینا دەڵێت:"ئەمڕۆ دڵمان زۆر خۆشە، سوپاسی خودا دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کچەی پێداینەوە، سوپاسی خودا دەکەم من دڵم زۆر خۆشە".
کریستینا بەدەم یاری کردنەوە لە ماڵێکی کاتی بۆ ئاوارەکان لەگەڕەکی عەینکاوە، کە گەڕەکێکی مەسیحی نشینی شاری هەولێرە، بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "من لەگەڵ دایە و باوەدام ".
دایك و باوکی کرستینا دەڵێن:"بەنیازن کۆچبکەن بۆ ئەوەی خەم و ناسۆرەکانی خۆیان لەپشت خۆیانەوە بەجێبهێڵن".
کەسوکاری ئەو کچە ئەوەندە دڵخۆشن دوای بیستنی هەواڵەکە پۆل پۆل سەردانی دەکەن و گوڵی بۆ دێنن.
کەسوکاری باسیان لەوەکرد کە کرستینا لەلایەن داعشەوە لە مزگەوتێکی موسڵ بە پیاوێکی عەرەب دراوە، کەسوکارەکەیشی دوای ئەوەی زانیویانە کچەکەیان لای ئەو پیاوەیە بەهاوکاری هێزە ئەمنییەکان چوونەتەلای و بڕی هەزار دۆلاریان وەک دیاری بەخشیووەتە پیاوەکە.
رۆژی ٢٢ـی ٨ـی ٢٠١٤، کرستینا خدر لەلایەن چەکدارانی داعش رفێندرابوو، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکێک لە گەڕەکەکانی رۆژئاوای موسڵ ئازادکرا، رۆژی هەینی ٩-٦-٢٠١٧، بە کەسوکاری شادبوویەوە

## (٢٣)
## چیرۆکەکانی پێکەوە ژیان لە موسڵ
## پەیوەندی نائاسایی دوو ژنی مسوڵمانو مەسیحی بەبەرچاوی داعشەوە

چیرۆکی ئوم ساڵحو رافیدەین شایانی ئەوەیە هیلاکی سەفەری بەغدا بۆ موسڵی بۆ بکێشیت تا دەگەیتە ناوچەیەك کە ناوبەناو دەکەوێتەوە بەر ئاگری موشەکەکانی داعش.
پەیوەندیم بەئوم ساڵحەوە کردو رێککەوتین لەسەر ئەوەی لەکامپی (٥٠٠) لەناوچەی حەمام عەلیل لەباشووری موسڵ کە لەوێ ئاوارەن، یەکتر ببینین، بەڵام خراپی گوزەران لەوێ وایکرد ئوم ساڵح بگوازێتەوە بۆ خانوویەکی بچووك لەناوچەی موسڵی نوێ، بۆ ئەوەی بگەمە خانووەکەش دەبووایە سواری چوار ئۆتۆمبێل ببم کە یەکێکیان پاسێکی سەربازی بوو بۆ گواستنەوەی ئاوارەکان تەرخان کرابوو.
کچێکی مەسیحی کلدانی سەرقاڵی دانوستانێکی دوورودرێژە لەگەڵ خێزانێکی مسوڵماندا، جارێك بەتەنیا لەگەڵ ئوم ساڵح قسە دەکات تا باوەڕی پێبهێنێتو جارێکی دیکەش لەگەڵ باوكو کوڕەکاندا "پێویستە بگوازنەوە بۆ خانوویەکی تەنیشتی من، پێتان راهاتوومو ناتوانم لێتان جیاببمەوە".
من شایەتحاڵی ئەو گفتوگۆیە بووم کە لەشوقەیەکی بچووك لەبەری راستی شاری موسڵ بەڕێوەچوو زۆر لەو شەڕە سەختەوە دوور نەبوو کە لەنێوان هێزە عێراقییەکانو رێکخراوی توندڕەوی تیرۆرستی داعشدا لەئارادا بوو.
ئەو کچە مەسیحیە کە ناوی رافیدەینەو تەمەنی ٤٣ ساڵە، چیرۆکێکی پڕ لەسەرکێشی هەیە، ئەو کاتە دەستیپێکرد کە بەیانی ڕۆژی ١٩ی تەمموزی ٢٠١٤ لەخانووەکەی خۆی لەبەری ڕاست لەخەو هەستاو خۆی لەبەردەم دوو بژاردەدا بینیەوە کە یەك لەیەکتر تاڵتر بوون، یان ئەوەتا واز لەئایینەکەی دەهێنێتو دەبێتە موسڵمان یان دەکوژرێت، ئەویش دوای تەواوبوونی ئەو مۆڵەتەی رێکخراوەکە لەو کاتەدا پێی دابوون، کە (٧٢) سەعات بوو.

بەر لەکۆتاییهاتنی مۆڵەتەکە هەزاران مەسیحی شارەکەیان بەرەو دەشتی نەینەواو هەرێمی کوردستان بەجێهێشت، تەنیا دەیانیان لەموسڵ مانەوەو هەر یەکەو پاساوی خۆی هەبوو، سەبارەت بەرافیدەین (٤٣ ساڵ) ئاگاداری بڕیارەکانی داعش نەبوو لەدژی مەسیحیەکان، چونکە بەتەنیا دەژیاو مۆبایلەکەیشی داخرابوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ناهەموار بووەوە بەهۆی هەراسانکردنەکانی ئەندامی ڕێکخراوەکەو هەستکردنی بەتەنیایی، تا ئەو کاتەی ئوم ساڵحی بینی ئیتر ژیانی بەتەواوی گۆڕا.
ئوم ساڵحیش (٤٥ ساڵ) ژنێکی موسڵمانەو لەبارودۆخێکی کارەساتاویدا ژیاوە پاش ئەوەی ڕێکخراوەکە لەو خانووە دەریکرد کە خۆیو خێزانەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٣ ساڵ تێیدا نیشتەجێ بوون، پاشان کردیانە وەرشەیەك بۆ بۆمبڕێژکردنو عەمبارێك بۆ چەكو جبەخانە، بۆیە ئوم ساڵح ڕووی کردە گەڕەکی مەنسور لەباشووری شارەکەو لەخانوویەکی تەنیشت خانووەکەی رافیدەیندا نیشتەجێبوو.

**چاوەکان چاودێری دەکەنو دەستیش بۆ یارمەتی درێژکراوە**

رافیدەین لەخانوویەکی بچووکدا لەناوچەی موسڵی نوێ کە ئێستا لەگەڵ ئوم ساڵحو خێزانەکەیدا لەدوای گەڕانەوەیان لەکامپەکانی ئاوارەیی تێیدا دەژین، قسەی بۆ کردینو وتی "زانیم کە دراوسێی نوێمان بۆ هاتووە، سەرەتا لێیان سڵەمیمەوە، چونکە لەوە دەترسام کوڕەکانیان سەر بەداعش بن، لەبەرئەوەی شێوەیان ئاماژەی ئەوەی تێدا بوو، ویستم دڵنیاببمەوە، بۆیە زیاتر لەجارێك سەردانم کردن تا بۆم دەرکەوت کەسانی بێوەیو زۆر باشن".
پێناچێت رافیدەین ئەو ڕۆژە سەختانە لەیاد بکات کە لەسایەی حوکمی داعشدا تێیدا ژیا، چونکە بەتەنیا مابووەوەو هیچ شتێکی لەدەست نەدەهات جگە لەفێڵکردن بۆ مانەوە لەژیاندا، بۆیە خێزانێکی مەسیحی لەوانەی لەموسڵدا مابوونەوە هاندا بۆئەوەی یاوەری بکەن بۆ یەکێك لەدادگاکانی ڕێکخراوەکە تا ژیانی خۆیان بپارێزن، ئەویش دوای ئەوەی مەسەلەی چوونەدەرەوەیان لەشارەکە ببووە کارێکی مەحاڵ.

رافیده بەدەم راکێشانی حیجابەکەیەوە کە کەمێك بەسەریدا هاتبووە خوارەوە، وتی "لەوێ مسوڵمانبوونی خۆمان راگەیاند بەشێوەیەکی رووکەش تا لەدەستی ئەو توندڕەوانە رزگارمان بێت، من نەترسام، بەڵام هاوڕێکانم لەترساندا لەبەردەم دادوەرە ریشنە قسەڕەقەکەدا دەلەرزین. لەراستیدا ئێمە یاریمان بەئاگر دەکردو هەر هەڵەیەك بۆی هەبوو ببێتە هۆی ئەوەی لەسەرمان بدەن".
بەدوورو درێژی باسی هەراسانکردنەکانی رێکخراوەکەی کرد کە چۆن جارێکیان حەسبە دەستگیریان کردووە لەبەر ئەوەی نیقابی نەپۆشیوە، هەروەها بەگاڵتەپێکردنەوەی ئەو ڕۆژەشی بەبیر هێنایەوە کە یەکێك لەئەمیرەکانی داعش داوای لێکردووە شووی پێ بکات: "مارەی کردم، بەڵام من رەتمکردەوە، نەئەمیرم دەوێت نەسەمیر" هەمووان بەو قسەیەی پێکەنین تەنانەت ئەبو ساڵحیش کە پیاوێکی هێمن بوو، وادیارە لەسەر ئەو شێوازە گاڵتەئامێزەی راهاتبوون.
ئوم ساڵح دەستپێشخەری کرد بۆ تەواوکردنی چێرۆکەکەو وتی:"رافیدەینم لەبیرە لەیەکەم دیدارماندا، لاوازو روخسار زەردهەڵگەڕاو بوو بەهۆی ئەو بارە دەروونییە خراپەی تێیکەوتبوو، ترسابوو، بەهەر هۆکارێك رادەچڵەکی، زۆر بەزەییم پێیدا هاتەوە لەبەرئەوەی مەسیحیو تەنیاش بوو، بۆیە پێم وت ئێمە کەسوکاری تۆین کەی ویستت وەرە بۆ لامان، وەك دایکی خۆتم دابنێ ئەگەرچی تەمەنیشمان نزیکە لەیەکەوە، هەر واش بووم بۆی".
لەو کاتەدا چاوەکانی داعش چاودێری ئەو مەسیحیانەیان دەکرد کە لەموسڵ مابوونەوە لەدوای راگەیاندنی موسڵمان بوونیان، لەکاتێکدا ئەم ژنە زۆربەی کاتی لەماڵی دراوسێ نوێیەکەیدا بەسەر دەبرد، لەگەڵ ئەوان نانو ئاوی دەخواردو تەنیا بۆ نوستن دەگەڕایەوە ماڵەوە.
ئوم ساڵح کە روخساری پڕبووە لەچرچو لۆچیو هێشتا گەنجیشە، دەڵێت "ئەو لەماڵی ئێمە هەستی بەدڵنیایی دەکرد، چونکە خزمەکانی سەردانیان نەدەکردو بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە بووەتە موسوڵمان تا شوو بەپیاوێکی موسڵمان بکات، بەڵام ئێمە راستیەکەمان دەزانی، چونکە ئەو وازی لەئایینەکەی نەهێنابوو موسڵمانبوونی راگەیاندبوو تەنیا بۆئەوەی پارێزگاری لەژیانی خۆی بکات، ئێمەش سوێندمان بۆ دەخوارد کە

موسڵمانە، ئەگەر داعش بەوەی بزانیایە دەیانکوشتو ئێمەشیان لەگەڵدا دەکوشت".
کاتێکیش ژیان لەموسڵ سەخت بوو، ئەم دوو ژنە زیاتر هۆگری یەك بوونو لەشوباتی ٢٠١٧ کە ئۆپراسیۆنەکانی ئازادکردنی بەری ڕاست دەستانپێکردو برسێتی لەشارەکەدا گەیشتبووە ئەوپەڕی، بۆیە رافیدەین ناچار بوو خانووەکەی بەجێبهێڵێتو لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی.
ئوم سالْح بەکاریگەریەوە وەسفی ئەو شەوە ترسناکانە دەکاتو دەڵێت "موشەك وەك باران بەسەر گەڕەکەکەدا دەباری، منو رافیدەینو کچەکەم لەژوورێك دەنووستینو مێردەکەمو منداڵەکانی دیکەشم لەژوورێکی دیکە، هەر کە دەنگی تەقینەوەیەك دەهات رافیدەین بەتوندی دەستێکی دەگرتم، هەروەها کچەکەشم دەستەکەی دیکەی دەگرتم. بارودۆخ خراپتر بوو، بۆیە وای لێهات هەموومان لەیەك ژووردا دەنوستین، شەومان بەسەر دەبردو دەستی یەکترمان گرتبوو، چەند دۆعایەکمان لەقورئان دەخوێندو ئەویش لەبەر خۆیەوە چەند وشەیەکی لەئینجیل دەوتەوە".
خێزانەکە دابەشبوو، باوکەکەو دوو لەکوڕەکانی بەرگەی ئەو بارودۆخەیان نەگرتو گواستیانەوە بۆ ناوچەیەکی دوورتر لەپێکدادانەکان، ئەوانی دیکەش بڕیاریاندا چاوەڕوان بن بەئومێدی ئازادبوون، کاتێکیش دەرفەتی هەڵاتنیان بۆ رەخساو ئوم سالْح دەستیکرد بەکۆکردنەوەی جانتایەکی بچووکی ئاخنراو بەجلوبەرگو بەڵگەنامەی گرنگ، رافیدەین لێی نزیك بووەوەو لێی پرسی: لێرە بەجێمدەهێڵێت؟.
ئوم سالْحیش لە ئامێزی گرتو پێی وت بەبێ تۆ یەك هەنگاو لێرە ناجووڵێین، رافیدەینیش بەرلەوەی ماڵەکە بەجێبهێڵێت خاچە لەژێر دروستکراوەکەیو هەندێك پارەی دایە ئوم سالْحو وتی "بەدەم گریانەوە پێم وت ئەمە ئەمانەت بێت لەئەستۆی تۆدا تا دەگەینە هێزە عێراقییەکان".
هاتنەدەرەوەو بەپێ کەوتنەڕێ، سەریان دانەواندبوو لەترسی قەناس بەدەستەکانی داعش یاخود گوللەی وێڵو پارچەی تەقینەوە، رافیدەین بەتوندی دەستی ئوم سالْحی گرتبوو هەردووکیشیان لەترساندا هەڵدەلەرزین.

ئەو کچە مەسیحیە کە هێشتا شێوەی جوانی تێداماوە سەرەڕای ئەو هیلاکیو ماندوویيەی بەڕوونی پێوەی دیارە، دەڵێت "دواجار گەیشتینە لای هێزە عێراقییەکانو هەناسەیەکی دڵنیاییمان هەڵمژی، لەسەر زەوی دانیشتمو نیقابە رەشەکەم لەسەر روخسارم لابردو بەکوڵ دەستم بەگریان کرد، ئەوە تاسەیەکی پەنگخواردووبوو لەناو سنگمدا بەهۆی ئەو ترسو ستەمەی بۆماوەی سێ ساڵ تێیدا ژیام، ئەگەر ئەم خێزانە نەبوونایە تەنیا دەبووم".

**چاکەدانەوە**

دوای گەشتێکی زۆر سەختو پڕ مەترسی، هەمووان گەیشتنە کامپی (٥٠٠)ی ئاوارەکان لەناحیەی حەمام عەلیل لەباشووری موسڵ، هەر یەکەیان خێمەیەکیان وەرگرت، بەڵام ئەوان بڕیارياندا هەر پێکەوە بژین، بۆیە بەهاوبەشی لەیەك خێمەدا نیشتەجێبوونو خێمەکەی دیکەش بۆ ئەبو ساڵحو کوڕەکانی بوو.

لەوێش هەر زوو هەواڵی جێگیربوونی ژنێکی مەسیحی لەلای خێزانێکی موسڵمان بڵاوبووەوە، بۆیە سەردانیکەرانیان زۆربوو خێمەکەیان بووە رووگەی سیاسییەکانو ئەوانەی بەدوای چیرۆکی سەرنجڕاکێشو پێکەوەژیانی ئاشتیانەدا دەگەڕێن.

رافیدەین زۆر پەیوەندی تەلەفۆنی لەلایەن خزمەکانیەوە لەناو عێراقو دەرەوەی بۆ کراو پرسیاری ئەوەیان لێدەکرد چۆن لەگەڵ خێزانێکی مسوڵماندا ژیاوە کە نەیناسیون؟ ئەویش بەزمانە کلدانییەکەی وەڵامی دەدانەوە: ئەوانە کەسوکارمنو نەناسراو نینو پاشان ناوەرۆکی گفتوگۆکەی بۆ ئوم ساڵح وەردەگێڕا.

کاتێکیش کەنیسە بەهەواڵی ئەم ژنە ئاشووریە کلدانیەی زانی کە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ دایكو باوکی لەترسی شەڕی عێراق ئێران هەڵاتوونو هاتوونەتە موسڵ، لەشاری هەولێرەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەمەسیحیە راگوێزراوەکانی موسڵی تێدا نیشتەجێیە، ناردی بەشوێنیدا، بەڵام رافیدەین وەڵامی بانگهێشتەکەی دایەوە "لێرە ناجووڵێم ئەگەر ئوم ساڵحو خێزانەکەی لەگەڵ خۆم نەبەم".

کەنیسە مەرجەکەی بۆ بەدی نەهێنا، ڕەنگە هۆکاری ئەوەش ئەو ڕێوشوێنە ئەمنی بێت بەسەر ئاوارەکانی موسڵدا دەسەپێنران، بۆیە ماوەی نزیکەی سێ مانگ لەکامپەکە مایەوەو پاشان لەگەڵ کەسوکارە نوێیەکەیدا گەڕایەوە بۆ شارەکە.
کاتێك پرسیارم لێکرد بۆچی نەچوویت بۆ هەولێر یان دهۆك کە ژیانێکی سەربەرزانەت بۆ دابین دەکرێت؟ ئاماژەی بۆ ئوم سالّحو خێزانەکەی کردو وتی "کەسوکارەکەم پشتیان شکاندووم، ناتوانم هەرگیز چاکەیان لەیاد بکەم".
رافیدەین گەڕایەوە بۆ خانووەکەی لەگەڕەکی مەنسور، ئوم سالّحیش بەشێوەیەکی کاتی لەشوقەیەکی بچووك لەناوچەی موسڵی نوێ نیشتەجێیە تا شوێنێکی نزیك لەکاری کوڕەکانی دەدۆزێتەوە، چونکە خانووە کۆنەکەیان بەهۆی بۆردومانەوە بەتەواوی خاپوور بووە.
بەڵام پەیوەندی نێوانیان لێرەدا کۆتایی نایەت، چونکە هێشتا کچە مەسیحییەکەو ئوم سالّح پلان بۆ ئەوە دادەنێن خانوویەکی دراوسێی یەکتر بۆخۆیان بدۆزنەوە، گوێم لێیان بوو باسی ئەوەیان دەکرد.
لەدوا پەیوەندیشمدا لەگەڵ خێزانی ئوم سالّح، دەرکەوت لەترسی گوڵلە هاوەن خانووەکەی بەجێهێشتووەو بەناچاری گواستوویەتیەوە بۆ ناوچەی مەنسور لەنزیك رافیدەین، ئەوەتا دواجار جەنگ خواستی هەردوو ژنەکەی بەدیهێنا.

## (٢٤)
## چارەنووسی ئێزیدی و مەسیحەکان لە دەستی داعشدا

نەتەوە یەکگرتووەکان لە باشووری کوردستان باری نائاسایی ڕاگەیاند بەو پێیەی ئێستا(ئابی ٢٠١٤ و دواتریش) یەکەمین ناوچەیە لە سەر ئاستی جیهان کە ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان تێکردووە، نزیکەی نیو هێندەی ژمارەی دانیشتووانەکەی خۆیەتی، دەیان هەزار خێزانی ئاوارە بە هۆی ئاین و مەزهەب و نەتەوە چاویان لەوەیە حکومەتێك بیانژێنێ کە بۆ خۆی ماوەی نزیکەی هەشت مانگە لە لایەن بەغداوە بودجەی بڕاوە.

**"دەکراینە کەنیزەك"**

لە نێو کڵێساکانی سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر خێزانی مەسیحی بەتانییان کردووەتە دیواری جیاکردنەوەی خێزانەکان و سەریان بەیەکدا کردووە. یەکێك لە ژنەکان منداڵێکی بە باوەشەوەیە و دەگریێ، وەك بڵێی هێشتا دەترسێ لە دەستی دەربێنن، منداڵەکەی توند بە باوەشەوە گرتووە "ئێمە تەنیا لە ترسی کوشتن هەڵنەهاتین، دەترساین کچ و ژنەکانمان لە دەستبدەین".

جاندارك ئەلیاس، دەڵێ ئەو چەکدارانەی پێیان دەگوترێ داعش "نازانن ئابروو چییە"، ئینجا بە چاوە فرمێسکاویەکانییەوە دەپرسێ ، لە کەرامەت و ئابروو گرنگتر هەیە بۆ مرۆڤ؟ ئەوان چەندین ژن و کچی ئێزیدییان دەستگیر کرد و بردنیان بۆ سوریا "قسەیان لەگەڵ ناکرێ، کچەکان دەبەن و بە زۆر لە خەڵکی دیکەیان مارە دەکەن".

یەکێکی دیکە لە کچەکان کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئەلقوشەوە ئاوارە بوون، گلەیی لەو عەرەبانە دەکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناوچەکەیاندا ژیاون و دراوسێیان بوون، چونکە وەك ئەو دەڵێ، بە گەیشتنی داعش بوونە هاوکار و ڕێنیشاندەریان و داعشیش هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ بەش دەکردن کە دەستی بەسەردا دەگرتن "تەنانەت ئەگەر دەستیان بەسەر کچان و ژنانی مەسیحیشدا بگرتایە، ڕەنگە بیانکردینایە بە کەنیزەکی دراوسێکانمان".

**ئایا ئیتر ساڵەکەم بەفیڕۆ چوو؟**

ئیرۆن موئەیەد، گەنجێکی ئاوارەی مەسیحی و خوێندکاری زانکۆی موسڵە، ئەو بەردەوام لە چارەنووسی تاقیکردنەوەکانی خۆی دەپرسی "ئایا چارەنووسی خوێندنی ئێمە بە کوێ دەگات"، ئەو باسی ناهەمواریيەکانی ژیانی خۆی دەکرد کە چۆن بە درێژایی ساڵان لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە نێو تەقینەوە و مەترسیدا دەگەیشتنە زانکۆ، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و خوێندی "ئێستا ٢ تاقیکردنەوەم ماوە، من خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووم، ئایا ئیتر ساڵەکەم بە فیڕۆ چوو؟".

خالید جەمال ئەلبیر، بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحیان لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ، هەوڵ دەدەین چارەسەر بۆ خوێندنی مەسیحییەکان بدۆزینەوە و لە شوێنی گونجاو نیشتەجێیان بکەین و دواتر باسی هاتنی نوێنەری پاپای ڤاتیکانی کرد "لە مێژووی خۆیدا ئەوە یەکەمین جارە پاپا پشتیوانی شەڕ بکات، ئەویش بۆ بەرگری لە کوردستانە، بۆیە ئێستا دەستی بە هەڵمەتێك کردووە لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوا، تاوەکو هاوکاریی کوردستان بکرێت".


**مەرجەکانی مانەوە لای داعش**

مەرجەکانی مانەوە لەو ناوچانەی ئێستا لە ژێر قەڵەمڕەوی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) دان، بۆ ئێزیدییەکان قورسترە تاوەکو مەسیحی و نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکە، چونکە وەك خەیری بوزانی باسی دەکات، داعش بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ ئێزیدییەکان دەکات و تەنیا ٢ ڕێگای خستووەتە بەردەمیان، لە کاتێکدا ٣ ڕێگایان بۆ مەسیحییەکان هێشتووەتەوە.

خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێ، بە ئێزیدییەکان گوتراوە "یان ببنە موسوڵمان یان دەکوژرێن"، ئەو باسی دوایین کۆمەڵکوژی دانیشتووانی گوندی کۆچۆی کرد کە ڕۆژی ١٥ی ئاب سەرجەم پیاوەکانی ئەو ئاواییە کۆمەڵکوژ کران و ژن و منداڵەکانیشیان وەك دەستکەوتی جەنگ بردران "هەر سێ گوندی؛ کۆچۆ و نسێری و حاتمیە گەمارۆ درابوون و پێیان گوترابوو لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە ئەگەر موسوڵمان نەبن

دەکــوژرێن، چەنــد ڕۆژێکــی تریــان بــۆ دانیشــتووانی گونــدی کۆچــۆ درێژکردبــووەوە، دوای ئەوەی رازی نەبــوون ئــاینی خۆیــان بگــۆڕن، بەکۆمەڵ کوژران".
لە بارەی دوو گوندە گەمارۆدراوەکەی دیکەوە کە ئەوانیش چاوەڕوانی تەواو بوونی وادەکەیان بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژ بکرێن، بوزانی گوتی فڕۆکە ئەمریکییەکان بۆردومانی دەوروبەری گوندی نسێری و حاتمیەیان کــرد و چەکــدارەکان پەرش و بــڵاو بــوون، بــۆیە خەڵــکەکە دەرفەتیــان وەرگرت و بەرەو چیا هەڵاتن، چونکە لە چیاوە نزیك بوون، بەڵام گوندی کۆچۆ لە چیاوە دوور بوون و نەیانتوانی هەڵبێن".
بەڵام بـۆچی مەسـیحییەکان بەو شـێوەیە کۆمەڵکـوژ نەکـران؟ هەرچەنـدە خالید جەمـال ئەلبیـر دەڵـێ هـۆیەکە ئەوە بـووە کە مەسـیحییەکان زووتـر فریـای خۆیـان کەوتـوون و هەڵاتـوون، بەڵام یەکێـك لەو ژنە مەسـیحییە ئـاوارانەی لەگەڵ هاوسـەرەکەی کەوتبـووە دەسـت چەکـدارانی داعـش و دواتر ئازاد کرابوو، دەڵێ "پێیان گوتین ئێوە نەسرانین و دەتوانن بڕۆن".
خەیـری بـوزانی دەڵـێ "ئەوان پێیـان وایە ئێزیـدییەکان خـاوەنی کتێبـی ئاسـمانی نـین و هەر ئەوەش وای لێکـردوون وەك مەسـیحییەکان ڕێـگەی سێیەمیان لە بەردەم نەبێت کە جێهێشتنی شوێنەکانیانە".

## (٢٥)
## پیاوێکی بەتەمەنی کریستیان لە موسڵ ڕزگارکرا



موسا حەننا تەمەنی زیاتر لە ٧٠ ساڵە

پیاوێکی بەتەمەنی کریستیان لە ناوچەی موسڵی کۆن لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە ڕزگارکرا، بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی١٤ی پارتیش لە موسڵ دەڵێ "بەهۆی ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتوون، پیاوەکە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە".

سەعید مەموزینی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی ١٤ـی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ، ڕاگەیاند "هێزە عێراقییەکان لە ناوچەی موسڵی کۆن پیاوێکی کریستیانیان ڕزگارکردووە، کە ناوی موسا حەننا-یە و تەمەنی زیاتر لە ٧٠ ساڵە".

بەگوتەی مەموزینی ئەو پیاوە خەڵکی شارۆچکەی باشیکە، کەسوکارە نزیکەکانی چوونەتە دەرەوەی کوردستان و عێراق، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی لە سێ ساڵی ڕابردووشدا بەسەری هاتوون، تووشی نەخۆشی دەروونی بووە.

بەرلەوەی داعش شارۆچکەی باشیک کۆنترۆڵبکات، ڕێژەی لەسەتا ٢٠ـی دانیشتووانەکەی کریستیان بوون.

لەگەڵ هاتنی داعشیش بۆ موسڵ و دەشتی نەینەوا، کریستیانەکانی ئەو ناوچانە ئاوارەی باشووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی دەرەوە بوون، کە ژمارەیان زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس دەبێت، دوای شەڕیش نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانیان، چونکە بەشێکی بووە بە وێرانە.

## (٢٦)
## شوێنە وێرانبووەکانی حەمدانییە

لەڕێگەی چەند ڤیدیۆیەکەوە کە بەشێوەی جیاواز و لەچەند شوێنێکی جیاوازی قەزاکە گیراون، دەردەکەوێت شارەکە بەتەوای ئاسەواری شەڕی پێوەدیارە و سەرجەم باڵەخانە و کەنیسەکانی وێرانبوون، ئێستا سوپای عێراق و هێزە مەسیحییەکان لەنێو حەمدانییەدان و شارەکە لە بۆمبە چێندراوەکانی داعش و پاشماوەی گرووپەکە پاکدەنەوە.
وەک لە وێنە و ڤیدیۆکاندا دەردەکەوێت، چەکدارانی داعش سەرجەم کڵێساکانیان سووتاندوون، هەروەها سووکایەتییان بە پیرۆزییەکانی ئایینی مەسیحی کردووە، تەنانەت پەرتووکە پیرۆزەکانیشیان سووتاندوون و لەسەر شەقام و بەردەرگای کەنیسەکان فڕێدراون.
قەزای حەمدانییە رۆژی پێنجشەممە ٢٧-١٠-٢٠١٦ بەتەواوی لەلایەن سوپای عێراق و هێزە مەسیحییەکان بە هاوکاری پێشمەرگە کۆنترۆڵکرایەوە و، ئاڵای عێراق و هێزە مەسیحییەکان لەسەر باڵەخانە و دامودەزگاکانی ئەو قەزایە هەڵدراون.
بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ گوتی:"ئێمە هاتووینەتە نێو شارەکە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێت خەڵکی ناوچەکە بگەڕێتەوە، چونکە حەمدانییە پێویستی بە پاککردنەوەیە و دەبێت بەتەواوی پاکبکرێتەوە، ئینجا خەڵک بگەڕێنەوە".
حەمدانییە بەدووری کەمتر لە ٢٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی موسڵ و زۆربەی دانیشتووانەکەی کریستیانن، لەگەڵ هێرشی داعش دانیشتووانەکەی ئاوارەی باشووری کوردستان بوون و زۆربەیان لە شارۆچکەی عەینکاوەی سەر بە هەولێرن، نزیکەی ٣٦ کەسیشیان بە دیلی کەوتوونەتە دەست داعش.
ئەو پیاوەی لە ڤیدیۆکەدا دەردەکەوێت، ئەلبوومێك وێنەی هاوژین و منداڵەکانی بە یادگاری هەڵگرتووە، ئەلبوومەکەی پڕبوو لە وێنەی کۆنی قەزای حەمدانییە و شوێنە پیرۆز و گرنگەکانی، ئەو کە هاوژین و منداڵ و کەسوکاری بەهۆی هێرشی داعش لەدەستداون، وەك کەسێك کە باوەڕ

نەکات ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەرهاتووە، زوو زوو سەیری وێنەکانی دەکرد و بە سەرباز و ڕۆژنامەڤانانی نیشان دەدان.
ئەو پیاوە بە چاوی پڕگریانەوە دەیگوت "من ئێستا مردووم، چونکە کاتێک دەبینم شارەکە بەم شێوەیە وێرانبووە، زۆر دڵگرانم و ئازارم دەدات، چونکە ئەو شارە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و وێرانبووە، نازانم نە بۆ خێزان و منداڵەکانم بگریم، نە بۆ شارەکەم".

## (٢٧)
## زۆرینەی مەسیحییەکانی موسڵ ناگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان

سەرۆکی کۆمەڵەی عیراقی بۆ مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: ١٣٠ بۆ ١٥٠ هەزار مەسیحی لە پارێزگای نەینەوا لەدەستی داعش هەڵاتوونو روویان لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکە کردووە.

حەمید موراد سەرۆکی کۆمەڵەی عیراقی بۆ مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەدیدارێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ باس لە نەهامەتیی مەسیحییەکان لە دوای هاتنی داعشەوە بۆ پارێزگای نەینەوا و کۆنترۆڵکردنی لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دەکات و دەڵێت: "٦٠ بۆ ٦٥ کڵێسا و پەرستگا و مەزاری مەسیحییەکان وێران کراون و بەشێکیشیان کراون بە بارەگای چەکداران".

حەمید موراد کە ئێستا لە شاری هەولێرەو بارەگای سەرەکی رێکخراوەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە وتیشی: "رێکخراوی تیرۆریستی داعش گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە هەموو عیراقییەکان ئەنجامداوە، زەبر و فشاری زۆرتری لە دژی پێکهاتەکان بووە کە هەزارەها ساڵە لە عیراقن و پێکەوەدەژیین، گەورەترین فشاریش لە دژی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و تورکمانەکان لە مەزهەبی شیعە بووە. گەلی مەسیحیش زۆر زیانی پێگەیشت و بەناچاری خاکەکەی کە هەزارەها ساڵە لەسەری دەژی، لەگەڵ شارستانییەت و مێژووەکەی لەو ناوچانە بەجێهێشتووە".

ئەو دەشڵێت: "کاتێك داعش هاتنە ناو مووسڵ لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ و شارەکانی دەشتی نەینەوای داگیر کرد، لەسەرەتادا فشارییان نەخستە سەر لایەنەکان، بەڵام دواتر رووی راستەقینەیان دەرکەوت بەرامبەر بە عیراقییەکان و عەرەب و هەرێمی و نێودەوڵەتیش لەوەی کە ئەجێندای تەکفیرییان هەیە لەدژی ئەوانەی پێچەوانەیانن لە ئایین و بیر و باوەڕەکان".

سەبارەت بە زیانی مەسیحییەکانیش لەدەستی چەکدارانی داعش، ناوبراو دەڵێت: "زیانی مەسیحییەکان زۆر بوون، زۆرێکیان ناچار بوون هیچ

بەڵگەنامەیەکی کەسیی خۆیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەربهێنن، زیانەکان زۆر زۆرن بە ملیارەها دۆلار دەبێت، بەڵام ئاماری ورد نییە لەوبارەیەوە، لەکاتێکدا مەترسی لەسەر ئەوەش هەیە کە ٨٠ لەسەدی ژێرخانی ئەو شوێنانەی داعش داگیریکردوون، وێرانی کردووە، لەنێویاندا ناوچەکانی دەشتی نەینەوا کە مەسیحییەکان لێی نیشتەجێ بوون".

وتیشی:"چەکدارانی داعش لە ١٠ی حوزەیرانەوە دەستدرێژییان کردووەتە سەر ٦٠ بۆ ٦٥ کلێسا و مەزاری مەسیحییەکان، زۆرینەی هەرە زۆریان رووخێنراون، بەشێکیان کراونەتە بارەگا و ئەو شوێنە پیرۆزانەیان پیس کردووە".

حەمید موراد سەرۆکی کۆمەڵەی عیراقی بۆ مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"بەپێی زانیارییەکان، چەکدارانی داعش گۆڕی بە کۆمەڵیان بۆ رۆڵەی مەسیحییەکان دروست کردووە بەتایبەت پێدەچێت لە موسڵ و دەشتی نەینەوا بدۆزرێنەوە پاش رزگارکردنی ئەو ناوچانە لەدەستی داعش".

ئەو دەشڵێت: "کاتێك پێشمەرگە یان هێزەکانی دیکە پێشڕەوی دەکەن ئەوا گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزنەوە، بۆ نموونە لەکاتی رزگارکردنی شنگالەوە تائێستا زیاتر ٢٢ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، چاوەڕوان دەکەین لەناوچە مەسیحی نشینەکانیش گۆڕی بە کۆمەڵی مەسیحییەکان هەبێت، بەڵام پاش رزگارکردن هەموو شت ئاشکرا دەبێت کە کارەساتە لەسەر ئاستی مرۆیی لە چەرخی نوێدا ".

لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا حەمید موراد تیشك دەخاتە سەر ئەو نەهامەتیانەی بەهۆیانەوە مەسیحییەکان عیراقیان بەجێهێشتووە یان ئاوارەی ناوخۆی ئەو وڵاتە بوونو ئامارەکان لەزمانی خۆیەوە بەمشێوەیەن "بەهۆی توندوتیژییەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا هەزار و ١٣٤ رۆڵەی مەسیحی کوژراون، هەروەها سەنتەرەکان و شوێنە پیرۆزەکان ١٢٦ گۆڕ و مەزار و کلێسا دەبێت کە بەر دەستدرێژیی بوونەتەوە".

دەشڵێت: "ڕۆژی ٩ لەسەر ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کە داعش هاتنە ناو مووسڵ تەنها لە هەفتەی یەکەمی بوونییان لەوێ نزیکەی ١٣ هەزار مەسیحی موسڵیان بەجێ هێشت، ئێستا لەنێوان ١٣٠ تا ١٥٠

هەزار هاووڵاتی مەسیحی پارێزگای نەینەوا ناوچەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە و نزیکەی ٥٠ رۆڵەی مەسیحییەکان لەژێر دەسەڵاتی داعش دەژیین بەزۆرینە لەو کەسانەن کە گیریان خوارد و نەیانتوانیوە دەربچن و ئێستا بە قسەی ئەو رۆژانی سەخت دەژیین.
ئەو وردەکاریی کۆچ کردن و ئاوارەبوونی مەسیحییەکانیش دەخاتەڕو و دەڵێت:"سەرەتای هەشتاکان یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار مەسیحی لە عیراق هەبوون، پاش ئابڵوقەی ئابووری و ستەمی سەدام ئەو ژمارەیە بۆ ٨٥٠ هەزار کەمبوویەوە لە پێش ساڵی ٢٠٠٣، لەوکاتەوە تا ئێستا ٦٠ لەسەدی ئەو رێژەیە کۆچیان کردووە و ئێستا لە عیراق نزیکەی ٣٠٠ تا ٣٥٠ هەزار هاووڵاتی مەسیحی تێدایە زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستانن، چونکە ناوچەیەکی ئاسایشە".
دەشڵێت:" لە بەسڕا کە توندوتیژی تێیدا دەستی پێکرد یەکەمجار ١٥ هەزار مەسیحی لێ بوو، ئێستا ٦٠٠ کەس کەمترن، لە شاری عمارە بە نموونە ٥٠ خێزانی مەسیحی هەبوون، ئێستا تەنها دوو تا سێ خێزان ماون، هەروەها ٨٠ لەسەدی مەسیحییەکانی بەغدا شوێنی خۆیان بەجێهیشت بۆ کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکا و کەنەدا و وڵاتانی دیکە".
حەمید موراد لە درێژەی قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە کاتێك نەگبەتی یان کارەساتێك یان جەنگ روو دەکاتە هەر ناوچەیەك ٤٠ بۆ ٦٠ لەسەدی ئەو خەڵکە کۆچ دەکەن و ناگەڕێنەوە بۆی، بەشێکی زۆری ئەو مەسیحییانەی لە ناوچەکانی دیکەی عیراقەوە هاتوونەتە هەرێم ناچنەوە ناوچەکانی خۆیان بەهۆی بوونی مەترسی لەسەریان، ئەوەیش زەرەرە بۆ عیراق و پێکەوەژیان لەم وڵاتە، بەڵام بەداخەوە لاوازی یاسا و دەستدرێژیی بۆ سەر ئەو هاووڵاتییانە و میلشیاکان وایان لێکردوون بیر لە گەڕانەوە نەکەنەوە".
لە کۆتایی قسەکانیشیدا رەخنەی توند لە حکومەتی عیراق دەگرێت کە پلانێکی ئەوتۆی نییە بۆ دوای قۆناغی داعش و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە و گەڕاندنەوەی خەڵکەکەیان بۆ شوێنی خۆیان، و ئەگەر ئەوەشیان لێ ببپرسیت دەیبەستنەوە بە نرخی نەوت و نەبوونی پارە.

دەشڵێت: "ئێستا ٤٠ هەزار مەسیحی عیراقی لە تورکیان، ئەوەیش زۆر ژمارەیەکی ترسناکە و ئەوانە چۆن دەگەڕێننەوە کە دەوڵەت هیچ پلانێکی بۆ گەڕانەوەیان نییە".



## (٢٨)
## ئاوارە کریستیانەکان بۆ گەڕانەوەیان داوای پاراستنی نێودەوڵەتیی دەکەن

ئاوارە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا بەرچاویان روون نییە چارەنوسیان لە ئایندەی موسڵدا چی دەبێت، بەشێکیان چاوەڕێن لە ناوچەکەیاندا ئاسایش بەرقەرار بێت و ئەو کاتە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بەشێکی دیکەشیان، کە زۆرینەن، بڕیاریان داوە لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە.
بەشی زۆری ئاوارە مەسیحییەکان داوای پاراستنیان دەکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەوە بە مەرجی گەڕانەوەیان دادەنێن.
مەسیحییەکان ناگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی هێزە عێراقییەکان کۆنترۆڵیان کردوونەتەوە، بەڵام دەگەڕێنەوە ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە، بەجۆرێک دوای ئەوەی تلسقۆف کەوتەوە دەست پێشمەرگە، نزیکەی ٧٠٠ خێزان گەڕاونەتەوە ماڵەکانیان. بەڵام لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی هێزە عێراقییەکان تەنیا ١٠٠ خێزان گەڕاونەتەوە.
زیاتر لە ١٥٠ هەزار کریستیان لە شەڕی داعشدا ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، نزیکەی ٧٠ هەزاریش بەرەو ئەوروپا و وڵاتانی دەرەوە کۆچیان کردووە.
سالم یوسف، کە خەڵکی شارۆچکەی حەمدانییەیە، خانووەکەی سووتاوە، ئەو شەو ڕۆژ دەژمێرێت بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکانیان بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوە روونەدات، ئەو بڕیاریداوە لە باشووری کوردستان بمێنێتەوە .
سالم دەڵێت "من بگەڕێمەوە بەچی بگوزەرێم؟ باشە من گەڕامەوە، چی هەیە لە ناوچەکەم؟ خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، ئاو و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان نییە. خانووەکەم سووتێندراوە بگەڕێمەوە کوێ؟ دەبێ بمێنمەوە".
حەمدانیە، بەرتللە، تلسقۆف و کەرەملس ئەو ناوچانەن لە دەشتی نەینەوا کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان مەسیحین.
بەشی زۆری ئاوارە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت، بە ناڕاستەوخۆ مەیلی ئەوەیان هەیە کە ناوچەکانیان بخرێتە سەر

هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی داهاتوویان هاوشێوەی مەسیحییەکانی ئارام و بێ کێشە بێت. بەشێکیشیان هێشتا چاویان لەو بژاردەیە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پارێزگاریان لێبکرێت و بگەڕێنەوە ناوچەکانیان.

ئیدریس سامی، ئاوارەی مەسیحی دەڵێت "دەخوازین بگەڕێینەوە زێدی خۆمان، بەڵام پێویستمان بەپارێزبەندییەکی نێودەوڵەتی هەیە. لە بەرامبەر ئێمە، هەولێر و کوردستان هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەبووە".

ئینتسار یوسف دەڵێت:"دەمانەوێ بگەڕێینەوە بەڵام ئاسایش و سەقامگیریمان دەوێت بۆ ئەوەی دیسان ئازارمان نەدەنەوە".

## (٢٩)
## بەرتەلە داعش خاچەکانی شکاند و کلێسایەکانی وێرانکرد



رێکخراوی داعش چەندین شوێنی پیرۆزی مەسیحییەکانی سووتاندووە، هێشتا رەشی دووکەڵەکان لەناو و بەسەر دیواری کلێساکانەوە دیارە، کە ئەو رێکخراوە خاچەکانی شکاند.
بەرتەلە یەکێکە لەناحییەکانی سەر بەقەزای حەمدانییە لەپارێزگای نەینەوا، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری موسڵ، ژمارەی دانیشتووانەکەی پێش هێرشەکانی داعش بۆ سەر پارێزگاکە لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ لەسەرووی ٦٠ هەزار کەسەوە بوو، دانیشتوانەکەی سریانی مەسیحی ئەرسەدۆکسو کاسۆلیکن، هەروەها کەمینەیەکی شەبەکیشی لێدەژی.
شارۆچکەکە کەمتر لە ١٠ کیلۆمەتر لەپایتەختی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش"ەوە نزیکە، دوای ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئەو شارۆچکەیەو دەرهێنانی لەدەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە راگەیەنرا، ئێستا هیچ هاووڵاتییەکی خەڵکی شارەکە لەناو بەرتەلە ناژین، ئەوەش بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی ئەنادۆڵ.
هەر بەپێی راپۆرتەکە، لەو کاتەی هێزەکانی عێراق شارۆچکەکەیان کۆنترۆڵکردووەتەوە چەند کەسێکی کەم، کە لەپەنجەکانی دەست

تێپەڕنابن‌و بەتایبەت لە بەتەمەنەکان بوون لەو شوێنە ژیاون، ئێستا شارەکە سەرباری وێرانەیی بێدەنگی تەواوی پێوە دیارە، جگە لەدەنگی تەقەو دەنگی ئۆتۆمبیلە سەربازییەکان جادەکانی شارۆچکەکە تەواو مات‌و خامۆشە.
لەبەرتەلە بۆ هەر کوێیەك دەچیین هێزە ئەمنییەکان پێماندەڵێن، "ئاگاداری خۆتان بن" ئیدی تێدەگەین، یان بۆمبی چێنراو، یان ترس لەرووداوێکی نەخوازراو هەیە، بەتایبەت لەگەڵ بوونی چەندین تونێل، کە داعش لێرە هەڵکەندووە".
شارۆچکەکەی مەسیحییەکان چەند کڵێسایەکی تێدایە لەوانە کڵێسای سریانی ئەرسەدۆکسەکان، ئەم کڵێسایە تیمی ئاژانسی ئانادۆڵ چوونە ناوی، لەناو کڵێساکە سەرباری تێکدانی پەیکەرەکانی حەزرەتی عیساو مەریم، هەروەها خاچێکی گەورەی نەخشێنراو لەسەر دیوارەکەی هەڵکەنراوەو ئێستاش شوێنی هەڵکەندنەکە هەر شێوەی خاچ دەدات، لێرە لەناو کتێبەکانی مەسیحییەکان، چیرۆکەکانی حەزرەتی عیسای مەسیح‌و خاچەکاندا چەندین چیرۆك هەیە، کە داعش چی لەم شوێنە پیرۆزەی پێکهاتەی مەسیحییەکان کردووە.
سەرباری تێکدانی زۆرێك لەشوێنەکانی ناو کڵێساکە ئاگریشی لەزۆر شوێن بەرداوەو شوێنەواری دووکەڵی رەش بەدیوارەکانەوە روونن، لەپاڵ کڵێساکەش ئەو گۆڕستانەی تەواو وێران کردووە بەتایبەت کێلەکانی شکاندووەو شوێنەواری فیشەك بەگۆڕەکانەوەیە، هەروەها چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە"داعش" لەم گۆڕستانە بنکەیەکی هەڵدانی مووشەکییان داناوە.
بەرتەلە شوێنێکی پیرۆزی مەسیحییەکانی عێراقە، لەمێژووی کڵێسای سریانی بەتایبەت رۆڵێکی گرنگ‌و مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئێستا خاچەکان لەسەر زەوی بڵاوەیان کردووە، لێرە داعش شتێك نەماوە تاییەت بێ بەمەسیحییەکان‌و دەستی بۆ نەبات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خاچ لەم شارۆچکەیە نابڕێت‌و چەندین خاچ لێرەو لەوێ لەباڵەخانەو کڵێساکانەوە دەبینرێت.
یەکێك لەو گەنجانەی لەهێزەکانی دژەتیرۆرە لەعێراق بۆ وتی: "ئێمە جیاوازییمان نییە، گرنگ ئەوەیە عێراقیین، بەڵام ئیدی داعش ئاوای لەبرا

مەسیحییەکان کردووە، ماڵەکانی تاڵان کردوون، شوێنە پیرۆزەکانی وێران کردوون، زۆر بەداخەوە ئەوان بەناوی ئیسلامەوە هەرچی پیرۆزی هەبوو رووخاندیان و وێرانیان کرد".
ئەو گەنجە بەرەچەڵەك عەرەبەو بە مەزهەبیش شیعەیە، لەناو شارۆچکەکە دەسووڕایەوەو بەدەست ئاماژەی بۆ کڵێساکە کرد، وتیشی: "ئەم کڵێسایەیان تەواو وێرانکردووە، ئەمە کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو مەسیحییەکان دێنەوەو ئێرەش ئاوەدان دەکەنەوە".
داعش لەدوای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ هێرشی زۆری بۆ پێکهاتەکان لەدەشتی نەینەوا هێناو تاوانی گەورەی بەسەر ئێزدییەکان هێنا، کە هەزارانی لێکوشتن‌و رفاندن، هەروەها مەسیحییەکان‌و کاکەیی‌و شەبەك‌و دەستی لەکوردیش نەپاراست.
لەرێگەی چوون بۆ ناو شارۆچکەکە چەندین ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراوی چەکدارانی داعش دەبینرێت، نەك ئۆتۆمبێلەکان، بەڵکو پارچەکانی لەدوای پێکانی لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە، لەسەر دیوارەکانی زۆر شوێنی ئەم شارۆچکەیە نووسراوە "الدوله الاسلامیه، باقیەو تتمدد"، بەڵام ئەوەی سەرنج راکێشە، هەندێك نووسینە بەزمانی عەرەبی چی لەسەر دیوارەکانی کڵێساکە بێت، یان لەدەرەوەی، کە بەهەڵە نووسرابوون وەکو ئەوەی نووسراو "ولایت اربیل"، ئەوە جگە لەوەی لە ناو کڵێساکە چەکدارانی داعش نووسیویانە "عیسا عەبدی خواو پەیامبەرییەتی".
لەسەر دیواری بەشێك لەخانووەکانی ئەم شارۆچکەیە نیشانەی"ن" هەیە، کە ئاماژەیە بۆ وشەی "نەسڕانی"ی زمانی عەرەبی واتە مەسیحی، هەروەها لەچەند شوێنێکیش ئاماژە دانراوە لەسەر ئەو خانووانەی گوایە بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکەیان دەگەڕێتەوەو دەستییان بەسەرداگرتووە.
لەناو ئەو کڵێساکان لەشارۆچکەی بەرتەلە لەسەر تەختەی نووسین چەندین رێنمایی بۆ چەکدارانی داعش نووسرابوویەوە لەوانە دەبێت خواردن‌و خواردنەوە کەمبکرێتەوە، دەبێت لێخوڕینی هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێك فێرببن، هەروەها چۆنێتی بەکارهێنانی فریاگوزاری سەرەتایی، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەی نووسرابوو ئەوەبوو، کە چۆن

نەخشەی ئەو شار و شوێنەی بۆی دەچن دەبێت بیزانن‌و شارەزاییان لێهەبێت، لەگەڵ چەندین ڕێنمایی دیکە.
کڵێسایەکی بەرتەلە کتێبەکان بەناو ژوورەکانەوە تەنراون، پەرتەوازەبوون، خۆڵ‌و خاشاکیان لەسەر نیشتووە، ئەرشیفی کڵێساکەی هێشتا بەشێکی ماونەتەوە، کە ڕەنگە لەناویدا یان لەژێریدا داعش بۆمبەکانی شاردبێتەوە، ئەمە مەترسییەکی گەورە دروستدەکات، چەندین وێنەی حەزرەتی عیساو مەریمیش لەو کڵێسایە لەناو ژوورەکانی، لەسەر زەوییەکەی، لەسەر شوێنی دانیشتنی کڵێساکەو نوێژخوێندن هەن.
بەرتەلە ڕزگاربوو، کڵێساکانیش، ئەگەر چی ئێستا نوێژییان تێدا ناخوێنرێت، بەڵام مەسیحییەکان ئامادەن بگەڕێنەوە ناوچەکانییان لەدوای نەمانی داعش، ئەوان چاوییان لەزرنگەی زەنگەکانی کڵێساکانە، کە شارەکە پڕاوپڕبکات لەدەنگ‌و نوێژو خواپەرستی بەشێوازی خۆیان، ئەوان دەیانەوێت جارێکی دیکە بۆنی خاکی بەرتەلە بکەنەوە دوور لەداعش.

## (٣٠)
## بۆ یەکەمجار زەنگی کڵێسا لەباشیك لێدەدرێت

دوای ئازادکردنی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بۆ یەکەمجار دوای زیاتر لەدوو ساڵ، قەشەی مەسیحییەکانی باشیك لەکڵێسایەکی خاپورەوە یەکەم زەنگی کڵێساکەی لێدا.
ناحیەی باشیك دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری موسڵەوە، ماوەی زیاتر لەدوو ساڵ لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ـەوە داگیرکرابوو، رۆژی چوارشەممە ٢٠١٦ /١١/٩ سێیەم رۆژی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باشیك بوو.
لەماوەی دوو ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکەدا، جارجار دەنگی تەقەی چەکدارانی داعش دەبیستراو تەنها شەقامە سەرەکییەکانی باشیك کۆنترۆڵکرابوون، بەڵام لەڕۆژی سێیەمدا هێزەکانی پێشمەرگە هەموو گەڕەکەکانی ئەو شارۆچکەیەیان پاککردەوەو دواتر هیچ مەترسییەکی چەکدارانی داعش لەو شارۆچکەیە نەما.
لەشارۆچکەی باشیك ٧ کڵێساو مەزارگەی ئاینزا جیاوازەکانی لەخۆگرتوە، مەسیحییەکان وەك دووەم پێکهاتە سەدا ٢٠ی ئەو شارۆچکەیە پێکدەهێنن‌و دوای زیاتر لەدوو ساڵ، ڕۆژی چوارشەممە قەشەی مەسیحییەکانی ئەو شارۆچکەیە یەکەم زەنگی کڵێسای لێدا.
قەشەی مەسیحییەکان لەکڵێسای مار گورگیس لەهۆڵێکی داڕوخاوی ئەو کڵێسایەدا، بەدەم دوعا خوێندنەوە مۆمەکانیان داگیرساندو خاچەکانیان بەرزکردەوە، دواتر یەکەم زەنگی کڵێسایان لێداو ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ دڵنەوایی و گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان.
شارۆچکەی باشیك سەر بەپارێزگای موسڵەو کوردی ئێزیدی سەدا ٧٠ی ئەو شارۆچکەیە پێکدەهێنن و لەدوای ئەوەش مەسیحییەکان سەدا ٢٠ و موسڵمانیش لەسەدا ١٠ی ئەو شارۆچکەیە پێکدەهێنن.
باشیك سێ چیای گرنگی لێیە بەناوەکانی؛ باشیك، مەقلوبەو مەغارە هاوکات ناوچەیەکی کشتوکاڵی پڕ بەپیتە، بەتایبەت لەبەرهەمهێنانی زەیتون، جگە لەوە ناوچەیەکی سەوزایی و دارستانی زۆری لێیە بە بەراورد بەناوچەکانی دیکەی پارێزگای موسڵ، بەجۆرێك باشیك ٧٥ هەزار داری لێچێنراوەو ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە ١٤٠ هەزار کەس دەبێت کە ٣٥ هەزاریان لەسەنتەری باشیك دەژین.

## (٣١)

## پێشمەرگە خاچی سەر کڵێساکانی باشیك دادەنێنەوە



پاش کۆنترۆڵکردنەوەی شارەدێی"باشیك" هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامن لە نێو ماڵ و گەڕەك و خانوو و کۆڵانەکانی شارەدێیەکە، بۆ ئەوەی ئەو پاشماوانەی چەکدارانی داعش کە بەهۆی ئابلۆقەدانیان توانای دەرچوونیان نەبووە و لە تونێل و ماڵەکان ماونەتەوە بە تەواوی پاکبکەنەوە.

شان بە شانی ئەرکی رزگارکردنەوەی ناوچەکان، پێشمەرگەکان هەوڵی ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو دەڤەرانە دەدەن و وەك لە وێنەکاندا دەردەکەوێت، ژمارەیەك لە فەرماندە و پێشمەرگەکان سەرقاڵی گەڕاندنەوە و دانانەوەی خاچی سەر یەکێك لە کڵێساکانی شارەدێی باشیکن، پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ دا داعش ئەو ناوچانەی داگیرکرد، هەموو سیمایەکی ژیانی تێدا داماڵی بوو.

شارەدێی باشیك چەندین نەتەوەی جیاواز و پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی تێدا ژیاوە، بەڵام داعش ئەو ناوچانەی لە خەڵکەکەی راماڵی و لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی حوکمیاندا زۆربەی کڵێسا و پەرستگای ئایینەکانی دیکەی لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیدا وێرانکرد و ژمارەیەکیانی تەقاندەوە.



هەر بۆیە پێشمەرگەکان دەیانەوێت جارێکی دیکە هاوکاری هەموو پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەبن کە بە خوێن رزگاریان کردووە و بوونەتە زامنی گەڕانەوەی ژیان بۆ ئەو دەڤەرانە، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان ئەو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییانەدا بکەن کە لە دێر زەمانەوە پێکەوە ژیاون.

شارەدێی باشیك دەکەوێتە دەشتی نەینەوا و ١٢ کیلۆمەتر لە سەنتەری قەزای موسڵەوە دوورە و لە رووی ئیداریشەوە سەر بە قەزای ناوەندی موسڵە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە و ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و زیاتر بە بەرهەمهێنانی زەیتوون ناسراوە.

زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شارەدێیە کوردی ئێزدیین و موسوڵمان و مەسیحی و کوردی شەبەکیشی تێدا دەژین، لە دەوروبەری ناحییەکە ژمارەیەك گوند هەڵکەوتووە کە "١٧" گوندیان عەرەبەکان تێیدا نیشتەجێن و "٦" گوندی دیکەش هەن کە هی کوردە ئێزدییەکانە و لە گوندێکی ئەو شارەدێیەشدا تورکمانەکان هەن.

خەڵکی ئەو ناوچەیە بە چەند زمانێك قسە دەکەن وەك"عەرەبی" و "کوردی" و "سریانی" و "تورکمانی".

ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارەدێیە بە "٧٠ " هەزار کەس ئەژمار کراوە و ناوچەیەکە بە کلتوری جۆراوجۆر دەوڵەمەندە بەهۆی ئەو فرە نەتەوەیی و ئاینییەی تێدایە، لە ناوچەکانی "باشیك" و "بەحزانی" ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدی دەژین بەگوێرەی سەرژمێرییەکان ژمارەی ئێزدییەکانی ئەو ناوچەیە ٧٠% ی کۆی دانیشتووان پێکدەهێنن و هەروەها ٢٠% دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە مەسیحین و لە "سریانی کاسۆلیك" و " سریانی ئەرسەدۆکس" پێکهاتوون.

هەروەها ٥% دانیشتوانی ئەو ناوچانە سەر بە هۆزە کوردییەکانی دیکەی ناوچەکانی بادینانن، بەڵام گوندەکانی دەوروبەری شارەدێی باشێك کە ژمارەیان"١٧" گوندە پێکهاتەکانی دابەش بوون بە سەر پێنج کلتوری جۆراوجۆردا، عەرەبەکان لە "٦" گوندی ناوچەکەدا ڕێژەیان ٢٠% و کوردی شەبەك لە "٢٠" گوندی ئەو شارەدێیەدان و ڕێژەی ٧٠% و تورکمان لە گوندێکی ئەو ناوچانەدا دەژین و ڕێژەیان ٥% و عەرەب و کریستیانەکانیش لە دوو گوندی دیکەدا ڕێژەیان دەگاتە ٥% ی دانیشتوانی گوندنشینی دەوروبەری شارەدێی باشیك.







# (٣٢)

## لە بەحزانی خاچ خرایەوە سەر کڵێسا و زەنگ و سرووتیش گوترانەوە



لە رێوڕەسمێکدا دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی بەحزانی لەنزیك باشیك، کریستیانەکان خاچییان لەسەر کڵێسای مارگۆرگیس بەرز کردەوە و زەنگەکەشیان لێدایەوە. لەنێو سرووتی کریستیانەکان و خاچەکاندا بەدەیان پێشمەرگە و ژمارەیەك فەرماندە هەبوون کە پێش چەند ڕۆژێك بەحزانییان رزگارکردووەتەوە.

بە ئامادەبوونی چەندین فەرماندەی پێشمەرگەی دەڤەرەکە ژمارەیەك پیاوی ئاینی کریستیان هاوشان لەگەڵ ژمارەیەك لە هاووڵاتی کریستیانی ناحییەی باشیك و بەحزانی لە شارۆچکەی بەحزانی خاچی مەسیح لەسەر کڵێسای مارگۆرگیسی سریانی ئەرسەزۆکس لە شارۆچکەی بەحزانی دانرا، هەروەها ئامادەی رێوڕەسمی لێدانی زەنگی کڵێساکە و خوێندنی سرووتی ئاینی کریستیانەکان بوون.

لێرە لە نێو شارۆچکەکە، پێشتر و پێش گرتنی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لەساڵی ٢٠١٤ کریستیان و مسوڵمان و ئێزدی بەبێ هیچ کێشەیەك ژیانییان بەسەربردووە، بەڵام ئێستا داعش جگە لە وێرانەیی

مەترسیی بۆ سەر پێکەوەژیانیشی بەجێ هێشت، لێرە هەر شوێن و کوچەیەك بۆی دەچیت شوێنی پێی داعش هەیە کە وێرانەییە.
لە پێش کڵێسای مارگۆرگیس لە بەحزانی ژمارەیەك پیاوی ئاینی هاوشانی ژمارەیەك لە فەرماندە و پێشمەرگەکان و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبەردەم سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب وەستان.
پاشان چوونە نێو کڵێساکەوە کە داعش تەواو وێرانی کردووە، لە هۆڵێکی کڵێساکەشدا شوێنی سەرەتای تونێڵێك هەیە کە چەند مەترێك هەڵکۆڵراوە بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، بەڵام پێدەچێت چەکدارانی داعش نەبرژابێتنە سەر تەواوکردنی ئەو تونێلە، ئیدی لە هەموو شوێنەکانیش کەلوپەلە شکێنراوەکان و خستنەسەرزەویی کتێبە پیرۆزەکانی کریستیانەکان و چەندین دیمەنی تر هەن.
یەکێك لە پیاوانی ئاینی کریستیان کە بەردەوام خاچێکی لە دار دروستکراوی لەدەست بوو، هەمیشە سرووتی ئاینەکەی خۆی دەگوتەوە و سوپاسی خوای دەکرد بۆ ئەوەی کە گەڕاوەتەوە کڵێساکەیان، باسی لەوە دەکرد کە کریستیانەکان خۆشحاڵن بە رزگارکردنەوەی ناوچەکانییان لەسەردەستی هێزەکانی پێشمەرگە.
خوری ئەفرام ئەلخوری بنیامین لەوبارەیەوە گوتی: "زۆر خۆشحاڵین کە ناوچەکەمان و کڵێساکانمان رزگارکراون، بەڵام بەهۆی جەنگەوە ناوچەکە بەرێژەیەکی زۆر وێران بووە و هەست دەکەین لە سەردەمێکی دیکەداین، داعش مرۆڤ و ئاژەڵ و دارودرەخت و هەموو شتییان کوشتووە و لە ناوبردووە، تەنانەت مردووەکانیش لەدەستی ئەوان سەلامەت نەبوون و گۆڕەکانییان هەڵداوەتەوە و دەستکاریی گۆڕەکانییان کردووە".
دەشڵێت" داوای یارمەتی لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و حکوومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی ناوچەکانمان ئاوەدان بکەینەوە و شوێنە پیرۆزەکانمان دووبارە بونیاد بنێینەوە".

## (٣٣)
## دوای نەمانی داعش خاچی سەر کڵێساکان سەر پێ دەکەنەوە



لەدوای هێرشەکانی داعش لە ناوەڕاست و کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بۆسەر پارێزگای نەینەوا و چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق، بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی پێشتر مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا تێیدا دەژییان کەوتنە ژێر قەڵەمڕەویی داعش، ئەمانیش وێڕای وێرانەیی کڵێساکانییان کرد بە بنکەی سەربازیی و بەشێکیشیان سووتاندن، ئێستا لەدوای داعش دەنگی نزاکان بەوردی بەرز دەبنەوە و مۆمەکانیش تاریکایی کڵێساکان رووناك دەکەنەوە.

مارتن لەنێو کڵێسا گەورەکەی حەمدانییە لە یەکەم نوێژیدا دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردبوویەوە و نزاکانی بۆ هاوئاینەکەی و مرۆڤایەتی دەکرد.

چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە چوارچێوەی تێگەیشتنییان بۆ ئیسلام و ئاینەکانی دیکە خۆیان وەکو پارێزەری مافی پێکهاتەی عەرەبی سوننە ناساند و ئاگرییان لەسەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی وەکو

کورد، شیعە، مەسیحی، ئێزیدی، شەبەك، کاکەیی بەردا و سەری ئەمانییان لەژێر چەقۆکانییاندا بەناوی خواوە پەڕاند.

مەسیحییەکان ئامانجێکی سەرەکی داعش بوون، ئەمان کە باوەڕیان بە مەسیح و لە خاچدانی هەیە و ئاینێکی جیاواز لە ئیسلام پەیڕەو دەکەن دەیان کەسییان لێ کوژران، شوێنە پیرۆزەکانییان کەوتنە بەر ئاگری داعش و کران بە شوێنی سەربازی و هەرچی کتێبی پیرۆزی ئەوان هەیە کەوتە بەر پێی ئەو چەکدارانە.

حەمدانییە یان(بەخدیدا) یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای نەینەوا، زۆرینەی دانیشتووانەکەی پێش کۆنترۆڵکردنی لەلایەن چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراوبە "داعش" لە سەرەتای مانگی ئابیساڵی ٢٠١٤ زۆرینەی دانیشتووانەکەی سریان بوون، جگە لە چەند گوندێك کە شەبەك و ئێزیدییەکانیش لێی دەژیان.

لێرە چەندین کڵێسا هەیە کە لەدوای نەمانی داعش شوێنەواری شەڕ و رووخاندن و سوتاندنییان پێوە دیارە، لێرە لەم کڵێسایانە پتر لە دوو ساڵ دەبێت نە نوێژ خوێنراوە و نە مۆمیش هەڵکراوە، هیچ ئینجلێکیش نەکراوەتەوە بۆ خوێندنەوە و نزاکردن.

کڵێسای"التاهره الكبرى" گەورەترین کڵێساکانی قەزاکەیە و بە گەورەترین کڵێساکانی عێراق و ڕۆژهەڵات دادەنرێت، پێش سووتاندنی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کڵێساکە لەرووی فراوانی و ئەندازەییەوە تەلارێکی زۆر جوان بوو، بە گرنگترین کڵێساکانی سریانەکان دادەنرێت، بەڵام ئێستا تەواو وێران بووە، چەکدارانی داعش بێ گوێدانە پیرۆزییەکانی، ئەم کڵێسایەیان وەکو بنکەیەکی سەربازی بەکارهێناوە، لە پێش هەڵاتنیشیان ئاگرییان لەم شوێنە بەرداوە و بەو هۆیەوە هەرچی هەیە لێرە سوتاوە، لێرە وێنەکانی عیسا، خاچەکان، ئینجلەکان یان سووتێنراون یان لەنێو خاشاك و فیشەکەکاندا بێ ناز کەوتوون.

لەنێو کڵێسای "التاهره الكبرى" چەند کەسێکی کەم بۆ نوێژ خوێن و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ عیسای پێغەمبەر دەبینران، بەشی زۆری ئەوان زەوی کڵێساکەیان ماچ دەکرد، زۆریشیان خاچییان لە ملدا بوو،

مۆمیشیان وەکو دەستپێکردنەوەی ژیان و وەکو ئاواتێك بۆ گێڕانەوەی کڵێساکە بۆ دۆخی خۆی هەڵدەکرد، ئیدی دەستیشیان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و نزاکانییان دەخوێند.

مارتن، گەنجێکی مەسیحی بوو لە نێو کڵێساکە پێش گەیشتنی ئێمە بەچەند خولەکێك لەوێ بوو، ئەو وێنەی عیسای مەسیحی لە کۆش بوو، بەئێمەی گوت: "ئەوەی نەکرابوو داعش کردییان، لێرە کە ماڵی خوایە هەرچی کاری خراپەکاری هەیە کردوویانە بێ گوێدانە پیرۆزییەکان، ئەم کڵێسایە کە لەلای سریانەکان عێراق و جیهانیش زۆر گرنگ بوو بەمشێوەیەیان لێکردووە کە دەیبینن، سووتاندوویانە."

مارتن نیشانەکانی خەمۆکی و بێزاری بەدەموچاوییەوە دیاربوو، ئەو زوو زوو چاوی لە کتێبە پەرتەوازەبووەکانی نێو کڵێساکە و دیمەنە ڕەشەکەی نێو کڵێساکە کە بەهۆی گڕتێبەردانییەوە تەواو ڕەش بووە دەکرد و ئاخی هەڵدەکێشا، زیاتر گوتی: "من بیرم دێت چەندین جار هاتووم بۆ ئەم کڵێسایە پێش ئەوەی داعش بێتە ناو شارۆچکەکەمانەوە، ئێرە شوێنێکی زۆر خۆش بوو، شوێنێکی تەواو ئاوەدان بوو، لێرە نزامان بۆ هەموو خەڵك دەکرد، بەڵام بەداخەوە داعش هەموو شتی تێکدا."

بەردی بناغەی کڵێسای"التاهره الکبری" لەلایەن مەتران قۆڕلس جرجس لە ٢١ی ئابی ١٩٢٨ دانراوە و بونیادنانی تا ساڵی ١٩٣٩ بەردەوام بووە، کڵێساکە لە ناوەڕاستی شارەکە و لەسەر رووبەرێکی فراوان بونیات نراوە کە هەزار و ٢٩٦ مەتر دووجایە، لە دوو نهۆم پێکدێت، هۆڵە گەورە و سەرەکییەکەی بەشێوازێکی ئەندازەیی جوان دروستکراوە.

حەمدانییە یان بەخدیدا بەپێی قسەی شارەزایان پاشماوەی شاری (راسن) دووەم ئەو شارانەی لەلایەن پاشای ئاشووری نەمرودەوە بونیات نراوە، هەروەها بە"بیث خدیدا"ش ناوی هاتووە کە بە فارسی واتە ماڵی خواوەندەکان، چونکە پێشتر ئەم شارۆچکەیە مەجوسییەکانی تێدا بووە، هەروەها شارەکە ناوی قەرەقوشیش هەڵدەگرێت کە بە زمانی تورکی واتە باڵندەی رەش، بەڵام دیاترین هۆکارێك بۆ ناو لێنانەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو شەڕەی لەنێوان فارس و ئاشوورییەکان روویداوە

لەساڵی ٦١٠ی پێش زایین کە لە نزیك بکدیدو بووە و تێیدا سوپای ئاشووری شکاوە و ئەو وشەیەش نزیکە لە بیپ کزوزی وایە ماڵی گەنجان بە زمانی ئارامی.

کڵێسای مار یوحەنا یەکێکی دیکەیە لە کڵێساکانی شارۆچکەکە، لێرە لە نێو کڵێساکە چەندین دروشمی داعش و خەلافەتەکەی بەغدادی نووسراونەتەوە، بۆ هەر کوێیەك پێ هەڵدەگریت فیشەکەکان هەن، زۆرینەی خاچەکان ئەوانەی دەستی داعشی پێگەیشتووە وێرانییان کردوون، بەشێوەیەك پەیکەرەکان و سەرجەم پیرۆزییەکانی مەسیحییەکان وێران کراون، بەڵام هێشتا چەندین خاچیش هەیە بە دیوارەکانەوە کە لێکردنەوە یان تێکدانییان کاتی ویستووە وەکو خۆیان ماونەتەوە، هەرچی خاچی سەر کڵێساکەش هەیە کە چەند دانەیەکی گەورە بوون داعش هەمووی چەماندووەتەوە و داگرتووە، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو مەسیحییەکان بە دار و کەلوپەلی سادە دیسانەوە چەند خاچێکی گەورەیان لەسەر کڵێساکە هەڵداوەتەوە.

لە نێو ئەم کڵێسایە چەند مەسیحییەك هەبوون کە بۆ تەماشاکردنی شوێنە پیرۆزەکانییان و ئەو وێرانکارییەی داعش بەسەری هێناون هاتبوون، لێرە ئەوان باسییان لە یادگارییە خۆشەکانی پێش هاتنی داعش دەکرد و دواتر لەنێو کڵێساکە دەسووڕانەوە و تەنها خەمییان لێ دەخوارد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوان دڵخۆش بوون بەوەی دوای زیاتر لە دوو ساڵ کۆتایی بە قەڵەمڕەویی داعش دێت.

داعش بە بیانووی دەرچوون لە ئاینی ئیسلام، زۆرێك لە ڕۆڵەی مەسیحییەکانی کوشت، هەرچی موڵك و ماڵیشیان هەیە بە حەڵاڵی خۆی زانی، شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکانیشی خستە ژێر ڕەحمی لوولەی تفەنگەکانییەوە، بۆیە ئەوەی ویستی کردی.

ئێستا کڵێساکانی حەمدانییە لەگەڵ وێرانبوونییان وردە وردە کەسانێك دێن و نوێژی تێدا دەخوێننەوە و نزاکانییان دەکەنەوە، ئەوان وەکو بەشێکیان بۆ ئێمەیان گوت، نزاکانییان بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی و ڕزگارکردنییەتی لە دەستی داعش و بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەکانییانە لە دوای داعش.

## (٣٤)
## خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرمان هاوکاری داعش بوون

هاووڵاتیە مەسیحییە ئاوارەکان رایدەگەیەنن، کە ناگەڕێنەوە ناوچەکانیان، بەهۆی ترسیان لە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و هاوکارەکانیان.
ژمارەیەک هاووڵاتی ئاوارەی مەسیحی لە شاری هەولێر بە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)یان راگەیاندووە، کە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری ناوچە مەسیحی نشینەکانی دەشتی نەینەوا (گوندی عەرەبنشینن)، لە کاتی داگیرکاریی داعشدا، چەکدارانی ئەو رێکخراوەیان لەخۆ گرتووە و هاوکارییان کردون.
ئەو ئاوارە مەسیحییانە سێ مەرجیان بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان دیاری کردووە، کە بریتین لە:

- دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆیان.
چونکە ترسیان لە گوندە عەرەبنشینەکان هەیە، کەچاوساغی داعش بوون.
- پێدانی دڵنیایی نێودەوڵەتی.
- ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان.

ناوچە مەسیحی نشینەکانی دەشتی نەینەوا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە رزگار کراونەتەوە، کە چەکدارانی داعش بە هاوکاریی خەڵکی عەرەبی ناوچەکە، داگیریان کردبوون و مەسیحییەکانیش باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنی رزگارکردنەوەی ناوچەکانیانی دا و "بەڵێنەکەی بەجێ هێنا".
بەهۆی داگیرکاریی داعش و شەڕی تائیفی لە عێراق، دەیان هەزار هاووڵاتی مەسیحیی عێراق و دەشتی موسڵ، وەک ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کردووە.
دوای رزگارکردنەوەی ناوچەکانیان، هێزەکانی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار زەنگی کڵێساکانیان لێدایەوە و دڵنیاییان بە هاووڵاتییە مەسیحییەکان دا.
رۆژی ٢٠١٧/٤/١٥، لە پەیامێکدا بەبۆنەی جەژنی قیامەی مەسیحییەوە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دڵنیایی دایە

مەسیحییەکان، کە تیرۆر ناتوانێ پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان تێک بدات.
مەسعود بارزانی بە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوای راگەیاند، "ئێوەش بەشێکی ئازیزی گەلی کوردستانن و بەشدار دەبن لە دیاریکردنی چارەنووس و پیادەکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان".
لە رۆژی ١٧ـی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ـەوە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان بۆ رزگار کردنەوەی مووسڵ دەستی پێکردووە.
هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە چەند ڕۆژی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، هەموو ناوچە کوردستانییەکانی سنووری پارێزگای نەینەوایان رزگار کردەوە.

## (٣٥)

## سین دوایین ئادگاری داعشە لەسەر دیواری ماڵی دانیشتوانی مووسڵ



چەکدارانی داعش لەو گەڕەکانەی بەدەستیانەوە ماوون، پیتی (س) سین لەسەر دیواری هەندێك ماڵی خەڵکی مووسڵ دەنووسن.

ژمارەیەك لە دانیشتوانی گەڕەکی حەڤدەی تەمموزی خۆرئاوای مووسڵ بە سایتی "ارفع صوتك"یان راگەیاندووە، چەکدارەکان پشکنینی ماڵەکانیان کردووە و هەر ماڵێك ئۆتۆمبێلی تێدا بێت، پیتی "سین"یان لەسەر نووسیوە.

ئەو هاووڵاتیانە روونیانکردووەتەوە، مەبەستی داعش ئەوەیە، لەو ماڵەدا ئۆتۆمبێل هەیە.

دوای نووسینی ئەو پیتە، مەفرەزەکانی داعش بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێن و هەر ماڵێك پیتەکەی لەسەر نووسرابێت ناچاریان دەکەن ئۆتۆمبێلەکەیان بهێننە دەرەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەربەست لەبەردەم پێشڕەوی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، کە لە ئێستادا لە شەڕێکی سەختتدان لە دژی چەکدارانی داعش لە خۆرئاوای مووسڵ.

جگە لە پیتی "س" داعش ژمارەیەك پیتی دیكەی لەسەر دیواری ماڵان نووسیوە بۆ ناسینەوەیان. لەوانە:

پیتی "ن": لە وشەی "نصاری" وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو ماڵە مەسیحیین.

پیتی "م": لە وشەی "مرتد" (هەڵگەڕاوە) وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ ئەو ماڵانەی گوایە لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، لە روانگەی داعشەوە.

پیتی "ر": لە وشەی "رافضی" وەرگیراوە و مەبەستیان ماڵی هاوولاتیانی شیعە ئاینزایە.

پیتی "ت": لە وشەی "تحقیق" (لێكۆڵینەوە) وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو ماڵە لە ژێر لێكۆڵینەوەدایە.

پیتی "ح": لە وشەی "حضور" (ئامادەگی) وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دانیشتوانی ئەو ماڵە لەسەریان پێویستە سەردانی دیوانی خانوبەرەی "دەوڵەتی ئیسلامی" (داعش) بكەن.

## (٣٦)
## حەوت جار لەلایەن داعشەوە فرۆشرا



ڕەنا عودیشۆ لەگەڵ نۆ کچە کوردی ئێزدی لە عەیازییە ڕزگارکرا

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەلەعفەر، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە شارۆچکەی عەیازییەی سەر بەو قەزایە ئاوارەبوون و هەندێکیان ماوەی سێ ڕۆژ بەپێ ڕێیان کردووە تاوەکو گەیشتوونەتە سنووری هێزەکانی پێشمەرگە. یەکێک لەو ئاوارانە ژنێکی مەسیحییە کە دەڵێ چەکدارانی داعش حەوت جار مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردووە.

جگە لە ڕەنا عودیشۆ، کە ژنێکی مەسیحیی خەڵکی قەرەقوشە، نۆ کچە کوردی ئێزدیی دیکە لە عەیازییە ڕزگارکران، کە لە ڕەوشێکی دەروونی سەختدا دەژین و دووانیان زمانیان لەدەستداوە.

ڕەنا عودیشۆ، ژنێکی مەسیحیی ڕزگاربووی دەستی داعشە، دەڵێ "حەوت جار فرۆشرام، هەرکەسێک زیاتر پارەی دەدا، منیان بەو دەفرۆشت. گواستیانمەوە بۆ موسڵ و ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ یەکێکیاندا مامەوە، بەرگەی هەمووشتێکم گرت... دواتر کەسێک لە تەلەعفەر منی کڕی و لەوێوەش چوارجار کڕین و فرۆشتنم پێوە کرا".

لە لە ناو ئەم (١٠) ئافرەتە ڕزگابووە دوو کچە کوردی ئێزدی، دوای سێ ساڵ مانەوە لەژێر دەستی داعش بە کەسوکاریان شادبوونەوە و هەردووکیشیان بەهۆی ڕەوشی سەختی ژیانیانەوە زمانیان لەدەستداوە.

ڤیان شەمۆ، ڕزگاربوویێکی دیکەی کوردی ئێزدییە لە عەیازییە و دەڵێ "ئێمەیان بەسەر خێزانەکاندا دابەش کرد، من چوارجار کڕین و فرۆشتنم پێوە کرا. لەلای خێزانێک بووم، بەڵام کە کوڕەکەیان مرد منیان فرۆشت، لەدوای ئەوەوە چوارجار مامەڵەم پێوە کرا".

**سەرچاوەکانی بەشی یەکەم**

بۆ پێشەکی ئەم کتێبە سوودم لە ڕاگەیاننێنراوی کۆنسەی بەرێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کنك- وەرگرتووە، لە٢٥ خەرمانی ٢٠١٤، بڵاوکرایەوە.

(١) ماڵپەری نیقاش، خاڵس جومعە
(٢) تۆڕی میدیایی ڕووداو
(٣) ماڵپەری نیقاش، خاڵس جومعە
(٤) ماڵپەری باسنیوز، فەیسەڵ شێخانی
(٥) ماڵپەری نیقاش، ئەحمەد محەمەد
(٦) ماڵپەری باسنیوز، ڕێبەند سەعدوڵا
(٧)سایتی میدیا
(٨)ماڵپەری شار پرێس
(١٠) تۆری میدیایی ڕووداو، سوران بەهائەدین
(١١) ماڵپەری هاوڵاتی -حەسەن شەنون
(١٢) ماڵپەرەکانی خەندان و نیقاش
(١٣) ماڵپەری نیقاش، خاڵس جومعە
(١٤) ماڵپەری نیقاش، خاڵس جومعە
(١٥) ماڵپەری نیقاش، نەوزەت شەمدین
(١٦) ماڵپەری نیقاش
(١٧) ماڵپەری نیقاش، نەوزەت شەمدین
(١٨) تۆری میدیایی ڕووداو
(١٩) لە گرتەیکی ڤیدیویدا
(٢٠) ماڵپەری نیقاش، سەیف ئەلعوبێدی
(٢١) ماڵپەری ئاوێنە نیۆز، یاسین تەها
(٢٢) سودەم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە، سایتی خەندان- دانا تەیب مەنمی، ماڵپەری رۆیتەرز، تۆری میدیایی ڕووداو، ڕاوچی حەسەن.
(٢٣) ماڵپەری نیقاش
(٢٤) تۆڕی میدیایی ڕووداو، نەوزاد مەحمود
(٢٥) تۆڕی میدیایی ڕووداو، سیروان عەباس، پێداچوونەوە: هەڵات ڕێبوار
(٢٦) تۆڕی میدیایی ڕووداو، ڕاوچی حەسەن
(٢٧) ماڵپەری ڕادیۆی نەوا
(٢٨) تۆڕی میدیایی ڕووداو، ڕەنجە جەمال، داڕشتنەوە: حەکیم داود
(٢٩) سایتی شارپرێس

(٣٠) ماڵپەری رادیۆی نەوا
(٣١) ماڵپەڕی K24
(٣٢) ماڵپەری ئاژانسی ئانادۆڵ
(٣٣) ئاژانسی ئەنادۆڵ
(٣٤) ماڵپەڕی باسنیوز
(٣٥) ماڵپەری K24
(٣٦) تۆری میدیایی رووداو، نێچیرڤان حوسێن، پێداچوونەوە: هەڵات رێبوار

# بەشی دووەم
# چەند تاوانێکی تری دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە کریستیانەکان

## (١)
## مەرجەکانی داعش بۆ مەسیحیەکان

رێکخراوی تیرۆریستی داعش، هەڕەشە لە هاوڵاتیانی مەسیحی شاری موسڵ دەکاتو ٢٠١٤/٠٧/١٩ وەك دوا وادە بۆ دیاری کرد تا شارەکە چۆڵ بکەن.
لە بەیاننامەیەکدا رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، سێ بژاردەی خستە بەردەم مەسیحییەکانی شاری موسڵ بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرن کە ئەوانیش ئەمانەن:
یان ئەوەتا مەسیحییەکان ببنە ئیسلام و واز لە ئایینەکەی خۆیان بهێنن یاخود سەرانە بدەن ئەگەر ئەو دوو بژاردەیەشیان قبوڵ نەبوو ئەوا پێویستە ڕۆژی شەممە رێکەوتی٢٠١٤/٠٧/١٩ شاری موسڵ بەجێبهێڵن و لەو وادەیەش بەدواوە شمشێر حوکمڕان دەبێت.
بەر لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی رابردووی عێراق و داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعش و گروپە تیرۆریستیەکانەوە نزیکەی ١٠٠ هەزار مەسیحی لەو شارەدا دەژیان بەڵام لە ئێستادا زۆرینەی ئەو هاوڵاتیانە شارەکەیان بەجێهێشتوەو بەشی هەرە زۆریشیان روویان لەو ناوچانە کردوە کە لە لایەن کوردەوە پارێزراون.

## (٢)
## مەسیحییەکانی موسڵ دەستیان بە کۆچ کرد

دوای کۆتایی هاتنی وادەکەی خەلافەتی ئیسلامی، هاوڵاتیانی مەسیحی لە شاری موسڵ دەستیان بە کۆچکردن کرد.
لویس ساکۆ، مەترانی کلدانەکان لە شاری موسڵ رایگەیاند: بۆ یەکەمجار لە عێراقدا، موسڵ بەبێ مەسیحییە و ئێستا ئەو هاوڵاتییانە بەرەو دهۆك و هەولێر لە هەرێمی کوردستان کۆچ دەکەن.
مەترانی کلدانەکانی موسڵ راشیگەیاند: چۆڵکردنی شاری موسڵ لە لایەن مەسیحییەکانەوە کە نزیکەی ٣٠ کڵێسای تێدایە کە مێژووەکەیان بۆ هەزار و ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، دوای ئەوە دێت کە بەرپرسانی خەلافەتی ئیسلامی لەو شارە زیاتر لە مانگێکە داوایان لێ دەکەن یان ببنە موسڵمان یان شارەکە چۆڵ بکەن، ئەگینا روبەڕووی سزای شمشێر دەبنەوە.
بە وتەی لویس ساکۆ، پێشتر داعش ماڵە مەسیحییەکانی دیاریکردووەو پیتی ( ن)ی لەسەر ماڵە مەسیحییەکان نووسیووە وەك ئاماژەیەك بۆ سەرەتای وشەی (نەسرانی) واتە مەسیحی و پیتی ( ر )شیان لە ماڵە شیعەکان داوە کە ناوی (رەوافز)یان لێناون.
لە واشنتۆنیشەوە، جێنیفەر ساکی، وتەبێژ بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە توندی ئیدانەی ئەو هەنگاوەی داعشی کردووە و بە پێشێلکاریی بۆ مافی کەمینە ئاینییەکان لە قەڵەمدا.
وتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە زۆر راگواستنی مەسیحییەکانی لەلایەن داعشەوە بە دابەشکردن و وێرانکردنی عێراق هەژمار کرد و رایگەیاند کە ئەو هەنگاوە پێچەوانەی ئەو گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانەیە کە ئاینیی ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات.
ئەو وادەیەی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بۆ مەسیحییەکانی موسڵی دیاریکردبوو، ڕۆژی (١٩ /٧ / ٢٠١٤) شەممە تەواو بوو و پێویستە شوێنکەوتووانی ئەو ئاینینە خۆیان بدەنە دەست سێ ئەگەر.
لە پەیامێکدا کە ئاراستەی مەسیحییەکانی کردبوو، ئەبوبەکر بەغدادی، سەکردەی خەلافەتی ئیسلامی لە موسڵ چەند بژاردەیەکی بۆ

مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی دیاریکردبوو، لەوانە: هاتنە ناو ئایینی ئیسلام یان پێدانی باج، یان چوونە دەرەوە لەو شارە بە سەڵتی و بێ گواستنەوەی هیچ کەلوپەلێك، ئەگەر نا ئەوا تەنها شمشێر دەبێتە بژاردەیان.

هەر دوای ئەو پەیامە ترسناکەی داعش، رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە لەو کاتەوەی دەستی بەسەر موسڵدا گرتووە، داعش ٢٠٠ کەسی لە کەمینەکانی عێراق بە تورکمان و شەبەك و یەزیدییەوە رفاندووە و تا ئێستا (٢٠١٤/٧/١٩) یازدە ١١ی لێ کوشتوون.

هەر لەو ماوەیەدا، چەکدارانی داعش دوو کچە راهیبەی مەسیحی و سێ منداڵی بێ دایك و باوکی سەر بە مەسیحییەکانیشی رفاندووە.

## (٣)
## (١١٠٩) هاوڵاتی مەسیحی کوژراون

بە پێی بەدواداچونێك لە (٩)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤) تا( ١٥ی شوباتی ٢٠١٥)، (١٩٣٠٥) خێزانی مەسیحی لە عێراق ئاوارەبوون کە (١٣) هەزاریان ڕویان لە پارێزگای هەولێر و (٦٠٠٠) هەزاریان چونەتە پارێزگای دهۆك و (٣٠٥) خانەوادەیان ڕویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە.
هەر بە گوێرەی بەدواداچونەکە (١١٥) هاوڵاتی مەسیحی ڕوبەڕوی دەستدرێژیو توندوتیژی بونەتەوە نزیکەی (٣٠) هەزار کەسی تر وڵاتی عێراقیان جێ هێشتوەو ڕویان لەو وڵاتانە کردوە کە مافی مانەوە دەدەنە مەسیحیەکان.
سەبارەت بە ئاماری کوژراوانی دەستی داعش، بە گوێرەی ئەو ئامارەی دەستکەوتووە، لە سەرەتای دەست بەسەرداگرتنی موسڵ تا ئێستا (١٥ شوباتی ٢٠١٥)، (١١٠٩) هاوڵاتی مەسیحی کوژراون. گرووپی داعش یەکەم کاریان ڕوبەروبونەوەی مەسیحیەکان بوو کە لە موسڵ پێیان ڕاگەیاندن هەرکەس سەرانە نەدات پێویستە ئەو پارێزگایە چۆڵ بکات، بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆریان ئاوارەی شارەکانی کوردستان بوون.

## (٤)
## داعش یەکێك لە کۆنترین دێری مەسیحییەکانی خاپوور کرد

چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە شاری مووسڵ تاوانێکی تریان ئەنجامدا و یەکێك لە کۆنترین دێری مەسیحییە ئەرسەدۆکسییەکانیان لە موسڵ وێران کرد.
تیرۆریستان هێمای مەسیحییەتیان لە دێری ئەرسەدۆکسیان لە گەڕەکی شیفای لای چەپی شاری مووسڵ کردەوە و دواتریش دێرەکەیان وێران کرد، کە یەکێکە لە کۆنترین دێرەکان.
ئەو کەلوپەلانەی لە نێو دێرەکەدا بوون لەلایەن تیرۆریستانەوە بۆ شوێنێکی نادیار گواستراونەتەوە، کە لە کۆمەڵێك کەلوپەلی گرانبەهای مێژوویی پێك دێن و لە نێو دێرەکەدا هەڵگیرابوون.



چرکە ساتی تەقاندنەوەی کلێسایەك

## (٥)
## ١٦٠ هەزار مەسیحی موسڵ ئاوارەبوون

سەرۆکی کوتلەی رافدەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق رایدەگەیەنێت "لە سەرەتای کۆنتڕۆڵکردنی شاری موسڵ لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە تائێستا (ناوەراستی مانگی ١٢ ی ٢٠١٤ سەدوو شەست هەزار) هاووڵاتی مەسیحی ئاوارەبوون".

یونادم کەنا سەرۆکی کوتلەی رافدەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق رایگەیاند: بە هۆی توندوتیژی و هەڕەشە و کوشتنی هاووڵاتی مەسیحی لە شاری موسڵ و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە بەتایبەت ئەو گوندانەی کە زۆرینەیان مەسیحین رێژەی ئاوارە مەسیحیەکان گەیشتۆتە ١٦٠ هەزار ئاوارە لە کاتێکدا پێشتر ١٢٠ هەزار ئاوارە هەبوون.

وتیشی: تیرۆرستانی داعش دەستیان بەهەر هاووڵاتیەکی مەسیحی گەیشتبێت داوای پارەیان لێکردووە یان کوشتویانەو ماڵ و سەروەت و سامانەکەیان لەناوبردووە، ئەمە جگە لەوەی بەدەیان و سەدان خانووی هاووڵاتیانی مەسیحیان تەقاندۆتەوە.

سەرۆکی کوتلەی رافدەین ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەوروپی رێژەیەکی کەمی ئەو ئاوارانەیان لە خۆگرتووەو بەشێکی زۆرشیان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

ئەو لێدوانەی سەرۆکی کوتلەی رافدەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کاتێکدا بوو چەند ڕۆژێك پێش قەشە (ئەندرۆ وایت )ی قەشەی کڵێسای (ئانگلین) لە عێراق رایگەیاندبوو: تیرۆرستانی داعش منداڵانی مەسیحی بە بیانووی موسڵمان نەبوون سەردەبڕن و چەندین تاوانی قێزەوەنیان بەرامبەر بە هاووڵاتیانی مەسیحی ئەنجامداوە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر منداڵی مەسیحی بێسەروشوێنن و کەس نازانێت تیرۆرستان چیان بەسەر چارەنووسیان هێناوە.

## (٦)
## داعش ناو ماڵی مەسیحیەکان دەفرۆشێت

گروپی تیرۆرستی داعش بازاڕێکی تایبەتی بۆ فرۆشتنی ناو ماڵی مەسیحیەکان و کەرەستەی کڵێساکانی ناو شاری موسڵ دەفرۆشێت.
پێگەی (کریستین تودەی)ی بەریتانیا لەو بارەیەوە بڵاویکردوەتەوە: تیرۆرستانی داعش لە دوای ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٦٠ هەزار هاوولاتی مەسیحی و کوژرانی ژمارەیەکی زۆریان لە ناو شاری موسڵ ماڵ و کڵێساکانیان بە تەواوی تاڵانکردوون و لە بازاڕێکی تایبەتدا لە ناو شاری موسڵ بە نرخێکی هەرزان فرۆشراون.
"کریستین تودەی" ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە تیرۆرستانی داعش لە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ دەرفەتی ٢٤ سەعاتیان بە مەسیحیەکانی شارەکە دابوو کە چۆڵی بکەن یان بچنە سەر ئاینی ئیسلام، هەر ئەوەش وایکردووە زیاتر لە ١٦٠ هەزار هاوولاتی مەسیحی لە پارێزگای موسڵ ئاوارە ببن و ئەوانەشی کە بە هۆی هەژاری و دەستکورتی ماونەتەوە ڕۆژانە لە لایەن ئەو تیرۆرستانەوە دەکوژێن.




چەند چەکدارێکی داعش

## (٧)
## منداڵانی مەسیحی سەردەبڕدرێن

ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی لە زاری قەشەیەکی عێراقیەوە ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە تیرۆرستانی داعش لە توندڕەوی و کارە قێزەوەنەکانیان بەردەوامن و لەو چوارچێوەیەشدا منداڵە مەسیحیەکان سەردەبڕن.
قەشە ئەندرۆ وایت قەشەی کڵێسای ئەنگلین لە عێراق بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە: ژمارەیەك لە منداڵە مەسیحیەکان بە بیانووی نەبوون بە موسڵمان لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە سەربڕدراون.
دەشڵێت: تیرۆرستان هێشتا بەردەوامن لە کوشتنی هاوولاتیە مەسیحیەکان بە تایبەت لەو ناوچانەی کە لەخاکی سوریاو عێراق لە ژێر کۆنترۆڵیاندان، بە تایبەت لە پارێزگای موسڵ کە چەندین خێزانی مەسیحیان بە منداڵەکانیانەوە سەربڕیووە، ئەمە جگە لەوەی هاوولاتیانی مەسیحی دەگرن و بەزۆر وشەی ئاینی ئیسلامیان دەخەنە سەرزمان و دواتر زۆر بە بێ ڕەحمانە سەریان دەبڕن.
ئەو قەشەیە ئەوەش دەخاتەڕوو: دواتر ماڵ و سەروەت و سامانی ئەو خێزانانە بە تالان دەبەن و لە سەروبەندی کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر مەسیحی سەربڕاون و ژمارەیەکی زۆریش ئاوارەبوون و ژیانی ئەوانەشی کە لە ناو شارەکەدا ماونەتەوە لەوپەڕی مەترسیدایە.

## (٨)
## داعش بە سێ پلە جزیە لە کریستیانەکان وەردەگرێت

دەوڵەتـــی ئیســـلامی ناســـراو بە (داعـــش) ، بە ســـێ پـــلە جـــزیە لە کریستیانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی وەردەگرێت لە سووریا ، کە ئەوانی بەسەر پلەی هەژار، نێوەڕاست و دەوڵەمەنددا دابەشکردوون .
مـــاڵپەڕی (ڕەقە بە بێـــدەنگی ســـەردەبڕدرێت )، وێـــنەی پســـولەیەکی وەرگرتنـی پـارەی بڵاوکـردووەتەوە ، کە بـریتییە لە پسوولەی جزیەدانـی کەســێکی کریســتیانی دانیشــتووی ڕەقە بە نـــاوی (ســـەرگیس یـــۆرگی ئەراکیلیان) .
بە پێـی ئەو پسوولەیە ٢٧هەزار و ٢٠٠ لیـرەی سووری لەو کریسـتیانە وەرگیراوە، کە ئەو ڕۆژەی پارەکەی داوە بەرامبەر بووە بە ١٣٦ دۆلار.
داعش لە ٢٦ی شوباتی ٢٠١٤ ، بڕیارنـامەیەکی ١٢ خـاڵیی دەرکـرد بـۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کریستیانەکانی دانیشتووی پارێزگای ڕەقەی سووریا، ڕایگەیانـد هەر کریسـتیانێك پابەنـد نەبـێ بەو ١٢ خـاڵەوە ، وەك دووژمـن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .
بە پێـی ئەو بڕیارنـامەیە، دەبـێ کریسـتیانە دەوڵەمەنـدەکان ١٣ گـرام زێـڕ بـــدەن کە دەکـــاتە ٥٤٠ دۆلار ، حـــاڵ نێوەڕاســـتەکانیش ٢٧٠ دۆلار ، هەژارەکـانیش ١٣٦ دۆلار . بەو شـێوەیەش دەردەکەوێـت کە سـەرگیس یۆرگی ئەراکیلیان وەك هەژار مامەڵەی لەگەڵ کراوە.


الدولة الإسلامية
ديوان القضاء والمظالم
وصل استلام
١٣٤١
المحكمة الإسلامية ب
رقم الملف
اليوم
التاريخ ١٦ / ٢ / ١٤٣٥هـ
والموافق ٨ / ١٢ / ٢٠١٤م
المستلم
المسلم
المستلمات
وذلك لقاء دفع الجزية
التوقيع

پسولەیەکی وەرگرتنی پارە لە کریستیانییەکی دانیشتووی ڕەقە

## (٩)
## داعش کڵێسای مەریەمی عەزرایان تەقاندەوە

هاوکات لەگەڵ ئاهەنگێڕانی کریستیانەکان بە بۆنەی جەژنی قیامەتی مەسیح، چەکدارانی ڕێکخراوی داعش کڵێسای مەریەمی عەزرایان لە گوندی تەلنەسری لە دەشتی ڕۆژئاوای حەسەکە تەقاندەوە و زیانی گەورەیان پێ گەیاند.
چەکدارانی داعش هەستان بە بۆمبڕێژکردنی کڵێساکە کە دەکەوێتە گوندی تەلنەسر لە باشووری تەلتەمر و تەقاندیانەوە.
کڵێسای مەریەمی عەزرا یەکێکە لە ٣ کڵێساکەی ئەو گوندە کە لە ١٩٣٤ دروست کراوە، ڕێکخراوی داعش لە شوباتی ٢٠١٥ هەستان بە سووتاندنی کڵێسای تەلهورمز کە کۆنترین کڵێساکانی سووریایە، لە پاڵ تێکدانی چەند کڵێسایەکی تر.
ڕێکخراوی داعش لە کۆتای مانگی شوباتی ٢٠١٥ کۆنترۆڵی ناوچە و گوندی کریستیانەکانی لە دەوروبەری تەلتەمر کرد و لە ٧ی ئاداری رابردوو تەلنەسری کۆنترۆڵ کرد.



کڵێسای مەریەم عەزرا لە گوندی تەڵنەسری - سوریا



## (١٠)
## ئاماری قوربانییەکانی پێکهاتە ئایینیەکانی عیراق

لە راپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دراوە کە "لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئێستا ( شوباتی ٢٠١٥) نیوەی کریستیانەکان عێراقیان جێ هێشتووە و لە کۆی ٨٠٠ هەزار کەس تەنها ٤٠٠ هەزاریان لە عێراق ماون".
لە راپۆرتەکەدا دەربارەی سائیبەکان هاتووە کە "لە کۆی ٧٠ هەزارکەس، تەنها ٧ هەزار کەسیان لە عێراق ماون، ئینجا ئێزیدییەکانیشن زیاتر لە نیوەیان بوونەتە قوربانی بە تایبەتی لەو ناحیانەی کە سەر بە پارێزگای نەینەوا بوون."
ئەوەش خراوەتەڕوو کە " ٥١٢ هەزار مەسیحی ئاوارەیە، کە ٣٥٠ خێزانیان لە سلێمانین و شەش هەزار خێزانیان لە پارێزگای دهۆکن و ١٣ هەزار خێزانیان لە پارێزگای هەولێرن و ١١٠٩ هاوڵاتی مەسیحیش کوژراون و ١١٥ هێرشیش کراوەتە سەر کەنیسەو مەزارە دینییەکان".
لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە ٤٣٠ هەزار ئێزیدی ئاوارەبوونە و ٢٣٠٠ کەسیشیان لێ کوژراوە و ٤٢١٧ کەسیشیان رفێنراوە و ١٧ شوێنی ئایینیش تەقێنراونەتەوە ٦٥ هەزار کەسی ئێزیدیش عێراقیان جێ هێشتووە".
شەبەك-یش کە پێکهاتەیەکی عێراقین، ٢٠٠ هەزار ئاوارەیان هەیە و ٣٠٠ کەسیان کوژراوە و ١٥٠ کەسیان رفێندراوە و سەرجەم گوند و مزگەوت و حسێنییەکانیان وێرانکراون، تورکمانەکانیش ٣٥ هەزار خێزانیان ئاوارەیە.
لە کۆتایی راپۆرتەکەدا راگەیەندراوە کە سەرجەمی ئاوارەکانی ناو هەرێمی کوردستان یەك ملیۆن و ٢٥٠ هەزار کەسن و دەیان کەمپیان بۆ کراوەتەوە.

## (١١)
## داعش لە کڵێساکانی موسڵ بانگ دەدات

ژمارەیەك لە چالاکوانانی شاری موسڵ ئاماژە دەکەن کە ڕێکخراوی داعش دوای دەستگرتن بەسەر کڵێساکانی شاری موسڵ دەستی بە لابردنی خاچەکان کردووە و بڵندگۆی بۆ بانگدان تیادا داناون.
ئەو چالاکوانانە رایانگەیاند، دوای ئەوەی چەکدارانی داعش چوونە ناو کڵێسای مار ئەفرام لە گەڕەکی شورتە لە شاری موسڵ، هەستان بە دانانی بڵندگۆ لەسەر کڵێساکە بۆ بانگدان.
دوای ئەوەی داعش کریستیانەکانی موسڵی لە نێوان رەوکردن و موسڵمانبوون سەرپشك کرد، ئێستا شاری مووسڵ چۆڵە لە کریستیانەکان.
داعش داوای لەو کریستیانانە کردبوو کە شاری موسڵیان جێ نەهێشتووە، لە بەرامبەر مانەوەیان دەبێ ٤٥٠ دۆلار وەك سەرانە بدەن، هەر خێزانێکیش ئەو بڕە پارە نەدات دەبێ شارەکە جێ بێڵێت و ئەگەر پێچەوانەی بڕیارەکانی داعش هەڵسوکەوت بکات ئەوا ڕووبەڕووی کوشتن دەبێتەوە.
شاری موسڵ کە خاوەن پێکهاتەیەکی فرەنەتەوە و ئاین و مەزهەبە، لە٩ی مانگی ٦/٢٠١٤ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش و تا ئێستاش (٢٠١٥) ئەوان فەرمانڕەوای شارەکە دەکەن.

## (١٢)
## لابردنی خاچ

چەكدارانی داعش لە موسڵ دەستیان كردووە بە هەڵمەتی لادانی خاچ لە سەر كڵێسا و گۆڕستانەكانی تایبەت بە كریستیانەكان.
چەكدارانی داعش لە نێو شاری موسڵ هەڵمەتێكی نوێیان لە ژێر ناوی (لابردنی خاچ و سڕینەوەی دیاردەی شیرك) دەستپێكردووە، بۆ لادانی خاچ و زەنگی سەر كڵێساكان و گۆڕستانەكانی تایبەت بە كریستیانەكانی شاری موسڵ.
پێشتریش چەكدارانی داعش زۆربەی شوێنە پیرۆزەكان و گۆڕی پیاو چاك و شێخەكانی ئەو شارەیان تەفاندنەوە، هەروەها مۆزەخانەی شارەكەشیان وێرانكرد.






لابردنی خاچ

## (١٣)
## داعش کۆنترین کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەقاندەوە

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڵسان بە تەقاندنەوەی کڵێسای سەوز لە تکریت کە بە کۆنترین کڵێسای مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت .
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٤/٩/٢٥ "چەکدارانی ڕێکخراوی توندڕەوی داعش هەڵساون بە بۆمبڕێژکردنی ناوەوە و دەوروبەری کڵێسای سەوز لە شاری تکریت و دواتر تەقاندوویانەتەوە".
کڵێساکە لە ناوچەی کۆشکە کۆمارییەکانی ناوەڕاستی تکریتە و بە تەواوەتی خاپوور کراوە،"کڵێساکە بە کۆنترین کڵێسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت".
کڵێسای سەوزی تکریت شوێنەوارێکی دێرینەوکەوتووەتە ناو کۆشکە کۆمارییەکانەوە، دەڕوانێتە سەر ڕووباری دیجلە. ئەو کڵێسایە بە گوێرەی هەندێك لە سەرچاوەکان، لە سەدەی یەکەمی زاینییەوە دروستکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نۆژەن کراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٣ش ئیدارەی پارێزگای نەینەوا داوای کرد، کڵێساکە بە شوێنەوارێکی جیهانی بناسێنرێت .
دوێنێ واتە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/٩/٢٤ ( چەکدارانی داعش کۆنترین مەزارگەی ئایینی ئیسلامییان لە عێراق تەقاندبۆوە کە بە مەزارگەی (ئەربەعین) ناسراوە و گۆڕی ٤٠ یاوەری پێغەمبەری تێدایە کە لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا لە شاری تکریت گیانیان لەدەست داوە.



کەنیسەی سەوز لە تکریت

## (١٤)
## داعش ١٢ خانوو و کەنیسەیەکیان تەقاندەوە

بەرەبـــەیانی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ چەکـــدارانی داعـــش ١٢ خـــانووی هاوڵاتیـان و کەنیسـەیەکیان لـە ناحیـەی باشـیك لـە ڕۆژهـەڵاتی موسـڵ تەقانـدەوە و ١٣ تـەرمی چەکـدارانی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعشـیش گەڕاوەتـەوە نەخۆشـخانەی دادی موسـڵ کـە لـە شـەڕی دژی پێشـمەرگە کوژرا بوون.
"خانووەکان، خـانووی ئـەو هاوڵاتیانـە بـوون کـە ئێسـتا ئـاوارەی هـەرێمی کوردستان بوونە".



کلێسایەکی وێرانکراو

## (١٥)
## داعش ١٥٠ هاووڵاتی مەسیحی دەرفێنێت

ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە چەند گوندێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا ١٥٠ هاووڵاتی مەسیحی دەرفێنن و ئەمریکاش رایدەگەیەنێت کە داعش کەمایەتیە ئاینیەکان دەکاتە ئامانج.
روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بارەگای سەرەکی لە وڵاتی بەریتانیایە ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٥، رایگەیاند: ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دوای شکستە گەورەو یەك لەدوا یەکەکانیان لە ناوچە کوردییەکانی سوریا دەستیانکردووە بە هێرشکردنە سەر ئەو گوندانەی کە دانیشتوانەکەی مەسیحین و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەش تیرۆرستانی داعش هەڵیان کوتاوەتە سەر چەند گوندێك و نزیکەی ١٥٠ هاووڵاتی مەسیحییان رفاندوە.
ئەو سەرچاوەیە وتیشی: هەر دوێنێ لە دوو گوندی ئەو ناوچەیە تیرۆرستانی داعش ٩٠ هاووڵاتی مەسیحییان رفاندوە.
لە لایەکی ترەوە جین ساکی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندوە، لە دوای شکستە لەدوایەکەکانی، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کەمایەتییە ئاینییەکانی لە سوریاو عیراق کردۆتە ئامانج، ئەمەش یەکێکی ترە لە کارە توندڕەوی و نامرۆڤانەکانی ئەو ڕێکخراوە.
ساکی راشیگەیاندوە، هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر داعش بەردەوام دەبێت تا لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستیە بەتەواوەتی.



## (١٦)
## نامەیەکی بە خوێن واژۆکراو بۆ نەتەوەی خاچ پەرستان

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بە ناوی" نامەیەکی بە خوێن واژۆکراو بۆ نەتەوەی خاچ پەرستان" کە داعش بڵاوی کردەوە، ئەو گرووپە٢١ هاووڵاتی مەسیحی میسری لە ڕۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا سەربڕی.



سەربرینی هاولاتیە مەسیحیەکان

## (١٧)
## داعش ٢٩ ئەسیوپی مەسیحی سەردەبڕێت

کەناڵی ئەل عەرەبیە بڵاویکردەوە، کە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٩ ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا ٢٩ هاوولاتی مەسیحی ئەسیوپی لە لیبیا سەردەبڕێت.
هەر لەو گرتە ڤیدیۆییەدا کەسە سەربڕەکان ١٥ کەسن و هەڕەشە دەکەن و خۆیان بە ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە عێراق و سوریا و لیبیا دەناسێنن و داوای ڕاگرتنی هێرشە ئاسمانیەکانی سەر تیرۆرستانی داعش دەکەن، هەروەها هەڕەشەی سەربڕینی هاوولاتی تر دەکەن و دەڵێن سەربڕین بەردەوام دەبێت تاکو ڕاگرتنی هێرشە ئاسمانییەکانی سەرمان و دەڵێن (چەقۆکانمان لەسەر ملی هاوولاتیانتان بەردەوام دەبێت تاکو ڕاگرتنی هێرشە ئاسمانییەکانی سەرمان).
جێی باسە دوای شکستە یەك لە دوایەکەکانی داعش ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە هەڕەشە لە هاوولاتیانی مەدەنی دەکات و بەو هۆیەشەوە لە چەندین گرتەی ڤیدیۆییدا هەڕەشە دەکات و هاوولاتیان سەردەبڕێت، لە چەند مانگی ڕابردوشدا لە هەمان شوێن لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا سەربڕینی٢١ هاوولاتی مەسیحی میسری لە لیبیا بڵاوکردەوە.

## (١٨)
## ئاشورییەكان قڕدەكرێن

نزیكەی ٥ هەزار كریستیانی ئاشوری لە ناوچەكانی نیشتەجێ بوونیان لە باكوری ڕۆژهەڵاتی سوریا هەڵهاتن، لە پاش ئەوەی داعش بەدەیان كەس لە هاوولاتیانی كریستیانی ئەو ناوچەیەی فڕاند، شاڵاوەكەی داعش هێندە توندوتیژ بوو، ئەمریكا بە شاڵاوێكی دڕندانەی ناوزەدكرد.
داعش لە ئەنجامی هێرشێكی بەرفراواندا بۆ سەر چەند گوندێكی ئاشورییەكان لە سوریا ٢٧٠ هاوولاتی كریستیانی فڕاند .
"جۆرج میرزا" سەرۆكی ئەنجومەنی ئاشورییەكانی سوریا ئەو ژمارەیەی بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی پشتڕاستكردەوە.
"ئوسامە ئیدوارد " بەڕێوەبەری"تۆڕی مافەكانی مرۆڤی ئاشوری" كە بنكەی سەرەكی لە سویدە، ڕایگەیاند:"لە ڕۆژی دووشەممەوە تاكو ئەمڕۆ چوارشەممە، نزیكەی ٨٠٠ خێزانی ئاشوری لە ناوچەكانی حەسەكە ئاوارە بوون، شاڵاوەكە بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ٥ هەزار كەس".
ژمارەی ئاشورییەكان لە سوریا، نزیكەی ٣٠ هەزار كەسە، لە كۆی ١.٢ ملیۆن كریستیان، زۆربەشیان خەڵكی گوندەكانی دەورووبەری خابورن لە حەسەكە.
بە گوێرەی هەواڵەكانی ناوچەی حەسەكە، لە ئەنجامی شاڵاوەكاندا ٤٠ خێزان بە هەموو ئەندامەكانیانەوە بێ سەروشوێن بوون.
ئاژانسی هەواڵی"ئاكی" ئیتاڵی بڵاوی كردەوە:" زیاتر لە٤٠ خانەوادە چارەنووسیان نادیارە، جگە لەوەش زیاتر لە ٥٠٠ خێزان ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشت وئاوارەبوون. گومان هەیە بەدیلی كەوتبنە دەستی داعش. جگە لەوەش ١٠ كەس لە پاسەوانەكانی گوندی تەل هورمز كەوتوونەتە دەستی داعش و تا ئێستاش هیچ زانیارییەك لە بارەیانەوە نییە".
بە گوێرەی هەواڵەكانی "ڕادیۆی دەنگی لوبنان" مەترانییەی ئاشوری لە شاری حەسەكە، لە ئێستادا پەنای ٣٠٠٠ خێزانی ئاوارەی مەسیحی داوە. سەرباری ئەوەش داعشەكان لانی كەم ٣ كڵێسایان سوتاندووە.

چاوەڕوان دەکرێت هەمان جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەسەر کریستیانەکانی ئاشوورییشدا دووبارە ببێتەوە. بە تایبەتی لە ناوچەکانی سەیدیانا و کەسب. لەو بارەیەوە "پەترۆن کولیانا"بریکاری سەرۆکی تایفەی ئاشوورییەکانی لوبنان هۆشداری دا لە دووبارە بوونەوەی جینۆسایدی ئێزدییەکان بەسەر ئاشوورییەکاندا و گوتی:" داعش دانیشتوانی ٣٥ گوندی ئاشوورییەکانی دەربەدەر کردووە لە دەوروبەری ڕووباری خابور".
هەروەها گوتی:"لە ئێستادا گوندێك گەمارۆ دراوە، هەموو هاتوچۆیەك لە دانیشتوانەکەی قەدەغەکراوە، تەنها لەبەر ئەوەی کریستیانن".

## (١٩)
## داعش لەناو کڵێساکان تۆبە بە مەسیحییەکان دەکات

ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلی بڵاویکردەوە گرووپی تیرۆریستی داعش کڵێساکانی عێراق و سوریا وەك شوێنێك بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکان بەکاردێنێت.
ڕۆژنامەی زە جێروسلیم پۆست-ی ئیسرائیلی ئاماژە بەوەدەکات بە پێی ژمارەیەك لە ڕاپۆرتەکان چەکدارانی داعش دوای تاڵان کردن و دزینی ئاسەوارە کۆنەکانی کڵێساکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە عێراق و سوریا و فرۆشتنیان لە بازارە ڕەشەکاندا، لەو شوێنانە ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحییەکان دەدەن و بە زۆرەملی تۆبەیان پێدەکەن.
لەو بارەیەشەوە جەی سکولۆ چاودێر لە ناوەندی داد و یاسا-ی ئەمریکی ڕایگەیاند داعش بەو شێوەیە دەیەوێت لە لایەکەوە داهاتی خۆی زیاد بکات و لە لایەکی دیکەشەوە پاکتاوی مەسیحییەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بکات.

## (٢٠)
## داعش ژنێکی ٨٠ساڵانی مەسیحی دەسوتێنێت

ئەو ژنە تەمەن هەشتا ساڵانە کە لەئاشوریە مەسیحیەکانی سەربە ناحیەی کرملیسی سەر قەزای حەمدانیەی شاری موسڵە، رەخنەی توندی لە هەڵوێست و بەرنامەی دینی تیرۆرستانی داعش گرتبوو، هەربۆیە لەلایەن دادگای شەرعی داعش لەناو شاری موسڵ سزای سوتاندنی بۆ دەرچووبوو، دواتر لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە سوتێنراوە.
ناحیەی کرملیس سەربە قەزای حەمدانیەیە لە پارێزگای موسڵ و تەواوی دانیشتوانەکەی لەمەسیحیەکانی کلدان و ئاشورین و بەشێکی زۆریان ئاوارەبوون.

## (٢١)
## داعش کڵێسایەکی مێژوویی تەقاندەوە

چەکدارانی رێکخراوی داعش کڵێسایەکی نێو شاری موسڵ-یان تەقاندەوە، کە لەکاتی تەقاندنەوەی کڵێساکەش ٤ منداڵ بەهۆی نزیکییان لە تەقینەوەکە گیانیان لەدەستدا.
لە ڕۆژی دووشەممە (٦ /٧ / ٢٠١٥) چەکدارانی رێکخراوی تیرۆرستی داعش کڵێسای (ئوم ئەلمعونە)یان لە ناوەڕاستی شاری موسڵ تەقاندەوە.
ئەو کڵێسایە دەکەوێتە ناوچەی سوق شعاریین لە نێوەڕاستی موسڵ، لەکاتی تەقاندنەوەی کڵێساکەش، بەهۆی نزیکیان لە تەقینەوەکە ٤ منداڵ گیانیان لەدەستداوە.
کڵێسای (ئوم ئەلمعونە) کڵێسایەکی مێژوویی سریانەکانی ئارسەدۆکسە و دەکەوێتە ناوچەی سوق شعاریین لە نێوەڕاستی موسڵ و مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.
دوای ساڵێک لە کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی داعشەوە، ژمارەیەک لە مزگەوت و کڵیساو مەزارگەکانی شارەکە بە بیانووی جۆراوجۆر لەلایەن رێکخراوەکەوە تەقێندراونەتەوە.



کڵێسای (ئوم ئەلمعونە)

## (٢٢)
## ملیۆنێك مەسیحی عێراق بەجێ دێڵن

بەرپرس و كەسایەتییەكانی ئاینی مەسیحی لە عێراق ئاماژە بەوە دەكەن، كە بەهۆی هەڕەشەكانی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش و لە ترسی ژیانیان لە دوای هاتنی تیرۆریستان بۆ عێراق و گرتنی شاری مووسڵ، زیاتر لە ملیۆنێك هاووڵاتی بە ئاین مەسیحی عێراقیان بەرەو وڵاتانی دنیا بەجێ هێشتووە.
پاتریكی كەنیسەی كاسۆلیكی كلدانی، پاتریاك مارل لویس روفائیل ساكۆ لەبارەی كۆچی مەسیحییەكانەوە گوتی، زیاتر لە ملیۆنێك مەسیحی وڵاتیان بەجێ هێشتووە، ئەمەش بەهۆی ترسیان لە ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش و پاراستنی ژیانی خۆیان.
جێی باسە دوای گرتنی شاری مووسڵ و ناوچەكانی دەشتی نەینەوا لەلایەن چەكدارانی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش، زەبر و زوڵمی زۆر لە ئێزدی و مەسیحییەكان كرا، بەهۆی ئەوەی لەسەر ئاینی ئیسلام نەبوون، تا گەیشتە ئەوەی ئەو ماڵانەی لە مووسڵ هی مەسیحییەكان بوو، پیتی "ن"ی لەسەر دەنووسرا، وەك ئاماژەیەك بەوەی كە ئەوان "نەسرانین"، هەر یەكێكیش لە پەیڕەوانی ئەو ٢ ئاینە لەلایەن تیرۆریستانەوە دەستگیر بكرێ، تەنیا ٢ ڕێگەی لەبەردەمدایە، یان باوەڕهێنان بەئیسلام و وازهێنان لە ئاینی پێشووی خۆی، یانیش لەلایەن چەكدارانی داعشەوە دەكوژرا.



## (٢٣)
## داعش خانوی مەسیحیەکان دەتەقێننەوە

چەکدارانی تیرۆرستی داعش لە گەڕەکی نور لە شاری موسڵ دەستیان بە بۆمبڕێژکردنی خانووی مەسیحیەکان کردووە.
ڕۆژی ٢٠-٩-٢٠١٤ چەکدارانی داعش ١٤ خانویان لە گەڕەکی حەی نور لە شاری موسڵ کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی مەسیحین بۆمبڕێژ کردووەو تەقاندوویاننەتەوە.
چەکدارانی داعش لەپێشدا پشکنین بۆ خانوەکان دەکەن و هەرشتێکیان بەدڵ بێت و پێیان باشبێت بۆ خۆیان دەیبەن و دواتر خانووەکان دەتەقێننەوە.
ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لەناو موسڵ کۆکراونەتەوەو ماڵە کوردو مەسیحی و ئێزیدیەکان تاڵان دەکەن و بەو ئۆتۆمبێلانە دەیگوێزنەوە بۆ سنوری نێوان عیراق و سوریا.
هۆکاری بردنی ئەو شمەك و سەروەت و سامانی ماڵە کوردو مەسیحی و ئێزیدیەکان، ئەوەیە کە چەکدارانی داعش دەیانەوێت خۆیان زیاتر قایم بکەن و بەهۆی ئەو شەڕە دژوارەی لەناو سوریا دووچاری هاتوون پێداویستیان کەمبووەتەوە، بۆیە لە عیراقەوە پێداویستیان بۆ دەبرێت.



## (٢٤)
## داعش ئەو تاوانەشی دژی مەسیحیەکانی موسڵ ئەنجامدا



موڵك وماڵی هاووڵاتیانی مەسیحی لە شاری موسڵ لەلایەن چەکدارانی داعش بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا هەڕاج دەکرێت.

لەدواین دەستدرێژییەکانی داعش بۆ سەر نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی شاری موسڵ، بە نیازی بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی، چەکدارانی داعش هەڵدەستن بە فرۆشتنی زەوی و خانووی هاووڵاتیانی مەسیحی لەوشارە لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیا، ڕۆژی ٢٠١٦/١/١٦ چەکدارانی داعش لە شاری موسڵ دەستیانکرد بە هەڕاجکردنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیانی مەسیحی وەکو "دەستکەوتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی" بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا، لەهەواڵەکە هاتووە: فرۆشتنی ماڵ و موڵکی مەسیحیەکانی شاری موسڵ ٤٠٠ خانوو، ١٩ باڵەخانە، ١٦٧ دووکان و هەروەها چەندین کۆگا لەخۆدەگرێت.

هەر لە هەواڵەکە هاتووە، خانووی گەورە بە ناوماڵەوە بە نرخێکی زۆر هەرزان لەلایەن ئەو گرووپە هەڕاج دەکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین

کات پارەیان دەستبکەوێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو تەنگژە داراییەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە، هەواڵەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە زۆربەی کڕیارەکان لەو بازرگانانە پێکدێن کە لە سووریاوە هاتوونەتە نێو شاری موسڵ.

ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٢٠ مەسیحییەکانی پارێزگای نەینەوا، ڕووبەڕووی پەلاماردانی چەکدارانی داعش بوونەوە، ئەو میلیشیایە هەڵبژاردەی سەپاندنی بیروباوەڕی خۆیان، یان بەخشینی "جزیە" یاخود بەجێهێشتنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان خستە بەردەم مەسیحییەکان، ئەمەش بووە هۆی کۆچکردنی بە کۆمەڵی مەسیحیەکان بۆ هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق.

هەفتەی رابردوو فڕۆکەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی توانییان لقی موسڵی بانکی رەشید بۆردومان بکەن کە دووەم گەورەترین بانکی عێراقە و لەو بۆردومانە پارە و سامانێکی زۆری چەکدارانی داعش لەناوچوو.

## (٢٥)
## داعش ٢٥٠ منداڵی مەسیحی کوشتووە

ڕێکخراوی چالاک لە بواری کاروباری ئاوارە مەسیحییەکان لە ئەمریکا و دەرەوەی ئەم وڵاتە، ڕۆژی سێسەممە ٢٠١٧ /٦/٢٠ ڕایگەیاند، کە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ٢٥٠ منداڵی مەسیحی لە سوریا بە میکسێر (خەباتە) کوشتووە.
ئەم ڕێکخراوە بە ئاماژەدان بەوە، کە گەورەترین ئەو منداڵانەی، کە لە لایەن داعشەوە کوژراوە، تەمەنی تەنها چوار ساڵ بووە، ڕەخنەی لە بێ دەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بە دەردو ئازارەکانی مەسیحیەکان لە عێراق و سوریا دەربڕیوە.
ڕێکخراوی "ناوەندی ئەمریکی بۆ یاسا و دادپەروەری" لە درێژەی راپۆرتەکەیدا دەڵێت، کردەوەکانی داعش لە دژی مەسیحییەکان و کەمینەکانی دیکە لە عێراق و سوریا، جینۆساید هەژمار دەکرێت، تا کاتێک، کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بە تاوانەکانی داعش بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ، ئەم گروپانە، لاواز و بێ سەرپەنا دەمێننەوە و ڕۆژلە گەڵ ڕۆژ مەترسییەکانی سەریان زیاتر دەبێت.
ناوەندی ئەمریکی بۆ یاسا و دادپەروەری، لە زاری ژنێکی مەسیحییەوە دەڵێت "داعش ٢٥٠ منداڵی خوارەوەی تەمەن چوار ساڵی بە میکسێر (خەباتە) کوشتووە. سەرباری ئەمانەش خێزانێکی چوار کەسی مەسیحی لە دوای ئەشکەنجە و بەر لەوەی بیانکوژێت، ناچار کردووە، کە نکۆڵی لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بکەن. چەکدارانی داعش هەروەها دەستدرێژییان کردۆتە سەر هەشت ژنی مەسیحی و دواتر سەریان لە لەشیان جیاکردۆتەوە. لە پاڵ ئەم تاوانانە، ژمارەیەک گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی دەستی داعش لە سوریا و عێراق بوونیان هەیە، کە بەشێکیان لە مەسیحییەکان پێکدێن.

## (٢٦)
## چوار منداڵی مەسیحی سەربڕدران

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەنوێترین تاوانیاندا، چوار منداڵی مەسیحی لە موسڵ سەردەبڕن، ئەویش لەبەرئەوەی ئامادە نەبوون ئایینەکەیان بگۆڕن بۆ ئیسلام.
لەبارەی ئەو تاوانەی داعشەوە، سەرچاوەیەکی ئەمنی لەپارێزگای موسڵ ئاشکرایکردوە:چەکدارانی داعش ژمارەیەك هاووڵاتی مەسیحییان دەستگیرکردووە، هەندێکیان ناچارکردوون دەستبەرداری ئاینەکەیان بن، ئەوانەشی داواکارییەکەیان رەتکردۆتەوە، چارەنوسیان کوشتن بووە.
بەوتەی سەرچاوەکە، چەکدارانی داعش داوایان لە چوار منداڵی دەستگیرکراوی مەسیحی کردووە دەستبەرداری ئاینەکەی خۆیان بنو ببنە موسڵمان، بەڵام منداڵەکان داواکارییەکەیان رەتکردۆتەوە، بۆیە چارەنووسیان سەربڕین بووە.



سەربرین لە لایەن چەکدارانی داعشەوە

## (٢٧)
## داعش کلێسایان کردووتە سەربازگە

ئاوارەکانی تلکێف گەڕانەوە شارۆچکەی تلکێف و لەمەراسیمێکدا خاچیان لەسەر کڵێسای گەورەی تلکێف دانا.
کریستیانەکان دەڵێن، بەدانانی خاچ لەسەر کڵێساکەیان شکۆیان بۆ گەڕاوەتەوە. داواش دەکەن هەرچی زووترە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی کریستیانەکان بکرێت.
داعش سەرجەم کڵێساکانی قەزای تلکێفی سووتاندووە. کڵێسای گەورەی شارۆچکەکەشی کردبووە سەربازگە بۆ ڕاهێنان و مەشقکردن بە چەکدارەکانی.
ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دوای ئەوەی کڵێسای گەورەی تلکێفی کردووەتە سەربازگە، ناوەکەشی گۆڕی بوو بۆ "ئەبو تەڵحەی ئەنساری".
بەپێی زانیاری شایەتحاڵەکان، خوولی ڕاهێنانەکانەکانی داعش لە کڵێسای گەورەی تلکێف لەنێوان ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژ بووە. منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ ڕاهێنانیان پێکراوە.

## (٢٨)
## داعش کڵێسایەکی حەمدانییەی کردووەتە کارگەی دروستکردنی بۆمب

قەزای حەمدانییە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی مەسیحین، دوای چەند ڕۆژێك گەمارۆدان لەلایەن هێزە عێراقییەکان کۆنترۆڵکرایەوە.
چەکدارانی داعش لە یەکێک لە کڵێساکانی حەمدانییەدا کارگەیەکی دروستکردنی بۆمبیان دامەزراندبوو، کارگەکە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی حەمدانییە لەلایەن هێزە عیراقییەکانەوە دۆزرایەوە.
مەسیحییەکانی حەمدانییە نیگەرانن لەوەی داعش کڵێسای بۆ مەرامی سەربازی بەکارهێناوە، جگە لەوەش کڵێساکە بەهۆی بۆردوومان و ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان وێرانبووە.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم

(١) ماڵپەری لڤین پرێس
(٢) سایتی خەندان
(٣) سایتی رادیو ناوخۆ
(٤) ماڵپەری وشە، رەمەزان هەرنی.
(٥) ماڵپەری پیۆکەی میدیا، ئارین کامەران
(٦) ماڵپەری لڤین پرێس
(٧) ماڵپەری پیۆکەی میدیا، ئارین کامەران
(٨) تۆری میدیای رووداو
(٩) ماڵپەری وشە، مەحمود ئیسماعیل
(١٠) سایتی خەندان، رەهێل سەمەد
(١١) ماڵپەری وشە، مەحمود ئیسماعیل
(١٢) تۆری میدیایی رووداو
(١٣) ماڵپەری باسنیوز، دیار عەزیز
(١٤) سایتی خەندان، سەعید محەمەد
(١٥) سایتی پیوکەی میدیا -رۆیتەرز
(١٦) سایتی باسنیوز
(١٧) سایتی پیوکەی میدیا - العربیه
(١٨) سایتی باسنیوز
(١٩) ماڵپەری لڤین پرێس
(٢٠) ماڵپەری لڤین پرێس
(٢١) تۆری میدیایی رووداو، گۆڤەند مستەفا
(٢٢) ماڵپەری وشە
(٢٣) سایتی PUKmedia، سامان یاروەیس
(٢٤) ماڵپەڕی K24
(٢٥) ماڵپەڕی نوچەنێت
(٢٦) ماڵپەری رادیۆی نەوا
(٢٧) تۆڕی میدیایی رووداو، پێشەوا بەهلەوی، داڕشتنەوە: حەکیم داود
(٢٨) تۆڕی میدیایی رووداو

# زمانی وێنەکان

هەموو موڵکوماڵی مەسیحییەکان بەناوی (بەیتولمال)ەوە دەستی بەسەرداگیراو لەسەر دیوارەکانی دەرەوەیان پیتی (ن) نوسرا، ئەمەش پیتی یەکەمی وشەی "نەسرانی"ە کە سەلەفییە توندڕەوەکان بۆ مەسیحییەکان بەکاردەهێنن.





"تەنها یەك هەفتە پاش ئەوەی ماڵمان چۆڵکرد، چەکدارانی داعش چوون بەرەنگی سوور لەسەر دیواری ماڵەکەمان پیتی (ن)یان نووسیو هەموو کەلوپەلی ماڵەکەشیان لەبازاڕی کەلوپەلە دەست بەسەرداگیراوەکان فرۆشت".



ژنێکی پیری تەنیا بوو کە هەر دەگریا "چونکە دوو کچەکەیان کوشتبوو، خۆی باسی کرد کە پەلاماری دوو کچەکەیان داوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریان، ئەوانیش بەرپەرچیان داونەتەوە و چەکدارەکانیش لەبەر چاوی دایکیاندا یەکی فیشەکێکیان بەسەریانەوە نابوو". گوتیشی "ژیانی ئێمە تازە تەواوبوو چارەنووسمان دیار نییە".



بە هاوەن لێیان داین و بۆردوومان کراین سێ کەسمان لێ کوژرا یەکێکیان کچێك بوو تازە مارە کرابوو دوو منداڵی تریش لاشەکانیان پارچە پارچە بوون



"چوار کچی جوانی گەنجیان لەگەڵ خۆیان برد و ئێستاش نازانرێ چیان بەسەر هاتووە، ئەمیرەکە دەستی بۆ کچە حەوت ساڵیەکەم برد و گوتی تۆ لە من حەڵاڵی دەتبەم".



"دوو ئافرەتی سەرتاپا داپۆشراو تەنانەت هەستم دەکرد یەکێکیان وەك سەرخۆش قسەی دەکرد، شێوەی زمانەکەی لە عەرەب نەدەچوو، ئەوانیش وەك پیاوەکان جلوبەرگی ڕەشیان لەبەر بوو، دەستیانکرد بە پشکنینمان و هەرچیمان پێبوو لێیان سەندین، تەنانەت لە ناو دایبی کچە یەك ساڵەکەمدا ١٠٠٠ دۆلارێکم شاردبووەوە دۆزیانەوە و ئەویشیان برد".



"چەکدارانی داعش دوای تاڵان کردن و دزینی ئاسەوارە کۆنەکانی کڵێساکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە عێراق و سوریا و فرۆشتنیان لە بازارە ڕەشەکاندا، لەو شوێنانە ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحییەکان دەدەن و بە زۆرەملی تۆبەیان پێدەکەن".




دایکی مەریانە گوتیشی:"هەموو ڕۆژ چەکدارەکانی داعش دەهاتنە قاوشەکانی ژنان و منداڵان و چەقۆ و چەکیان رادەکێشا و دەردەهێنا"، دەیانگوت:"ئەگەر نەبن بە موسڵمان هەمووتان سەردەبڕین".



"هەرچەندە ژنەکەی نائیل زۆر پاڕایەوە کە ئاڵتونەکانی لێنەسەنن، بەڵام تەنانەت ملوانکەو بازنەکانی دەستو ملیشیان پێ لێکردەوەو لێیان سەند".




"داعش ٢٥٠ منداڵی خوارەوەی تەمەن چوار ساڵی بە میکسێر (خەباتە) کوشتووە. سەرباری ئەمانەش خێزانێکی چوار کەسی مەسیحی لە دوای ئەشکەنجە و بەر لەوەی بیانکوژێت، ناچار کردووە، کە نکۆڵی لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بکەن. چەکدارانی داعش هەروەها دەستدرێژییان کردۆتە سەر هەشت ژنی مەسیحی و دواتر سەریان لە لەشیان جیاکردۆتەوە".



"ئەوەی نەکرابوو داعش کردییان، لێرە کە ماڵی خوایە هەرچی کاری خراپەکاری هەیە کردوویانە بێ گوێدانە پیرۆزییەکان، ئەم کڵێسایە کە لەلای سریانەکان عێراق و جیهانیش زۆر گرنگ بوو بەمشێوەیەیان لێکردووە کە دەیبینن، سووتاندوویانە."



"لەکاتی تەقاندنەوەی کڵێساکەش ٤ منداڵ بەهۆی نزیکییان لە تەقینەوەکە گیانیان لەدەستدا".



"ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دوای ئەوەی کڵێسای گەورەی تلکێفی کردووەتە سەربازگە، ناوەکەشی گۆڕی بوو بۆ "ئەبو تەڵحەی ئەنساری".



"داعش لەنوێترین تاوانیاندا، چوار منداڵی مەسیحی لە موسڵ سەردەبڕن، ئەویش لەبەرئەوەی ئامادە نەبوون ئایینەکەیان بگۆڕن بۆ ئیسلام".



"چەکدارانی داعش زۆربەی کڵێساکانیان سووتاندووون، هەروەها سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئاینیمان کراوە، تەنانەت پەرتووکە پیرۆزەکانیشمان سووتێندراون و لەسەر شەقام و بەردەرگای کەنیسەکان فڕێدراون.



"دەیان کڵێسا و پەرستگا و مەزاری مەسیحییەکان وێران کراون و بەشێکیشیان کراون بە بارەگای چەکداران".



"سەربرین بەلای داعشەوە شتێکی زۆر ئاسایی و نۆرمال بوو، پیشەی ڕۆژانەیان بوو".



"منداڵە مەسیحیەکانیش سەردەبران"



"لـە بـەردەم گـەنجێکی ریش درێژدا وەستاینو داوای لێکردین ببین بەموسـولْمانو بـۆ مـاوەی نیـو کـاتژمێر باسـی قورئـانو فـەرموودەکانی پێغەمبـەری کـرد، پـاش ئـەوە فەرمانیـدا ببرێینـەوە بـۆ خانەکـەو یـەکی قورئانێکیشیان داینێ".



"تـەواو پەشـۆکابووم، کـە رایـان گـرتین دایکـی ئەشـرەفـو کوڕەکـەیم بیـر کەوتـەوە کـە چۆن لـەکاتی هـەڵاتنیان داعش لـەو بازگەیـە گرتبـوونیو دوای دوو رۆژ تەرمەکـەیان لەپزیشـکی دادوەری دۆزرایـەوە". درێژە بەقسـەکانی دەداتو دەڵێت:"کـە لێیـان پرسین بۆ کـوێ دەچـن، وتمـان ئەچینە گوندەکەی خۆمان لەناوچەی حەزر".




"ئەمە دیمەنی چرکە ساتی تەقاندنەوەی کلێسایەکە"



"سەرباری تێکدانی زۆرێك لەشوێنەکانی ناو کلێساکە ئاگریشی لەزۆر شوێن بەرداوەو شوێنەواری دووکەڵی ڕەش بەدیوارەکانەوە روونن"



"لەپاڵ کڵێساکەش ئەو گۆڕستانەی تەواو وێران کردووە بەتایبەت کێلەکانی شکاندووەو شوێنەواری فیشەك بەگۆڕەکانەوەیە، هەروەها چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە"داعش" لەم گۆڕستانە بنکەیەکی هەڵدانی مووشەکییان داناو"..




"داعش مرۆڤ و ئاژەڵ و دارودرەخت و هەموو شتییان کوشتووە و لە ناوبردووە، تەنانەت مردووەکانیش لەدەستی ئەوان سەلامەت نەبوون و گۆڕەکانییان هەڵداوەتەوە و دەستکاریی گۆڕەکانییان کردووە".



"ژنێکی تەمەن ٨٠ساڵی مەسیحی لەلایەن دادگای شەرعی داعش لەناو شاری موسڵ سزای سوتاندنی بۆ دەرچووبوو، دواتر لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە سوتێنراوە".



"هێشتا ترس لە سەر روخساریان نەڕەویوەتەوە، هەرچەندە ئەوان لە شوێنێکی پارێزراون کە سەدان کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش دوورە، ئەوان زوو زوو دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و پەنجەکانی دەستی ڕاستیان گرمۆڵە دەکرد و لە سینگ و نێوچەوانیان دەکوتا، ئەمەش وەك سوپاسگوزارییەك بۆ خودا و عیسا و مریەم".



"زیاتر لە ٥٠ ئافرەتی تێدا بوو، هەموو سەرە کاتژمێرێک یەکێکیان دەبرد و نازانم بۆ کوێیان دەبرد، ڕۆژی دواتر من و منداڵەکانیان بەردا و گوتیان ئێوە بڕۆن، چونکە نەسرانین".



"ڕوخاندن و وێرانکردنی کلێساو پیرۆزیەکانی"



به گریانەوه وتی: "هەموو شتیکیان له ناوبرد هەموو شتێ"



"بۆ به شارێکی وێرانه"



"داعش خاچەکانیان لیکردەوە و کلێسایەکانیان وێرانکرد، پێشمەرگەکان خاچەکان دووبارە دەبەستنەوە کلیسایەکان ئاوەدان دەکەنەوە"



"دوای رزگارکردنی شوێنەکان هەرزو کلێسایەکان زەنگی یان تێدا لێدرایەوە و نزایان تیدا کرا"





**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**

**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان و مروڤ دوستان و توێژەران ...
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.

•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربوانی پڕۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٨٢/٧/٢٤**

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** **ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.**

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** **گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.**

**٤- بڕوانامە: بەکالۆریۆس**

**٥- دەرچووی:** **کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).**

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**

- **بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**
- **سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)**
- **نووسەر**
- **توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).**

**٧- باری خێزانداری:** **خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەڵ خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.**

**٨- موبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

**٩- بواری داهێنان و پسپۆری و کاره خۆبەخشییەکان:**

- **شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.**
- **خاوەن ( ٤٢ ) چل و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بلاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.**
- **دوو کتێبم لەم چل و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن (لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان)دەخوێندرێت.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٥٥٠٠) پێنج هەزار و پێنج سەد بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین ولاَتی تر نووسراون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٢٨٠٠٠) بیست و هەشت هەزار وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.**
- **خاوەنی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەکان.**

- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە دادگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحالەکانمان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی (دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قۆناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و

مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولأنەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ۲۰۱۱ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

- لە ساڵی ۲۰۱۷ موزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پروژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**۱۱-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ۲۰۰۷

**تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).**

- **هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و ڕێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین ڕێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.**

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.

لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.

لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

**کتێبی دووەم**

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.

لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد روونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخود نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.

هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

**کتێبی سێیەم**

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...

لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:

بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کوشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، ویرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەرە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەرۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوی ئەم کتێبەدا...

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵلا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لیهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەدارێکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگۆیەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی - ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢

توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەرە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ

ناوەرۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.

بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...

خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمینتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسمنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرێنەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.

جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.

ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

**کتێبی شەشەم**

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.

جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەرە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەرەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەرێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی ولاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا رەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و ولات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە رۆژێك لە رۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند سالی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی رێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەرانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و راسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەرە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەرە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەرە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆرای مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە

خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فروشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێرانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.

رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.

شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئیزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەلاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.

داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێرانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦

توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ

ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێیکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەلآم بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی

هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧

توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.

ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.

دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.

ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاولاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پیشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆەزخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.

کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کوڕ لە باوك و کوڕ لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.

ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خۆێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨

توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

لە ( ١٩٤) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٤١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکۆژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و داروودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کڵێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٨٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤١٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری روویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و ١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.

بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٨٣) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤١٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٩٥) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢١) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و درندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکرای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.
لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش

کرستیانییوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەورووپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکانی داعش، ئێستاش بەرێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەونە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی.

## کتێبی حەڤدەم

١٧- ئاڵای کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
جێژنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە زار و نووسینەکانی فیداکارانی ئەوسای کۆماری کوردستان لە مهابادەوە زۆر باو بووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانیان بە جەژنێکی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئێمەش بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئاڵای حکومەتی میللی کوردستان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئاڵا و جەژنی سەربەخۆیی و چەند مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوەی تر بخەینە ڕوو لە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا. لە سەرەتادا چەند مەراسیمێك دەخەینە ڕوو کە بە ئاهەنگ و جەژنی نەتەوەیی بەڕێکراون، ئەم جێژنانە لە گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە تر بڵاوکراونەتەوە ئێمەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لێ بینیووە و بڵاومانکردوونەتەوە. لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە چەند نموونەیەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگرین و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و قارەمانیەتی پڕ سەروەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

## کتێبی هەژدەم

١٨- فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٣٣٠) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.

بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

**کتێبی نۆزدەم**

١٩- قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين، وثيقة قانونية.
چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە، مێژووییە.
لە ( ٣٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە تایبەتە بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە کەیسی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان. بە زمانی عربی نووسراوە.

**کتێبی بیستەم**

٢٠- جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی ئاماری و دیکۆمێنتاری
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٣١٣) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
لەم کتێبەدا ئامارەی زۆربەی هەرە زۆری ڕفێندراوان و بێسەروشوێنکراوان و ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و وەك دیل و سەبایە و ئاوەرەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتی ئێزیدیەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە تایبەتی دوای هاتنی تیرورستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و دەوروبەری. چەندین چیروکی پرلەتراژیدیاو ئەو فەرمان و جینۆسایدانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون...

**کتێبی بیست و یەك**

٢١- لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢٢٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٦) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
چاوی هەموو جیهان لە کوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەورووی و بەری و ئێزیدییەکان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەکگرتووەکان و پاپای ڤاتیکان و دەولەتە زلهێزەکان و تەواوی ڕاگەیاندنەکانی جیهان چاویان لە هاوڵاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، ڕاپورت و بەیاننامەو وتاری ڕۆژنامەوانی و مانشێتی ڕۆژنامە و گوڤارەکان پڕاو پڕ بوون لە باس و تاوان و دڕندەیی داعش بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرورستانی داعش شەڕی دەکرد. بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بڵاودەکرێنەوە، لە دوو توی ئەم کتێبیدا وەك خویان بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو

سوودی لێ ببینرێ... بابەتەکان و ڕووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەورۆزی ٢٠١٥ دەکەن.

**کتێبی بیست و دوو**

٢٢- گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە (١٢١) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو ...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەڵك و خوداوە خرانە بەر دەستڕێژی گوڵلە، بەڵام دەرفەتیکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هندێك لە گوشتی لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوڵلە بارانکران.
ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دێکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاوڵاتیە کوردانە ئەنجامدرایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەڵگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەڵام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئیزیدییەکانن.
گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی ڕابگرێت.
ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پاڵەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەڵام نابێت بمرێت تاوەکو کۆتایی فیلمەکە.

**کتێبی بیست و سێ**

٢٣- چیرۆکە نەبیستراوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە (٢٣٠) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەها و ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو ناموسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە کوردە ئێزیدییانە بگرین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و ئێستا گەڕاونەتەوە.
ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بڵێین: داعش گردبوونەوەی ئەو هوڤییە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن. دواجار تا هیچ گومانمان نەمێنێت کە یەك لە بنەماکانی درووستبونی داعش، دژایەتیی کورد و کوردستانە، تا بزانین داعشییەکان چۆن سەیری کورد و هەموو شتێکی کوردی دەکەن، دەبێت گوێ لە چیرۆکە نەبیستراوەکانی رزگاربووانی ژێر دەستی داعش بگرین.

تیرۆریستانی داعش بە شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵە لە گەڵ ئافرەتان دەکەن، وەك؛(رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنان و دەستدرێژی سیکسی و دەسبازی و ... هتد) ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە، ئیسلام و گشت ئاینەکانی تریش ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت.
لە یەکێک لە نوسراوە فەرمییەکانی داعشدا بەم شێوەیە نرخی بۆ ئافرەت دانراوە و بە دەستکەوتی شەڕ لە قەڵەم دراون، دەڵێت:"پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە ئافرەت و دەستکەوتەکانی شەڕ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان، بۆیە دەستەی بەیتولمال بە باشی زانی کە ڕێکاری و نرخی فرۆشتنی ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو ڕێنمایی و ڕێکاریانە بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار لە سێدارە دەدرێت".
داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گۆڤارێکی ئەلکترۆنی داعشە، پاساو بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوە و لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و ڕێ و شوێنەکانی ڕەوایەتی دان بە هەڵسان بە فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە.
لەم کتێبەدا چیرۆکی ئەو ژن و کچە ئێزیدیانە لە زاری خویانەوە تۆمارکراون، کە رفێندراون و دواتر کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و دەستدرێژیان کراوەتەوە سەر.

## کتێبی بیست و چوار

٢٤- چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢١٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

گێڕانەوەو دیکۆمێنتکردنی چیرۆکی منداڵان و ئافرەتانی ڕفێندراو و دیلی دەستی تیرۆریستانی داعش، هەر بەتەنیا بۆ ئەوە نییە، داعش و داعشییەکانی لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە پێ تاوانبار بکەین، بۆ ئەوەش نییە، ئاگاداری تراجیدیایەکی ئینسانی پڕ تاوان و ئێش و ئازار بین، لە پاڵ گرینگیی ئەم ئامانجانەشدا، ئاگاداربوون لە وردەکاریی چیرۆکی ئەم قوربانییانە، بۆ هەر مرۆڤێکی کورد و کوردستانی، بە تایبەتی نەوەکانی داهاتوومان زۆر پێویستە. تا هەمووان داعش وەک خۆی بناسن. تا نەوەکانی کورد و کوردستان بزانن، ئەوانەی داعشن، یان هاوکاری داعشن، یان هەڵگری فیکری داعشن، زەڕەیەک ئینسانییەت و ئەخلاقییان تێدا نییە. ( پەنجا ) چیرۆکی پڕ لە تراژیدیا لە لاپەرەکانی داهاتوودا دەخوێنەوە.

لەم کتێبەدا زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ڕزگاربووانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.
دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێچەوانەی ئاین و هەموو پێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات و بە زەبری هێز و ترس و تۆقاندن و دستدرێژی کردنە سەر ناموس کەرامەتی ئەم رفێندراوانەو کڕین و فرۆشتنیان لە بازاری تایبەتدا، بۆیە پێویستە دەستەواژەی (جینۆساید و تاوانی دەستدرێژی سێکسی) بۆ ئەم کردارە بەکاربهێنرێت.

## کتێبی بیست و پێنج

٢٥- فرمێسکەکانی شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢٢٨) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی ئاوارەکانی شنگال و دەوروبەری دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش و ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەسەریان هاتووە تۆمار کراون. سەدان فرمێسك و ژان و قوربانیدان لەدوای٣/٨/ ٢٠١٤ وەو لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لەم کتێبەدا تۆمارکراون.

## کتێبی بیست و شەش

٢٦- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە هەشت پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتاریی و مێژوویی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٥٥) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
بەهاوبەشی لەگەڵ ( ڕێزان سالح بارزانی) ئەم کتێبە ئامادەکراوە.
لەم توێژینەوەیەدا باس لە خەبات و بوێری و ئازایەتی و قارەمانیەتی و خۆڕاگری ئەو پێشمەرگانەکراوە کە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان و دەستکەوت و سەروەری و شەرەف و کەرامەت و پیرۆزیەکانی کورد و کورستان شەهیدبوونیان هەڵبژارد، ئەوان گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆرستان و پاراستنی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان.
هەشت شەهیدی شارەدێیەکی ئەم نیشتمانەم بە نموونە وەرگیراون، پێنج کەسیان ئامۆزای یەکترین و لە یەك چرکەساتدا هەر پێنجیان شەهیدکراون، لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا، هەشت قارەمانیان بەخشی... ئەویش شارەدێێ سرێشمەیە.

## کتێبی بیست و حەوت

٢٧- ژانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە ( ١٣٢٨) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣١) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی ئەدەبیە و تایبەتە بە شیعر و قصیدەی نەتەوەیی
لەم کتێبەدا هەڵبەستی شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی تۆمار کراون.

## کتێبی بیست و هەشت

٢٨- یادگاریەکانی شەهید شیفا گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە ( ٢٢٦) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

یاداشت و یادگاری و سەرگوزشتە
بەهاوبەشی لەگەڵ ( ڕێزان سالح بارزانی) ئەم کتێبە ئامادەکراوە.
لەم کتێبەدا زیاتر گرنگی بە یادگاری و دەستنوس و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانی شەهید شیفا دراوە لەسەردەمی منداڵیەوە تا قۆناغەکانی خوێندن و زانکو... دواتر بوون بە کچە ڕاگەیاندنکارێکی سەرکەوتوو. زۆربەی نووسین و بابەتەکانی ئەم پەرتووکە لە زاری شەهید خویەوە تۆمار کراون.


**کتێبی بیست و نو**


٢٩- داعش و شەڕی شوێنەوارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە (١٩٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمینتارییە
لەم کتێبەدا باس لەم وێرانکاریانەکراوە کە بەسەر شوێنەوارە مێژووییەکان و شوێنە پیرۆزەکاندا هاتووە، لە لایەن داعشەوە هەروەها لەناوبردنی کەل و پەلە گرانبەهایەکان و ئاسەوارەکان و شوێنە دێرینەکان و سەدان تاوانی تر دەرحەق بە ئاسەوار و شارستانیەت.


**کتێبی سییەم**

٣٠- تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە (٤١١) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمینتارییە
لەم کتێبەدا ئەو تاوان و دڕندەیی و کارو کردەوانەی داعش تۆمارکراون کە بە رامبەر بە خەڵك و خاك و مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجامیانداون.
ئەو چەکدارە داعشانەی دەستگیرکراون لە زاری خۆیانەوە باس لە تاوان و کردەوە قیزەونەکانیان دەکەن. ئەو چاوپێکەوتن و بابەتە ڕۆژنامەوانەیانەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، ئێمەش سودمان لێیان بینووە، وەك دیکۆمێنتێك لەم کتێبەدا ئەرشیفکراون.
هەروەها هەموو ئەو بابەت و بڵاوکراوە و بەیاننامە و وێنە و ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی داعش لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیان بڵاویان کردوونەتەوە، لە پێگە ئەلیکترونیەکان و سۆشیال میدیا و ئەوانی تر...


ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند نووسین و توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.


4
ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی – تیۆری پراکتیکیی
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
٢٠٠٩
خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بەدەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک گورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە، تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya
(quds-quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê
rêveberayetîya karubarê şehîdan û
enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta
veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê
li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
Çapa yêkê 2010
باروقی لە ناوبردنی بارزانیەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا
چاپی یەکەم
2010


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê



لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار ئەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر - ٢٠١١


جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتارییە
ڕێبوار رەمەزان عەبدوڵلا
2012


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخود قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێك و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بلێن ئێمە خەلکی ئەم ولاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی!
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆلەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردوونەوە یاخود نەمانزانیووە
یاخود نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -



شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و دیموگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم


Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (Quds-Quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê rêveberayetîya karubarên şehîdan û enfalkiryêt barzan
2



REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013



ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم



جینۆسایدی باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانیەکان
2016
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
چاپی یەکەم 2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تراژیدیای چیای شنگال
2018
چاپی یەکەم



له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئاڵای
کۆماری
کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ئەلبومێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان
ئەوانەی لەکوردستاندا رویان داوە
هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشانی کورد
لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان
دەخاتە روو. بەخوێنی ڕەنگەکان فرمێسک و
ئازارەکانیان نەخشاندووە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک
و
ئازاری
ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزانى
قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
2018
ريبوار رمضان بارزانى
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزانى
2018
19
التاسع عشر



جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا
چاپی یەکەم
2018
20
کتێبی بیستەم



لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
21



گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
22


چیرۆکە نەبیستراوەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چیرۆکە نەبیستراوەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
23
کتێبی بیست و سێ



چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
24
کتێبی بیست و چوار



فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
25


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی
2018
26


Baath's Members are not Allowed to Enter
ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ژانی کوردستان
2018
چاپی یەکەم
27
کتێبی بیست و حەوت


یادگارییەکانی شەهید شیفا گەردی
ڕێزان سالح بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
یادگارییەکانی
شەهید شیفا گەردی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی
28


داعش و شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
داعش و
شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
29


18+
18+
تاوان و درندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە
تاوان و درندەیی داعش
لە زاری خۆیانەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تاوان و درندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
30